# گەندەڵستان

ئاوارە کەریم



ئاوارە کەریم

# گەندەڵستان

هە ولێر

٢٠١٩

Razasha700@gmail.com

## پێڕست

٦ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ پێناسی گەندەڵی
١٢ ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــدەر ئەنجام
١٧ ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــپەتای گەندەڵی
٢١ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــکەسی نەشیاو لە جێی کەسی شی
٣٢ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــگەندەڵی و کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووری
٤٨ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــقۆرخکردنی دەستەلات گەورەترین گەندەڵی
٥٤ ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــگەندەڵی و بازرگانی کەرتی تەندروستی
٥٧ ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــگەندەڵیەکانی کەرتی تەندروستی سلێمانی
٧٢ ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــگەندەڵیەکانی وەزارەتی شارەوانی
٨٠ ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــگەندەڵیەکانی بەرێوەبەرایەتیەکانی دەرەوە
١٠٢ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــسەندیکایبەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی
١٠٤ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــگەندەڵیەکانی کایەی ڕۆژنامە گەری
١٠٦ ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــگەندەڵیەکانی خوێندنی باڵا
ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ١١١ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان
١١٣ ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــبەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری سلێمانی
١١٧ ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــگەندەلیەکانی تیپی هونەری میللی
١٢٣ ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــموچەی شەهیدانەی تەحسین شاوەیس
١٢٥ ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــگەندەڵی بێ دەنگ و سیستمات

**پێشەکی**

گەندەڵی وەک پەتایەک بەربوەتە جەستەی میلەت ولات و خاکو ئاو ئاسمانی بەهەدەردەدات .گەندەڵی ئەودەستە ژەنگاویەی تابینە قاقای هەرتاکێک رۆشتوە و بەرپرسەکان و مەسئولەکان شێوازێکی نوێی حکومرانیان داهێناوە کە لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا مۆدیلێک و شێوازێکی وا نادۆزیتەوە . کە ئەویش خۆی بنیات ناوە لەسەر گەندەڵی و خرکردنەوەیو سامان و دزین و تالان کردنی سامانی گشی لەپێناو بەرژەوەندی کەسی تایبەتی دا و هەر بۆ نەرژەوەندی کەسیش خەرج دەکرێت . ئەم گەندەڵیە ی لەم هەرێمەی ئێمەدا هەیە بەتەنها هەر بریتی نیە لە تالان کردنی خێرو بێری وڵات بەڵکو بریتیە لە و پەتا کوشندەیەی کە هەمو سێکتەرەکانی گرتۆتەوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە و هیچ لایەنێک لێی دەر نەچوە تەنانەت کەرتێکی هەستیاری وەکو کەرتی تەندروستیشی گرتوتەوە خوێنەر بە خوێنەوەی ئەم پەرتووکە بۆ خۆی ئاشنا دەبێت هەرچەندە ئەمەی من نوسیومە مشتێکە لە خەروارێک.

**پێناسەی گەندەڵی**

کۆمەڵێك پێناسەی جۆراجۆر بۆ گەندەڵی کراوە، بۆیە دەتوانین بڵێین؛ سەرجەمیان لە یەك خاڵدا کۆدەبنەوە کە ئەویش دەرچوونە لە یاسا ئەخلاقییەکان و راستگۆی .

گەندەڵی بریتییە؛ دەرچوونە لە یاسا ئەخلاقییە راستەکان و ئەو رێوشوێنانەی کە هەڵسوکەوتەکان رێکدەخەن، سەرپێچیکردنی مەرجەکانی کارکردن، پاشان ئەنجامدان و کردنی هەموو ئەوانە کە لەگەڵ ئەمەو ئەوەدا ناگونجێن. بەڵام (ڤایتۆتانزی) بۆچۆنێکی تری هەیە، دەڵێت (گەندەڵی بە ئەنقەست گوێنەدانە بە بنەمای پەیرەوکاری، بەومەبەستەی ئەو کەسە خۆی یان ئەو کەسانەی پەیوەندییان پێوەی هەیە سوودمەندبن لەو رەفتارە) بەڵام رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی بەم جۆرە پێناسەی گەندەڵی دەکات (گەندەڵی بریتییە؛ لە ئەنجامدانی هەرکارێك بۆ بەجێگەیاندنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆ،ی یان کەسانێك لە رێگەی خراپ بەکارهێنانی لە پۆستێکی گشتی) لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت؛ گەندەڵی بەشێوەیەکی گشتی زیان گەیاندنە بە بەرژەوەندییەکانی گشت و بەفیرۆدانی سامانی نەتەوەیی و، نەزانینی مامەڵکردن لەگەڵ پۆستی کارگێری وئیداری دەوڵەت.

**"مێژووی گەندەڵی"**

سەرەتای گەندەڵبوونی بنچینەکانی حکومەت دەگەڕێنەوە بۆ مێژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتی، لەسەردەمی پاشاکانەوە دەست پێ دەکات تاوەکو ئەمرۆ، ئەگەر پاشاکان ویستن و ئارەزووی خۆیان لەسەر کارێك یان شتێك نەبوایە، ئەوا بەبێ گوێدانە پەیرەو ویاساو رێنماییەکان دەسەڵات بریاری لابردنیان دەدا، ئەمەش وایکردووە دەسەڵاتی تاکە کەسی لە جێبەجێکردنی حکومەتی ستەمکاردا بێتە هۆی دروستبوونی دیاردەی گەندەڵی، وە بچێتە نێو رۆحی کایە هەرە گرنگەکانی دەوڵەت لەسەر بریار یان راسپاردەی کەسی یەکەم، زۆرجار کەسی یەکەم بۆ ئەنجومەنە تایبەتییەکانی خۆی

دژ بەداب و نەریت و یاساکانی دەوڵەت وەستاوە پێشێلی پەیرەوی کردووە، لەم قۆناغەدا سەرەتایەکی نوێی گەندەڵی دروست دەبێت، هەروەك چۆن نوسەرێکی چینی رای خۆی دەڵێت لەسەر گەندەڵی وڵاتەکەی دەڵێت (هۆکاری لەناوچوونی بنەماڵەی (تسین) و (سونی) ئەوە بوو پاشاکان لەجیاتی ئەوەی لێپێچینەوەیەکی هەمەلایەنە و چاودێریەکی گشتی بەسەرکاروبارەکان وڵاتدا بکەن، ویستیان راستەوخۆ، خۆیان لە کاروبارەکان هەڵقورتێنین) ئەو نووسەرە چینی-یە هەموو هۆکارەکانی گەندەڵی حکومەت لەم پرەنسیپە لیك دەداتەوە.

## "ئامرازەکانی گەندەڵی"

دیاردەی "گەندەڵی" خۆی لەچەند رەفتارێك دەبینێتەوە و ئەوکەسانەی ئەنجامی دەدەن کە لێپرسراوێتی گشتیان لە ئەستۆدایە و سەرەرای ئەوەی لەیەکچون هەیە لە نێوان ئەو دیاردانەدا، بەڵام دەتوانرێت لەمانەی خوارەوە کورت بکرێتەوە؛

1- بەرتیل (briber) واتە؛ وەرگرتنی پارە، یان بە دەستهێنانی هەر سوودمەندییەك لەرێگەی جێبەجێکردنی کارێك یان نەکردنی ئەو کارە بەسەر پێچیکردنی یاسا.

2- (مەحسوبیەت (لایەنگیری) (nepotism) یان، کارکردن لە بەرژەوەندی تاك، لایەنێك کە ئەو کەسە دڵسۆزی بۆی هەیە وەك حزب یان بنەماڵە یان ناوچەیەك بێ ئەوەی موستەحەق بن ....هتد.

3- خاترگرتن واتە؛ خزمەتکردنی لایەنێك زیاتر لە لایەنێکی تر، بە نارەوا بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی دیارکراو.

4- (هۆ(واستە) (mediation) یان، واتە؛ تەدەخول کردن بۆ بەرژەوەندی کەسێك، کۆمەڵێك کەس بەبێ رەچاوکردنی پرنیسیپەکانی کارکردن، یان توانستی پێویست لەو کەسە وەك دانانی کەسێك لە پۆستێکی گشتی بەهۆی بوونی پەیوەندی خزمایەتی یان ئینتیمای حزبی، سەرەرای نەبوونی توانستیی پێویست لەو کەسەداو بەنارەوایەتی.

5- بردنی مۆڵکی گشتی، واتە؛ بەدەستهێنانی مۆڵکی گشتی و تەسەروف پێکردنی لەژێر ناوی جۆراوجۆردا.

6- ئیبتیزاز، واتە؛ بەدەستهێنانی قازانجێك لەهاوولاتیان لەبەرامبەر جێبەجێکردنی کارێك کە پەیوەندی بەپیشەی ئەوکەسەو هەیە کە گەندەڵیەکە دەکات.

**"جۆرو هۆکارەکانی گەندەڵی"**

1- گەندەڵی ئیداری
2- گەندەڵی سیاسی
3- گەندەڵی دارایی
4- گەندەڵی هزری
5- گەندەڵی پەروەردەی
6- گەندەڵی کۆمەڵایەتی
7- گەندەڵی یاسایی
8- گەندەڵی هەڵبژاردن

لێرە دەتوانین بە کورتی باسی چوار لەو جۆرانە بکەین کە زۆر کاریگەرییان لەسەرتاك و کۆمەڵگا هەیە، بوونەتە فاکتەری سەرەکی بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی، ئەوانیش چەند هۆکارێکی بنەڕەتی‌یە کە هۆکارەکان ئەمانەن:-

## 1-هۆکارە سیاسیەکان؛

باڵا دەستی حزبی سیاسی و دەست تێوەردانی دەسەڵاتی سیاسی وحزبی لەکاروباری حکومەتدا، نەبوونی کەش وهەوای ئازاد و رادەربرین، هەروەها گەندەڵی دامەزراوە گشتییەکان یەکدەخات و رێکخراوە دیموکراتی و جەماوەرییەکان یەك دەخات، هێزی فشاری کە لەلایەن دەستەو تاقم ولاوانەوە هەیە کپ دەکات، نارەزایی سەرشەقام لاوازدەکات.

## 2- هۆکارە ئابوورییەکان؛

لاوازی و کەمی مووچەی رۆژانەی کارمەند و فەرمانبەران و، گرانی باری بژێوی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بە پەلەی قازانج و، دەوڵەمەندی سەڕەرای کۆنترۆڵنەکردنی بازار و نا-لەباری ونا-دروستی شێوازی ئامرازەکانی وەرگرتنی باج و رێکوپێك نەبوونی گومرگەکان و، بەناو پێچلا لا بەڵێندەرەکان وسەرپێچی لەگرێ بەستەکان، قۆناغی گواستنەوە لە ئابووری دەوڵەتییەوە بۆ ئابووری بازاری ئازاد، بەناوی دروستکردنی کەرتی تایبەت یان ئازادکردنی ئابووری بەبێ ئاسانکاری یاسایی وچاودێری کاریگەری قۆناغێکی تری هانتە ئارای گەندەڵی سیاسیە لەرووی ئابووری و کارگێرییەوە چەندین دید و بۆچونی جیاواز هەن و، روونکردنەوەی و، لێکۆلینەوەی وورد لەبارەیەوە کراوە بۆیە دەتوانین بڵێن؛ ئەو نمونەی بخەیەنەروو کە دەڵێت (حکومەت دەتوانێت قازانجێکی بەردەوام بۆتاك و کۆمپانیا گەورەکان فەراهەم بکات لەرێگەی بەکارهێنانی پێوەری یاسایی نەوەك ناچاریان بکات پارەبدەن، ئینجا کاریان بۆ بکات.

**هۆكارە یاسایەكان؛ -3**

لەبەرزۆری و بۆری یاسا و جێبەجێكردنی برگە و مادەكانی یاساكان و گوێنەدانە یاسا و دەرچوون لەرێنماییەكانی یاسا، گەلێك هۆكار دروست دەبێت كە ناتوانرێت بەئاسانی كۆنترۆڵ بكرێت، بەم شێوەیەش لاوازی و بێ رێزی دادگاكان بڵاودەبنەوە و، دەرچوونە خراپەكانی تاك پەرە دەسێنێ كە مەحاڵە بتوانین بەئاسانی كۆنترۆڵی بكەین. بۆیە هۆكاری یاسایی؛ گرنگترین هۆكارە بۆ كۆنترۆڵكردنی دیاردە نا-باوەكان و تەشەنە نە-كردنی گەندەڵی و رێگرتن لێی، كە دەبێتە مایەی پێشخستنی كۆمەڵگا.

**هۆكارە كۆمەڵایەتیەكان؛ -4**

لاوازی هەستی نیشتمانی ونەتەوەیی و گیانی بەرپرسارێتی پەیرەوكردنی لەپەیوەندییە كەسایەتی وخزمایەتیەكان و میراتی كولتووری كۆن و دواكەوتوو، گەشە نە-كردنی ئاستی رۆشنبیری وهۆشیاری، بەڵام رێكخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی پێی وایە؛ گەندەڵی دەبێتە هۆی تێكچونی بەها ئەخلاقییەكان وشكستی و كەم گرنگیدان بەبابەت گرنگەكانی ناو كۆمەڵ لەلایەن تاكەكانەوە.

"ئەو هۆكارانە چین وا لە كەسێك دەكات گەندەڵی ئەنجامبدات؟"

چەند هۆكارێك هەن وا لەتاك یان كۆمەڵێك دەكەن گەندەڵی ئەنجامبدەن و بەپێچەوانەی یاساوە كاربكەن، لەوهۆكارانەش ئەم سیفەتانەی خوارەوەی تێدایە؛

**سیفەتی كەسی؛**

زۆرجار تاك بەرامبەر پێویستی و ئەوشتانەی پێشكەشی دەكرێت كەسێكی لاوازە؛ واتە فەرمانبەر یان كارمەندێك لەیەكێك لە پێگە ئیدارییەكاندا كاردەكات، بەهۆی

نەبوونی بەرامبەرەکەی سەرنجی رادەکێشێت بۆ میقدارێك پارە یان ئیمتیازاتی مەعنەوی کە کارێك بکات پێچەوانەی یاساوە بێت.

سەرکێشیەکانی تاك؛ وەك کردنی کارێك بەپارە، یان چاوچنۆکی، کە وا لەو کەسەدەکات بەشوێن زیاتردا بگەرێت، بێ سەیرکردنی دەرئەنجامەکەی، واتە هەوڵدان بۆ زیاتر دەستکەوتی ماددی کە نازانرێت زیانی ئایندەی چۆنە؟

پێویستی؛ هەندێك جار پێویستی وا لەمرۆڤ دەکات هەڵە بکات بە ئامانجی بەدەستهێنانی پێداویستییە سەرەکیەکانی، وەك ژیان وخواردن، بۆیە دەتوانین بڵێن؛ هۆکارەکان گەلێك زۆرن، لێك دانەوە و دید و بۆچوونەکانیان زۆرترین پۆلێن کرابێت. بەڵام دەتوانین بڵێن؛ دەسەڵاتی بەربڵاوی دەوڵەت کە دەرفەتی بەرچاو بۆ هاتنە ئارای گەندەڵی ئیداری و ئابووری پێك دێنێت و، لێپرسینەوەی لاواز کە لە خەرجی کەم دەکاتەوە پاڵنەرە لاوەکییەکانی کاربەدەستانی کەرتی دەوڵەت دەبێتە هۆی ئەوەی بەرژەوەندی کەسێتی و تایبەتمەندی خزمەتگوازییەکان جێگای خزمەتگوزاری گشتی بگرێتەوە، بۆ نمونە ئەگەر فەرمانبەرێك سوودی زێرینی لە واژوو وەرگرتن بۆ بەرژەوەندی کەسێتی ئەوا فەرمانبەرەکە دەچێتە نێو قەفەسی گەندەڵی بەبێ ئەوەی هەست بەدەرکەوتەکانی ئەو دیاردەیە بکات.

## دەرئەنجام

لەم رووەوە بۆمان دەردەکەوێت؛ گەندەڵی کۆمەڵێك شوێنەواری خراپ بەسەر کۆمەڵگادا جێ دەهێڵێت و دەبێتە مایەی تێکچوونی یاساو رێساکان و رێزنەگرتنی دەوڵەت. بۆمان دەرکەوت ئاسان فەرمانبەرێك بتوانێت یاری بە موڵکی گشتی بکات و تووشی زیانەکانی گەندەڵی بێت، هەروەها خراپ بەکارهێنانی موڵکی گشتی لەبەرژەوەندی تایبەتدا دەبێتە هۆکاری دروستبوونی دیاردەی گەندەڵی، ئێمە گەیشتین بەو ئەنجامەی کە گەندەڵی دەتوانێت شیرازەی دەوڵەتێك تێکبدات و یاساکانی لاوازبکات، هەندێ جار کاربەدەستان یان فەرمانبەرێك دەتوانێت ئەم کارەبکات، بۆیە باشترین رێگە چارە بۆ دژە گەندەڵی پشت بەستنە بە بابەت ولێکولێنەوەی کەسانی شارەزا و رێزگرتن لە کەسانی خاوەن بەهرە، داهێنان بۆ ئەوەی کۆچ نەکەن بۆ دەرەوەی وڵات، لەلایەکی تریشەوە گەندەڵی دەبێتەهۆی خراپ گوزەرانی هەژاران و نارەحەتی ژیان و دابینکردنی بژێوی ژیانیان.

لەئەمرِدا ئەگەرتێرامێنین دەبیین ئەو گەندەڵییە ئیداری و سیاسی، دادوەری، ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە هۆکارەکەی نەبوونی سیستم و رێکخستن و نەزم و دسیپلین و سەروەرایەتیی یاسایە لەهەرێمی کوردستان کە لە رێگای حیزبەکانەوە دەستی ناوەتە بینی کۆمەڵگای کوردستانی باشوور، لە راستیدا ویستی کۆمەڵێ لە رێبەرانی بەهێز و دەسەلاتی سەردەمی خەباتی شاخی حیزبەکانە کە هەتا ئێستاش کۆمەڵگا و نەتەوەی کورد لە باشوور و لە پارچەکانی دیکەش بە قەرزار و منەتباری خۆیان ئەزانن و پێیانوایە ئەوان لە ئاسمانەوە دابەزێنراون بۆ ئاغایەتی و سەروەرایەتی بە سەر کۆمەڵگای کوردستانەوە و چاوەڕوانیشن خەڵک بێدەنگ و ملکەچیان بێ لەزۆنی سەوز بنەماڵەی تاڵەبانی پیاو سالارە و لەزۆنی زەرد بنەماڵەی بارزانی پیاوسالارە.

ئەمە لە راستیدا ئەوان ئەیانتوانی ببنە خۆشەویست و پاڵەوانی (ماندێلا و گاندی)ئاسا بۆ کوردستانی باشوور و پارچەکانی دیکەش. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوان خەڵکی کوردستانیان لە دەستی بەعس رزگار کرد، دامەزراوەکانی بەعسیان لە کوردستان هەڵپێچا، بەڵام هیچ ئالتێرناتیڤێکیان بۆ نەبوو. هەر بۆیە هەرەمی دەسەڵاتی رێبەرسالاری، بنەماڵە سالاری، خێڵ سالاری، عەشیرە سالاری جێگای دامەزراوە چەوسێنەرەکانی بەعسی لە کوردستانی باشوور گرتەوە و ئەمانەش هەر کامەیان لە کەمپەینی حیزبێکدا خۆیان رێکخست و رکابەرێیەکی ناساغی حیزبیانەیان بەو پێکهاتەو تایبەتمەندیانەوە دەست پێکرد کە لە ئەنجامدا بێزراوترین جاش و سەرکردە جاشەکان، خۆیان لەو رکابەرێیە نەخۆش و پێکهاتە ناساغانەدا جێگا کردەوە.

بەکورتییەکەی ئەو پێکهاتە نەخۆشە، زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە رێبەر و سەروەری پارچەیەکی کوردستانە، بەڵام دەبینین ئێستاکەش هەر ئەو کەسانە دەسەڵاتدار و بریاردەری سیاسی، ئیداری و ئابوورین کە چل ساڵ لەمەوبەر لە شاخ و سەنگەر بوون و هەندێکیان پەلەقاژەی مەرگ ئەکەن، بەڵام دەست لە ئەڵقەکانی دەسەڵات بەرنادەن. لەوەش خراپتر هەموو منداڵ و خزم و کەسوکاریان لە جومگەکانی حکومەت و حیزبا جێگیر کردووە، سروەت و سامانێکی زۆر و زەوەندیان بۆ خۆیان و بنەماڵە و داهاتوویان پاشەکەوت کردووە و گەراشیان بۆ دەسەڵاتداری و سەروەرایەتی و ئاغایەتیی پشتاوپشتیان بەسەر خەڵکی کوردستانەوە ناوەتەوە، کەچی خەڵکی کوردستان ئێستاش لە پێتەختی هەرێمەکەی و ناوەندی پارێزگاکانیشی خەون بە کارەبای بەردەوام، بیمەی تەندروستی، بیمەی سەرەتایی و ئینسانیی دیکەوە ئەبینێ. هەتا ئێستاش زیاتر لە نەوەد لەسەدی کاڵای بازارەکانی کوردستان ، هەر لە پەتاتە، تەماتە، سەوزە و رزق و رۆزی و پێداویستیی رۆژانەی خەڵکەوە بیگرە لە

دەرەوەی کوردستان هاوردە ئەکرێ و ئەمەش بە تەعبیرێ یانێ دەست لە بنی هەمانەکەوە درچووە.ئەم سیاسەتی حیزبایەتی، کوردایەتی و دەسەڵاتداری و

بەڕێوەبەرییەی لە هەرێمی باشووری کوردستان هەیە، نمونەیەکی ناشیرین لە رزگار

بوون و ئەزمونی دەسەڵاتداریی خۆماڵی بوو کە پیشانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و تەواوی گەلانی تری دونیا دراوە .

ئەگیرنەوە ڕۆژیک مەلا نەسەرەدین لای هاوسێکەی قاپێک دێنێ چەند ڕۆژێک ئەروات هاوسێکەی دێت بۆ داوا کردنی قاپەکە لەم کاتەدا مەلا نەسەرەدین بە مێشکە بڵاوەکەی خۆی وەڵامی هاوسێکەی بەم شێوەیە ئەدا ، یەکەم من لەبیرم نایە لای تۆ قاپم هێنابێ ، دووەم قاپەکەی تۆ کون بوو زەرەری پێم گەیاند ، سێیەم گەرانەمەوە بۆت تۆ ئاگات لە خۆت نی یە ، ئەم چیرۆکەی مەلا نەسەرەدین هیچ جیاوازییەکی نی یە لەگەڵ چیرۆکی دەسەڵاتدارانی عێراق و کوردستان کەهەموو جارێک باسی ئەم قاپە دێنێتە یادمان ، ، بۆیە دەسەڵاتداران و سەرکردەکان ئەوانەی کە خاوەن بریارین لەم دەوڵەتەدا بۆ وەڵامی هەموو گێشەیەکی ئەم میللەتە زۆر لێکراوە وەڵامەکەی مەلا بە زانست و ژیری ئەزانن ، نازانن مەلا چەقۆیەکی تیژ لە قوڵایی ژیریان ئەچەقێنێ ، بوون نەبوونی گەندڵی پرسیاڕێکە وەڵامەکەی بەپێی میللەت و دەسەڵاتداران بەم شێوەیە ئەبێ ، یەکەم گەندەڵی نی یە لە عێراق ئەمە هەمووی (نظرية مؤامرة) بەرامبەرمان دوژمنمان زۆرە یەهود ئەسرائیل لەپشتی ئەم پێلانگێرییە ، دووەم گەندەڵی بەرووبوومی چەندەها سەدەیە لە م ناوچەیە چارەسەرکردنی زۆر قورسە وەکو فایرۆس دروست بووە ، هەتاکو گەورەترین نوسەری عەرەبی عێراقی وەکو عەلەوی ، باقر یاسین لە کتێبەکانیان ئەوە روون ئەکەن بە بەڵگەی مێژووی میللەتی عێراق میللەتێکی گەندەڵە خاوەن خۆین کوشتن برینن هەر لە دێرە زەمانێکی کۆنەوە ، هەتاکو ئەم نووسەرانە بەکتێبەکانیان یارمەتی دان بوون بۆ دەسەڵاتداران کە

بەردەوام بن لە گەندەڵی ، سێیەم لە سەر زمانی میدیاکان و بەرپرسەکان لە کورتەی
مانشێستی هەواڵەکان هەواڵی خۆش بەگێۆمان دێ، لە جەنگی دژ گەندەڵی

سەرکەوتین ئیتر ناگەرێتەوە بۆ عێراق وەکو چۆن سەرکەوتین بەسەر تیرۆر ،
ئاوها
هاتو ئاو ها رۆیشت ژیانی ئەم دەوڵەتە کاول بووە عێراق کوردستان ، گەندەڵی لەزۆر کات بە تر نابێت لە دەوڵەت بەڵام ئەگەر گەندەڵی لەخودی خۆی دوڵەتدا بێ ئەوە زۆر جار ئەبیین تەپڵ لێدان لێ ئەدەن کە دژی گەندەڵی ئەجنگێن ئەمەشە تەنیا زۆران بازییەکی دۆنکیخۆتی تەنیا بۆ جوان کردنی وێنەی سەرکردەو بەرپرسە باڵا بەرزەکان لەناو دەوڵەت دا ، ئێمە پێوستیمان بە میلەتێکە رێز بگری لە ماف چۆن رێز ئەگری لە هێز ، گەندەڵی بەهەموو جۆرەکانی گەندەڵی سیاسی گەندەڵی دادی گەندەڵی ناو فەرمانبەرەکان ، ئەمە هۆی بۆ میللەت بەرەو شەقامەکان بروات ئەمەش مافێکی یاسای میللەتە ، بەرامبەر حاکمەکانیان ، بەڵام گەندەڵ ترین گەندڵی ئەو گەندەڵەیە کە میللەت لەسەرخۆی فەرزی ئەکات بەردەوام باجەکەی ئەدات ، کە چینی هەژار بە زەرەرمەنترین چین ئەژمێردرێن ، لەکاتێک چینی هەژار بەرتیلێکی زۆر ئەدا بۆ ئەوەی کورەکانیان ببن بە مووچە خۆری دەوڵەت دوای دەرچۆنییان لە کۆلیژ ، یاخود بەرتیلێکی زۆر ئەدا بۆ ئەوەی دۆسێیەکی تایبەتی خۆی لە داگادا سەرکەوتن بهێنی ، بۆیە فەرمانبەر کارمەندی ئەم جەهەنمە بەباوەری خۆیان ناتوانن یەک رۆژ بژین بەبێ گەندەڵی گەندەڵیش بووتە پاییەکی گرنگ بۆ پاڵنانی ئابووری دەوڵەت بووتە سیستەمێکی ئابوری ژیانی چینەکان ، ئەگەر چی میللەتانی ئەم ناوچەیە زۆریان بە ئاین موسڵمانن لەئاینی موسڵماندا هاتووە کە بەرتیل وەرگرتن دانانی حەرامە سزای قیامەتشی لەدوایە ، بەڵام ئەمە هەموی بێ ئامانجە ، زۆر جار گێومان لێ ئەبێ لە میدیاکان بەدەستگیر کردنی چەند کەسێک فەرمانبەرێکی بچووک بە تومەتی گەندەڵی وەر گرتن بەرتیل ئەدرێنە دادگا ، بەڵام بە دەگمەن گێۆمان ئەبێ

کە بەپرسێکی گەورە دەستگیر کراوە   ئەگەر دەستگیر بکرێت دوای چەند ڕۆژێک لەهەمان میدیاکانان ڕێکلامی بۆ ئەکرێ کە بەپرسکە ئازاد کراوە ئەمە پڕۆپاکندەیەکی سیاسی بووە دژی چونکە بەرپرسکە دوژمن زۆرە شەریفە لە غەیری پارتێکی تر دژایەتی ئەکەن ، بەڵام ئەگەر تۆ کەسێکی پاک بوویت توشی زوڕ تەنکوچەڵەمە ئەبیت بەتایبەت لەکاتی سەردانت بۆ فەرمانبەرەکانی ناو شارەکەت بۆ کارێکی پێوست ئەبێ کۆمەڵی ووشەی نهێنی نایاب بزانیت بۆ ئەوەی کارەکەت جێبەجێبکرێت ، وشەکانیش لە شارێک بۆ شارێکی لە فەرمانبەرێک بۆ فەرمانبەرێکی تر لە زمانێک بۆ زمانێکی تر جیاوازی هەیە بەڵام یەک مانایە ئەدا  ((بمان دەری کارەکەت بەئاسەانی ئەرۆات یاخود بەپێچەوانە کارەکەت هەزار تەگەرەی تیا  ئەبێ )) ،بۆ نمونە ئەگەر هاتو تووشی پۆلیسی هاتو چۆ لەیەکەم ساتی  لێخورینت بۆ ئۆتۆمبیل ، یاخود لەکاتی دەرهێنانی پسولەی شۆفیرێ  تووشی گیشەیک بوویت ، پێویستە بزانیت کە ( ووشە سحرییەکان ) چۆن بەکاردێنی ، ئەو کاتە لە هەموو گێشەکە نەجاتت ئەبێ ،لەگەڵ ئەوەشدا چۆنییەتی بەکار هێنانی چاو دەس کاری خۆی ئەکات دوای ئەوەی دەس بکەی بە گیرفانت یاخود مانای ئەوەیە ( پلە مەکە بەپارە ڕازیت ئەکەم )   ،   هەروەها داوا کردنێ  ( ژمارەی مۆبایل ) بە ئاسانترین کاری بەرتیل وەرگرتن لە سەردمی خیرایی  کەزۆر کاڕ( بەکاڕتێکی) مۆبایل تەواو ئەبێ ، یاخود  فلان مسئول ئەناسی  من خاوەنی گۆمپانیام ، ئەمە هەموی ڕەمزی بۆ چۆنییەتی گەندەڵی کردن هەموو میللەتی ،  ئەم ناوچەیە بەکاری دێنێ ، بۆیە برادەرێکم کە لە ناو دادگا کار ئەکات بۆی گێرامەوە کە گەندەڵی لە ناو چەرگەی دادوەرەکان هەیە،  دادوەری  وا هەیە هەتاکو ئێستا گەندەڵی ئەکات زۆر بە زانین بەئازایەتی ، دادوەری واش هەیە گەندەڵی ئەکات بە نهێنی ، دادوەرش هەیە چونکە خۆی بە گەندەڵی بووەتە دادوەڕ چونکە لەکاتێک دا مەحامی بو دوای ئەوەی بە چەند دەفترێکی دۆلاڕ بوەتە،دادوەر لەناو وەزاڕەتی داد ، بۆیە  گەندڵ بە ڕۆتینی ئەزانی لە زۆر کارەکانی وەکو کۆمەڵ بەرتیل ئەدا بۆ ئەوەی کارەکانی جێبەجێ بکرێ ، ژیری

میللەتان باوەرکانیان پێناسە ئەکرێت بە چۆنیەتی باوەڕکردنیان بە گەندەڵی گەندەڵکاران هەتاکو ئێستا بۆیە زۆربەی میللەتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست سەیر ئەکن بە کارێکی ڕۆتینی لە دامو دەزگاکانیان لەناو خۆشیان دا ، بەڵام هەر لەم سەردەمەدا گۆمەڵی میللەت هەیە کە دژایەتی بەرەنگاربونی گەندەڵی  بە کارێکی سەرەکی ئەزانن بۆ پێشکەوتنیان ژیریان بەوە پێناسە ئەکرێت  ، لەزۆر کات ئەگاتە ئەوەی سەرۆکەکانیان بڕۆخێێن کەسێکی تر بێنن پاک بێت وەکو چۆن روی دا لە کۆریا پاشور لە ساڵی ٢٠١٧، ئەگەر زیاتر بڕوانین سەیر ئەکەن میللەتانێک هەیە  (ژیری هاوبەش) گۆیان ئەکاتەوە لەسەر هەمان ڕەوشت وەکو یابانییەکان وەکو (ژیری خوبەخشکردن) لە ژیری فەلسەفەی سامۆرای هاتووە ، وەکو ئەمریکەکان کە (خەو) هەردەم یادیەکانیان ئەرۆژێنێتەوە لە پایە هاوبەشەکانیان (ئەمریکا زلهێز) ، بەڵام ئێمەی گەلانی ئەم ناوچەیە هەردەم گەندەڵین لەناو ئەم دەوڵەتە ، جەهنەمە

**پەتای گەندەڵی لە باشوری کوردستان**

گەندەڵی وەك بابەتێکی گرینگ، زۆربەی نووسەرانی، کە زۆربەی نووسەرانی ئەو بوارەی بەخۆیەوە سەرقالکردووە، هەریەك بە ئاراستەیەك پێناسەی گەندەڵی دەکاتو دیدگا و بۆچوون و روانینی جیایان هەیە، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە گەندەڵی نەخۆشیەکە رووبەرووی زۆربەی وڵاتان دەبێتەوە بەتایبەتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو (Developing countries)هەروەها هەریەکەیان بەجۆرێك تیشك دەخەنە سەر کاریگەری و زیانەکانی گەندەڵی لەسەر کۆمەڵگا هەریەکەیان جۆرێك لە چارەسەری خۆی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی(Collier, 1999, p. 57).

لەبەر گرینگی ئەم بابەتە و زۆری پێناسە و جیاوازی لە بیروڕا لەسەر ناساندنی گەندەڵی لەم وتارەدا ئاماژە دەكرێت بە كورترین پێناسە بۆ گەندەڵی: بریتیە لە بە كارهێنانی سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، ئەم پێناسەیە زۆرترین نووسەران و رۆشنبیرانی ئەم بوارە لەسەری كۆكن، لە كاتێكدا كەسێك سامانی گشتی بەكاردەهێنێ .بۆ ئەرژەوەندی خۆی بە تاوانی گەندەڵی دادەنرێت

كوردستان وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی عیراق، وەك وڵاتێكی تازە پێگەیشتوو پشكی شێری بەركەوتووە لە نێوان ئەو وڵاتانەی وەك،(Developing country) وڵاتانی گەندەڵو ناشەفاف ناویان دەبردرێت. لە كاتێكدا عیراق ریزبەندی شەشەمی جیهانی بەركەوتووە لە گەندەڵیدا واتا دوای (سۆماڵ، باشوری سودان، كۆریای باكور، كوردستانیش بەشێكە لە .(transparency index, 2014) و ئەفغنستان) دێت .عیراق واتا بە شێكە لەو گەندەڵیەی كە بەرۆكی عیراقی گرتووە

بۆ ئەم مەبەستە لەم وتارەدا تیشك دەخرێتە سەر ئاستی گەندەڵی لە هەرێمی كوردستان و سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی بەشێوەیەكی فعلی لەسەرەتاكانی دامەزراندنی .حكومەتی هەرێمی كوردستان

هەر لەسەرەتای دروست بوونی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ كابینەی یەكەمی ئەم حكومەتە لە ساڵی(1992)، گەندەڵی تیدا سەری هەڵدا. سەرەتای سەرهەڵدانی گەندەڵی دەكرێت ببەسترێتەوە بەو رێكەوتنانەی كە لە نێوان حزبەكان دەكرا لەسەر دابەشكردنی داهاتەكانی كوردستان، كە پێكدەهات لەو باجانەی كە لە سنورەكانی هەرێمی كوردستان وەر دەگیران، بەتایبەتی سنوری برایم خەلیل لە خاڵی سنوری نێوان توركیا و هەرێمی كوردستان وە ئەو باجانەی كە لەسەر هەناردەكردنی نەوت بەناو خاكی هەرێمی كوردستان وەردەگیران، هەروەها ئەو هاوكاریانەی كە لەوڵاتانی تر دەهاتن بۆ خەڵكی كوردستان. دابەشكردنی ئەو داهاتانە خۆی لە خۆیدا سەرەتایك بووە بۆ بەكارهێنانی سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و حزبی لە كاتێكدا هەردوو حزبی دەسەلاتدار پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی

کوردستان ئەو بەشە پارەیەی کە بەریان دەکەوت بۆ بەرژەوەندی حزبی کەسە نزیکەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنا، تەنانەت زۆربەی ئەو پارەیە بۆ دروستکردنی لە دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (Aram jobless) سوپایەکی نایاسای بەکاریان دەهێنا. تاوای لێهات سوپاکانیان بەکارهێنا دژی یەکتری (شەری جۆرێکی تر لە گەندەڵی پەیرەو دەکرا لەناو(Bengio, 2012, p. 362)(ناوخۆ دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کات کە ئەویش خزم خزمێنە بوو،لە کاتێکدا هەردوو لایەن ئەو کەسانەیان دادەمەزاند کە لە (Nepotism) خۆیانەوە نزیك بوون چ لە رووی بیرورا چ لە رووی نزیکی و خزمایەتی. ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو تا هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عیراق لە سالی 2003، کە لە ئەنجامدا رژێمی دیکتاتۆری سەدام حسێن رووخا، حکومەتێکی بنکە فراوان پێکهات بە بەشداری هەموو پێکهاتەکانی عیراق (کورد، عەرەب،(شیعە و سونە) تورکمان، سریانی و ئاشوریەکان)، لە ئەنجامی ئەو گۆرانکاریە کورد لە 17%ی بوودجەی عیراقی بەرکەوت ئەمیش رێژەیەکی زۆر بوو بۆ کوردستان، وای کرد کە بەرزترین رێژەی ئاستی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان تۆمار بکرێت، چونکە بەهەمان ستراتیژی دابەشکردنی داهاتەکان کاریان کردو هەمان بیرۆکەی بەرژەوەندی حزبی و تاکەکەسی پەیرەو کرا. نەبوونی چاودێریەکی ناوەخۆ و دەرەکی لەسەر چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو برە پارەیە وای کرد کە گەندەڵی رێژەیەکی بەرز وەرگرێت وە تائیستاش بەردەوام بێت.

گەندەڵی بەیەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت. لە کاتێك دا ژمارەیەکی بەرچاو لە دەزگاکانی دژە گەندەڵی و کۆمەڵێك رێکخراو هەن لەم بوارەکاردەکەن بەڵام کاریگەری ئەو تۆیان نەبووە لەسەر کەم کرنەوەی گەندەلی لەماوەی رابردوودا. بە جۆرێك دەگوترێ زۆربەی ئەو دەزگایانەی کە کاریان چاودێری کردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانە بە حزبی کراون. بە واتایەکی تر حزب کۆنترۆلی زۆربەی ئەو دامەزراوانەی کردووە کە کاریان چاودێری کردنە،

ئەمەش بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو تاوانانەی کە ئەندامانی حزبەکان دەیکەن بۆ بەرژەوەندی حزبەکەیان لە ناو دامەزراوەکان، هەر لە دامەزراندنی لایەنگری حزبی بە بندیوار یا خود خانەنشین کردیان بە شێوەیەکی نایاسایی، هەروەها دابەشکردنی بوودجەی گشتی بەسەر حزبەکان و لایەنگرەکانی خۆیان.

چالاکنەبوونی دامەزراوەکانی دژە گەندەڵی شتێکی سەیر نیە لە دوونیایی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان، چونکە بەسەرنج دان بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە ریزی پێشەوەی ولاتە گەندەڵەکانی جیهانن، تێبینی دەکرێت کە زۆرترین ژمارەی دامەزراوەکانی دژە گەندەڵی هەن، بەڵام کەمترین کاریگەریان هەیە. زۆرجار ئەو دامەزراوانە دەبنە هۆی بەهەدەردانی سامانی گشتی و پەردەپۆشکردنی تاوانەکانی گەندەڵی لەبەرژەوەندی حزبە دەسەڵاتدارەکان.

لە کۆتایدا، دەکرێت بگوترێت هەرێمی کوردستانی عیراق ئێستا لە ئاستێکی بەرزی گەندەڵی دایە. وە لە زۆربەی دامەزراوەکانی دژە گەندەڵی حزب رۆڵی سەرەکی هەیە، ئەمەش وای کردووە ئەو دامەزراوانە نەتوانن کاری خۆیان ئەنجامبدەن کە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەبۆیە ئەگەر هەوڵێکی جدی هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەبێت سەرەتا لەوە دەست پێبکرێت کە رۆڵی حزب لەناو دامەزراوەکان لاواز بکرێت، تاوەکو دەزگاکانی دژەگەندەڵی بەوپەری ئازادیەوە کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و گەندەڵکاران بگەیێنن بە دادگا.

## گەورەترین گەندەڵی بوونی کەسی نەشیاوە لە شوێنی شیاودا

گەندەڵی بۆتە شێرپەنجەیەکی کوشندەی ئەم سەردەمە، بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی کە لەلایەن چەند کەسێکەوە، یا پارتییەکەوە دەسەڵات و پۆست و پایە گرنگ و باڵا و هەستیارەکانیان، لە بنەماڵە و کەسوکاری خۆیان و خزمانیان قورخ کردوون و، دەستیان بەسەر ئابووری دارایی و کۆمپانییەکان و سەرچاوەی داهاتدا گرتوون، دایرە و دەزگاکانی حکوومەت لەژێر رکێف و کۆنترۆڵی خۆیان دایە و، دەسەڵاتیشیان . کردووە بۆماوەی بنەماڵەیی و،هێزی چەکداری داپڵۆسین و سەرکوتکردنشیان هەیە گەندەڵی بە گەورەتری هۆکاری دواکەوتن و ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئیفلیجکردنی پێشکەوتن و گەشە نەکردنی ئابووری و پێشێلکردنی یاسا و دەستوور و، بە هۆکاری بێکاری و دزیکردن و بەرتیل و، .بەفیڕۆدانی سامانی گەل دەزانرێت

بێگومان گەورەترین هۆکاری گەندەڵیش ( بوونی کەسی نەشیاوە لە شوێنی شیاودا ) .. لە ئەمڕۆدا پۆستە باڵاکان و، پلە و پایەی هەستیاری دەسەڵات و، بەڕێوەبردن و بەرپرسێتی، لە باشووری کوردستاندا قورخکراون و، قسەکردن لەسەر گۆڕینی ئەو پایە و پۆستانە بە هێڵی سووری دەزانن . لە ئەمڕۆدا لە باشووری کوردستاندا، زۆرن ئەو کەسانەی کە لە دەسەڵاتدان، کاربەدەستن، وەزیرن، بەڕێوەبەرن، بەرپرسن، یا فەرمانبەرن، کە لە پۆست و پایە و لە شوێنە گرنگ و هەستیارییەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبردن دان .. زۆریان نەشیاو و نابەڵەد و بێتوانا و هیچ لەبارن، نە بەگراوند و ئەزموونێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئیداری و بەڕیوەبردنیان هەیە .. نە پسپۆرن و نە شارەزا و لێهاتوو و سەرکەوتووشن لەو پۆستانەی کە وەریان

گرتوون، بەشێکی زۆریان خاوەنی بڕوانامەیەکی باڵای پسپۆریشن نین کە شایەنی وەرگرتنی ئەو پۆستتانەبن .. کورد وتەنی هەندێکیان لەولای هیچەوە لۆقە دەکەن .. شایەنی ئەو شوێن و پۆست و پایە هەستیار و باڵایانە نین کە وەریان گرتوون .. چونکە هیچ لەبار و بێ ئەزموونن، زۆر دوور و نابەڵدن لە پسپۆری پۆستەکانیانەوە . لەسەر بنەمای پرەنسیپی ( نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب ) دانەنراون .. زۆریان هاتوونەتە سەر حازری .. هەندێ لەو کاربەدەستانەمان کە پۆستی باڵایان پێ سپاردوون .. نەک رۆژی لە رۆژان تەنیا دوو تنۆک خوێن، بەڵکو تەنیا دوو دڵۆپ ئارەقیشیان بۆ کوردستان نەڕشتووە .. ئەمانە کە لە لایەن پارتە کوردستانییەکانەوە دانراون .. تەنانەت لە ناو خودی حیزبەکانی خۆشیاندا، خاوەنی بە بەگراوندێکی سیاسی و تێکۆشان و بەرخودانی نین و، لە سیاسەت و رێکخستنیشدا زۆر کۆڵەوار و نەزانن .. ئەمانە لەسەر بنەمای بۆماوەی بنەماڵەیی و عەشیرەتگەری و ناوچەیی و مەحسووبیەت و مەنسووبیەت و پاشکۆیی بەرزکراونەتەوە .. زۆریان پایە بە پایە بە پایەکانی پەیژەی رێکخستنی حیزبیدا سەرنەکەوتوون .. ئەمانە لە پڕێکدا کردیانن بە کوڕێک .. یەکسەر لە ئەندامێکەوە، بەبێ هەڵبژاردن گەیاندیانن بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی .. بۆ ئەوەی بیانکەن بە وەزیر، یا لە پۆستی باڵای دەسەڵاتدا دایان بنێن، ئەمانە نەشیا و بێتوانان و بەسەرشانی کەسانێکی کەدا سەرکەوتوون و، لەسەر بنەمای هاوبەرژەوندی و، پشک پشکێنەی حیزبی پۆستیان پێداون .. یا هەندێکیشیان لەبەر ئەوەی کە ( خزمی خەزووری سەپانی ماڵی شێخن ) . دانانی کەسانی نەشیاو و بۆش لە شوێنی شیاودا تاوانێکی زۆر گەورەیە .. چونکە ئەمە پێشێلکردنی مافی کەسانی بە توانا و شایستە و شیاون .. کەسانی هەلپەرست و لارەمل و بەرژەوەندی پەرست زۆرن .. کە ماستاو بۆ کەسانی کاربەدەستی باڵا سارد دەکەنەوە و، بێشەرمانەش مامەحەییان لەبەر دەکەن و، پێڵاویان بۆ دادەنێن و، شانیان دەتەکێنن و هەڵیان دەنێن و پێیاندا هەڵدەدەن .. نەک هەرکەسانێک .. بەڵکو هەندێ لە راگەیاندن و میدیاکان و رۆژنامە و رۆژنامەنووسە بە کرێگیراوەکانیش ـ لەگەڵ

ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ ڕۆژنامەنووسانی ئازاد و ئازا و بوێر ـ ئەو ڕۆژنامەنووسە هەلپەرست و و خۆپەرست و بەرژەوەندیپەرستانەش دەچنە ریزبەندی دەسەڵاتداران و بەرپەرسانی هەلپەرست و گەندەڵەوە .. ئەمانەنەش هۆكار و هاوكارن و، پشكیان لە گەندەڵیدا هەیە .. لە بارەی دەسەڵات و گەندەڵییەوە

سوكرات ) دەڵێ : " دەسەڵات پیاوان گەندەڵ ناكات .. بەڵكو گەر هاتوو )
" گەمژەكان بخرێنە دەسەڵاتەوە، ئەوان دەسەڵات گەندەڵ دەكەن

ڕاستییەكە و ناشارێتەوە و بەبەرچاوی هەموومانەوەیە، كە لە ئەمڕۆدا حكوومەتی هەرێمی كوردستان تا ناقرگەی لە گەندەڵیدا نوقم بووە .. گەرچی حكوومەتی كوردستان تەنیا ناوی ماوە و، نە كاری دیارە و نە دەسەڵاتی هەیە .. زۆر ڕێكەوتنی نهێنی دەكرێت كە هەر ئاگاشیان لێ نییە .؟! چونكە نە شەفافییەت و نە لێپرسینەوە و نە بەدواداچوون هەیە ..؟؟ باجێ ئەم گەندەڵییانەش گەلە چەوساوەكەمان دەیان داتەوە .. ئەگینا حكوومەتی كوردستان و، كاربەدەستان، زۆر بێباكن لەم باردۆخە ناهەموارەی كە خەڵكی تێدان .. برسی و نەبووبێ .. بێ دەرمانی و بێ چارەسەر .. بێ ئاو و بێ كارەبای .. بێ خزمەتگوزاری .. بێ نەوت و گاز .. بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێكاری .. بێ مووچەیی ... هتد . دەسەڵاتداران خەمی چییانە، خۆ ماڵ و منداڵییان برسییان نییە .. ئەوان تایبەتن و مووچەیان لێنابڕێ و، هێندەشیان هەیە چەند خەرج بكەن پارەیان كۆتایی نایات .. ئەوان ئاو و كارەبا و نەوت و گاز و بەنزین و دەرمانیان لێنابڕێ .. ساڵی دوو و سێ جاریش دەچن بۆ توركیا و ئەورووپا و، لە هوتێلە حەوت ئەستێرەیەكاندا پشوودەدەن و، خۆیان و ماڵ و منداڵیان تەخشان و پەخشان بە پارەی دزراوی گەلەكەمانەوە دەكەن .. نە دەزانن سەرما و گەرما چییە ..؟! یا برسێتی و نەبوونی چییە .. ؟؟ یا قەیرانی دارایی چییە ..؟؟ ئەوان مەستی خواردن و خواردنەوەن و ئاگایان لە نەبوونی و لە ژیانی كوللەمەرگیی خەڵكی هەژار و نەبووی گەلەكەیان نییە .. وەكو دەڵێن ( تێر ئاگای لە برسی نییە ) .. . ڕێژەی مردن و خۆكوشتن لە كوردستاندا زۆر بەرزبۆتەوە

کاربەدەستانی باڵا هیچ شەرم و شکۆیەکیان نییە .. سەد لۆمە بکرێن و، سەد خۆپێشاندان بکرێ و، رۆژانە خەڵکی برژێنە سەر شەقامەکان و، بەردەم بانک و دایرەکان بگرن و، هاواربکەن و گیرفانی بەتاڵیان پێشان بدەن و داوای مووچە بکەن .. هاواربکەن : برسیمانە .. تونیمانە .. ئاومان نییە .. کارەبامان نییە .. نەوت و گاز و بەنزینمان نییە .. خزمەتگوزاریمان نییە .. لەناو زبڵ و خاشاکدا خنکاوین .. نەخۆشین و بێ دەرمان و چارەسەرین .. گرانی و قات و قڕییە .. بێ جلوبەرگمان نییە. کام کاربەدەستی باڵامان، کام وەزیرمان کام بەرپرسمان .. دەنگ و رەنگی خۆیان خستنە پاڵ هاوار و دەنگی خۆپێشاندەران و، نارازی خەڵکی تووڕە و بێزاربوومان .. ؟؟ یا کام وەزیرمان و کام بەرپرسی باڵامان .. چوونە ریزی خۆپێشاندەرانەوە و، خۆیان کردن بە بەشێک لە ئەوان .. ؟؟ بەداخەوە کە هەندێ لە پارتە کوردستانییەکانمان، تەنیا بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان، نارەزایی و تووڕەیی و خۆپێشاندانەکانی خەڵکی بێدەرتانی باشووری کوردستان دەقۆزنەوە .. دەپرسین تا ئێستا چەند وەزیر، چەند بەڕێوەبەری گشتیمان، چەند پەرلەمانتارمان، چەند بەرپرسی باڵای حیزبیمان، وەکو گوزارشتکردنێک لە بێدەسەڵاتی خۆیـان راگەیاند، هاوپشتی و هاوخەمییان خۆیان بۆخەڵکی کوردستان دەربڕی و.. دەست لە کارکێشانەوەی خۆیان راگەیاند .. ؟؟ کەسیان نییە .. کەمترین شت بۆ پشتگیریکردن لە نارەزایی و لە داوا رەواکانی خەڵکی کوردستان .. دانانە بە گەندەڵی و بە چەقبەستنی قەیرانی ئابووری و سیاسی .. دەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ شەرمکردن شکستی خۆی رابگەیاندایە و، خۆی هەڵبوەشاندایەوە .. زەمینەسازی بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی کارای تیکنوکرات خۆش بکرردایە، لە کەسانی دڵسۆز و پسپۆری خاوەن بڕوانامەی باڵا پێکبهێنرایە .. بەبێ ئەوەی کە مەرجی هاوبەستەبوونی حیزبی بکەن بە پێوەری دڵسۆزی و شیاوی پۆستەکان .. بەڵام بەداخەوە نە کاربەدەستانی باڵای دەسەڵات و، سەرکردەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، هەرگیز ئامادەنین کە دەست لە پۆست و لە کورسییەکانیان هەڵبگرن .. ئەوان وەکو قیر و زفت بە کورسی و پۆستەکانیانەوە

نووساون و، بە هیچ کلۆجێک بەریان نادەن .. باشیش دەزانن کە جامی بێزاری و تووڕەیی خەڵکی پڕبووە و لێی دەڕژێ .. چونکە نان برین لەسەربڕین خراپترە .. خەڵکی لە بەڵێنی درۆی دەسەڵاتداران بێزار بوونە و .. متمانەیان بە دەسەڵاتداران و . بە حکوومەتەکەشیان نەماوە

بێگومان شوانی دڵسۆز و وریا و بەئاگا، مەڕەکانی بە جوانی دەلەوەڕێنێ و، لە گورگ و لە دەعبا دەیان پارێزێ .. بەڵام گەر هات شوانەکان خۆیان گوربن، ئەوسا چارەنووسی مەڕەکان چیدەبێت..؟ چونکە شوانی ناپاک زۆر لە گورگ خراپتر و . ترسناکترە

لە کابینەیەکی حکوومەتی کوردستاندا مامۆستایەکی قوتابخانەی بنەڕەتی کرا بە وەزیری پەروەردەی کوردستان .. لە کاتێکدا کە بە دەیان هەڵگری بڕوانامەی دکتورا و ماستەرمان لە بواری پەروەردەدا هەیە .. ئەم مامۆستایە پایە بە پایە، بە پایەکانی پەیژەی سەرکەوتنی بەڕێوەبردن ( وەزیفە) دا سەرنەکەوت، پایەکان ( بەڕێوەبەری قوتابخانە، سەرپەرشتیاری پەروەردە، بەڕێوەبەری پەروەردە، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە، جێگری وەزیری پەروەردە ) یەکسەر کرا بە وەزیری پەروەردە .؟؟ بڕوانامەکەشی شایانی ئەو پۆستە نییە .. توانا و لێهاتوویی و شارەزایی پەروەردەییشی لە ئاستی ئەو پۆستە هەستیارەدا نەبوون .. تەنانەت لە ناو خودی پارتەکەشیدا لە دەستەی پاڵادا نەبوو، ئیتر وەکو دەڵێن ـ بە قودرەتی قادر ـ کرا بە وەزیری پەروەردەی کوردستان ؟! .. هەر هەمان کەس لە کابینەی دواتردا کردیان بە وەزیری کشتوکاڵی کوردستان .. خەڵکینە مامۆستای سەرەتایی لە کوێ و وەزیری کشتوکاڵ لە کوێ .. ؟؟ بۆ هیچ کوردێکی دڵسۆزمان نییە، کە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بێت و، پسپۆری و شارەزایی لە کشتوکاڵدا هەبێت ؟؟ بەڵێ زۆرمان هەیە .. بەڵام پارتە کوردییەکان تەنها متمانەیان بە کەسانی خۆیان هەیە .. لە نێو ئەوانیشدا تەنها متمانەیان بە کەسانی بنەماڵە و خزمان و نزیکەکانی خۆیان هەیە .. یا بەو کەسانەی کە ماستاویان بۆ سارد دەکەنەوە .. جا بە لایانەوە گرنگ نییە ئەو کەسە

شارەزا و پسپۆربێت .. یا خاوەنی بڕوا امەیەکی باڵا بێت ؟؟ گرنگ بەلایانەوە مەرجەکانی خۆیانە؟ ئەمەیە گەندەڵیّ، ئەمەیە دانانی کەسی نەشیاو لە شوێنی شیاودا. نموونەیەکی تر، پزیشکێکی ئەندام سەر بە پارتێکی تری کوردستان، یەکسەر لە خوارەوە و، بەبیّ هەڵبژاردن، ئەمیش هەر ـ بە قودرەتی قادر ـ لە پڕێک کردیان بە کوڕێک .. بەرزیان کردەوە و، کردیانە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی و.. دواتریش کردنیان، بە پارێزگاری پارێزگایەکی گرنگ و هەستیاری کوردستان و، کردیشیانان بە ( سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی پارێزگا ) کە .. لە راستیشدا ئەم پزیشکە نە سیاسەتمەدارێکی بەڵدە و بە ئەزموونە، نە ئەزموونیشی لە رێکخستنی سیاسی و حیزبیدا هەیە، نە کەسێکی ئیداریشە کە توانای بەڕێوەبردنی پارێزگایەکی گەورەی هەبێت .. نە پێشمەرگەیەکی قاڵەوبووی مەیدانی جەنگیش بووە، تا بکرێت بە سەرۆکی لیژنەی ئاساییشی ئەم پارێزگایەمان .. ئایە ئەمە کەسێکی شیاوە لە شوێنی شیاودا ؟؟ یا کەسێکی نەشیاوە لە شوێنی شیاودایە .. ؟؟ خۆ ئەگەر ئەم پزیشکەیان بکردایە بە ( بەڕێوەبەری تەندروستی پارێزگا ) کە زۆر شیاو و لەشوێنی خۆیدا بوو، یا بیان کردایە بە ( وەزیری تەندروستی کوردستان ) دەمووت تا رادەیەک لە شوێنی شیاودایە .. چونکە بڕوانامەکەی و پسپۆری و شارەزایی و کارکردنی و ئەزموونی پراکتیکی لە بواری پزیشکیدا شایەنی ئەوەن کە لە دەزگاکانی تەندروسیدا پۆستی باڵای پێبدەن .. بە ڵام وەکو پارێزگاری پارێزگایەک و، وەکو بەڕێوەبەریّ ئیداری و، وەکو سەرۆکی لیژنەی ئەمنیی ئەم پارێزگایە و .. وەکو ئەندامێکی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتەکەی .. لە شوێنی خۆیدا نین و لێی ناوەشێتەوە .. چونکە ئەم دکتۆرە پایە بە پایە بە پەیژەکانی رێکخستن و کارکردندا سەرنەکەوتووە .. من مەبەستم ئەوە نییە، کە تانە و لۆمەی کەسیّ ئاراستەی ئەو دوو کاربەدەستە بکەم .. مەبەستمان تەنها هۆکارەکانی گەندەڵی و شکستییەکانی دەسەڵاتە .. تەنیا ئەو دوو کەسەشم بە نموونە هێنایەوە و، حەزیشم نەکرد ناویان بێنم، ئێوە باش دەزانن کە ئەو دوو کەس کێن .. ئەم دووانە نموونەن و، لە ئێستادا بە دەیان کاربەدەستی باڵا و

ستاتیژی نییە بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی، گەندەڵیش تا دێت گەورەتر و، بەر بەربڵاوتر دەبێت .. حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا ( قەیرانی دارایی ) کردووە بە بیانووی قەیرانەکان .. قەیرانی داراییش هەر حکوومەت خۆی دروستی کرد و لێی بەرپرسە .. تا ئەمڕۆ کەس نازانێت داهاتەکانی کوردستان لە فرۆشتنی نەوت و داهـاتی گومرگ چەندن و چۆن خەرج دەکرێن ؟؟ .. چونکە روونی و شەفافیەت لە فرۆشتنی نەوت و داهاتەکانی کوردستان نییە و، دەزگایەکی چاودێری و بەدواداچوونیشمان نییە، تا لێپرسینەوە لە کارەکانی حکوومەت بکات .. خۆ گەر هەشبێت هیچ دەسەڵاتێکی نییە و، ناتوانێت هیچ بڕیاێک بدات و.. ناشتوانێ هیچ وەزیر و کاربەدەستێکی گەندەڵکار توانبار بکا و، بیدات بە دادگا و، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن .. ئەگینا یەکسەر چاویان لێسووردەکەنەوە و، هەڕەشەی لە ناوبردنیان لێدەکەن .. پەڕلەمانی کوردستانیش کە بە مەرجەعی گەلەکەمانی دەزانین، ئەویش دووپشک پێوەی داوە و سڕبووە و پەکی کەوتووە ؟؟ باشتر بڵێین پەکیان خستووە .. ؟؟ ئێوە وەڵامان بدەنەوە حکوومەت بەبێ پەڕلەمان چ شەرعییەتێکی هەیە .. ؟؟ لە ئێستادا حکوومەتی کوردستان، حکوومەتێکی بێ هێزی شکستخواردووی بێ بەرهەمە و، بوونی و نەبوونی وەکو یەکن .. لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکاندا قسەی زل دەکەن و بەڵێنی زۆردەکەن .. بەڵام لێبوونەتەوە و، هیچیان لەباردا نییە و، هیچیشیان پێناکرێ، بەم بەڵێن و قسانەیان ناتوانن خۆڵ لە چاوی خەڵکی کوردستان بکەن .. خەڵکی هۆشیارن و دەتوانن کاغەزی سپیش دەخوێننەوە .. من لەو بڕوایەدام کە ( تا رەجـەب سەرپاڵەمـان بێت ) بارودۆخی کورد و کوردستان خراپتر دەبێت باشتر نابێت .. هۆکارێکی گرنگی بێ هێزی و بێ توانایی حکوومەت و، گەورەبوون و تەشنەکردنی گەندەڵییەکانیش لە کوردستان دا .. دەگەڕێنەوە بۆ نابەڵەدی و نەشیاوی و هیچ لەباری زۆربەی وەزیرەکانمان .. چونکە ( کەسانێکی نەشیاون و لە شوێنی شیاو ) دا دانراون .. هیچیان هیچ ماستەر پلان و پڕۆژەیەکی بەرنامەداڕێژراوی ستراتیژی و زانستی ماودا نزیک و دووری چاکسازی و گۆڕانکاری و داهێنانیان

نییە .. هەر ئەمەش بووە بە هۆی تەپانی ژێرخانی ئابووری کوردستان و، بە ئیفلجبوونی کەرتەکانی کشوکاڵ و پیشەسازی و ئاوەدانی و، بەرهەمە خۆماڵییەکانی کوردستان .. چونک بێ نەخشە و پلانین .

گوایە ئێمە بە تەمای ریفراندۆم و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانین .. ئەمە هیوا و ئاواتی هەموو کوردێکی دڵسۆز و کوردستان پەروەرە، هیوای منداڵانی ناو لانکیشمانە . ریفراندۆم دەبێت پەرلەمان یاسای بۆ دەربکات و، سنووری ریفراندۆم و، رۆژ و شێواز و، میکانیزمەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم دیاری بکات .. چونکە ریفراندۆم و راگەیاندنی سەبەخۆیی کوردستان خواست و بریارێکی کەسی، یا تەنیا لایەنێک، یا تەنیا پارتییەکی کوردستانی نییە، دەبێت هەموو لایەنەکان و پارتییە کوردستانییەکان هاورا و یەکدەنگبن لەسەر ئەم پرسە چارەنووسازەمان .. ئایا توانیومانە ناوماڵی کوردیمان رێکبخەین ؟؟ کۆتایی بە ململانێ و مشتومڕی نێوان پارتە کوردستانییەکانمان بهێنین .. ؟؟ تا ئەمرۆش بە فەرمی لە لایەن پەرلەمانەوە، داوا لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە کوردستاندا نەکراوە، کە ئامادەکاری پێویست بۆ ریفراندۆم بکەن .. ئەی چ زەمینەسازییەکمان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و، بۆ راگەیاندنی سەبەخۆیی کوردستان کردووە .. هێچ کراوە ؟

بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، پێویستیمان بە کردار و بە زەمینە سازی و بە یەکدەنگی هەیە، سەربەخۆیی تەنها بە قسەی رووت و، بە دورووشمی بریقەدار نایاتەدی .. پێویستە هەموو لایەنەکان لەسەر ئەم پرسە چارەنووسازەی گەلەکەمان رێکبکەون و، میکانزمەکانی جێبەجێکردنی تاوتوێ بکەن و، هەموو گریمانەکانیش لەبەرچاوبگرن .. پێش هەموو شتێک پێویستە بە فەرمی بریار لە یەکگرتن و بە دامەزراوەکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بدەن و.. هێزی پێشمەرگە ببێت بە سوپایەکی فەرمی کوردستان و، هاوبەستەبوونی بۆ کوردستان هەبێت نەک بۆ حیزبەکان . بوونی سۆپای کوردستان و دەستەبەرکردنی چەکی باشی بەرگری .. زۆر پێویستن بۆ پاراستنی کوردستانی سەبەخۆ .. ئەم هیوا پێویستیانەش نایەنە دی، تا

حیزبەکانی کوردستان بە راستی و بە کردار بەرژەوەندی باڵای کورد و کوردستان نەخەنە سەرووی بەرژەوەندی تایبەتی و حیزبییانەوە .. تا کوردایەتی و کوردستان پەروەریش، نەخرێتە سەرووی حیزبایەتی و حیزپەروەری .

پێویستە پۆست و پلە و پایە و دامەزراند، لەسەر بنەمای ( کەسی شیاو لە شوێنی شیاو " دا بێت .. لەسەر بنەمای پسپۆری و لێهاتوویی و دڵسۆزی و دەستپاکی و کوردستان پەروەری بێت .. نەک لەسەر بنەمای بنەماڵەیی و عەشیرەتی و خزمێنی و پاشکۆیی بێت.. نابێت بێدەنگی و چاوپۆشی لە هەڵە و لە گەندەڵییەکانی هیچ کاربەدەستێکی باڵا بکرێت .. پێویستە یاسا سەروەربێت و، بە چاوێکی یەکسانی و دادپەروەری لە هەموان بڕوانرێت .. روونی و شەفافییەت هەبێت و، زۆر بوێرانە بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە لە سەروەت و سامان و ماڵ و موڵک و سەرچاوەی داهاتی کاربەدەستانی باڵا و بەرپرسان بکرێت، لەسەر بنەمای پرەنسیپی ( ئەمەت لە کوێ بوو .. ؟ ) پێویستە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، هاوبەستەبوونی حیزبی نەکەن بە پێوەری دڵسۆزی و شیاوی .. زۆر هەلپەرست و بەرژەوەندی پەرست لە ریزی حیزبەکان دان، کە هیچ ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی و هیچ بەهایەکی پیرۆزیان نییە، تەنیا بۆ دەسکەوت و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان چوونەتە ریزی ئەو حیزبانەوە .. هەر کاتێکیش کە بەرژەوەندیەکانیان نەهاتەدی و، باریان کەوتە لێژی .. هیچ پێیان شەرم نییە کە روو لە حیزبێکی تر بکەن و .. ماستاو بۆ کەسان و بۆ لایەنێکی تر ساردبکەنەوە .. پێویستە رێگری لە خۆهەڵواسین و بەرتیل و دەم چەورکردن و مامە حەمەیی بگیرێت و .. کار بە پرەنسیپی ( پاداشت و سزا ) بکرێت .. پێویستە حکوومەت و حیزبەکانیش دزەکان و تاوانباران و گەندەڵچییەکان نەشارانەوە و، نەیان پارێزن و، داکۆکییان لێنەکەن و چاو لە تاوانەکانیان نەپۆشن .

قوورخکردنی دەسەڵات، نا دادپەروەری و نایاسیاییە و.. هۆی چەقبەستنی ئەم دۆخە نالەبارەیە و .. هۆکاری دواکەوتن و پاشاگەردانی و شکستییە .. کاربەدەستانی باڵای کۆردستان زۆر باش ئەوە دەزانن کە جامی تووڕەیی و بێزاری خەڵکی چەوساوەی

کوردستان پڕبووە و لێی دەڕژێ .. چیتر ناتوانن بێدەنگ بن و، تاکەی پشوودرێژ و خۆڕاگربن .. ؟؟  بە داخەوە کە حکوومەتی کوردستان زۆر بێمنەت و بێباکە و.. گوێ بە ناڕەزایی و گلەیی و گازندەی خەڵکی  بێدەرەتان نادات .... گەر ئەم باودۆخە زیاتر درێژە بکێشێت .. لەوانەیە شەپۆڵی زریان و تسۆنامی تووڕەیی و بێزاری و برسێتی خەڵیی کوردستان هەڵبکات و .. هەموو گەندەڵکاران راپێچ بکات و، دەست بەسەر سامان و موڵکیان بگرن .. گەر دۆخەکە بە زووترین کات چارەسەر نەکرێت .. من ئەو رۆژە بەدوور نازانم .

## گەندەڵی و كاریگەریی لەسەر گەشەی ئابوریی ناوخۆ و هەژاریی -

سەرمایەی گەندەڵ و كاریگەریی لەسەر ئابوریی وڵات

گەندەڵی ئەنجام و شێواز و هۆكارەكانی هێندە زۆر و ئاڵۆز و تێكهەڵكێشن كە ئاستەمە بتوانین لە لایەنێكی گەندەڵی بدوێین بە بێ ئەوەی پەنجە بۆ لایەنەكانی تری رابكێشین . لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەم جەخت بكەمە سەر كاریگەری گەندەڵی لەسەر سەرمایەی ناوخۆ. هەروەها لەوە دەدوێم كە چۆن ئەو كاریگەریە وەبەرهێنانی سەرمایەی ناوخۆ لاواز دەكات و لەو رێگایەوە دەبێتە بەربەستێك لەبەردەم گەشەی ئابوری وڵات و ئەنجامی ئەوەش هەژاری زیاتر و قوڵتر دەكاتەوە.

لە زۆر لە وڵاتانی پێشكەوتودا دوو جۆر پارە هەیە كە وەكو سەرمایەی چالاك دەخرێنەوە گەڕ. سەرمایەی مەشروع و پارەی ڕەش. لە وڵاتانێكدا كە یاسا سەروەرە سەرمایەی مەشروع بە بەراورد لەگەڵ پارەی ڕەش گەلێك زۆرتر و باڵادەست ترە. سەرمایەی مەشروع ئەوەیە كە لە ڕێگای ئاسایی چالاكی ئابوریەوە بەدەست دێت و باجەكانی بە شێوەی یاسایی لێ دەركراوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت. پارەی ڕەش ئەو پارەیەیە كە لە ڕێگای كاری نایاسایی و كاری شاردراوە و نەدانی باج بە دەوڵەت پێك هاتووە. بەشێك لەو سەرمایانە لە ڕێگای تاوانی ڕێكخراوەییەوە ( مافیا) بەدەست دەهێنرێت و پاش سپی كردنەوەی وەكو سەرمایەی ئاسایی لە ناو ئابوری وڵات دا بەكاردەهێنرێتەوە. سپیكردنەوەی پارەی ڕەش لەو وڵاتانەدا پرۆسەیەكی ئاسان نیە و چەندین شێوازی جیاوازی چاودێری و یاسایی ڕێگری لێ دەكات. پارە سپی كردنەوەش خۆی لە خۆیدا جۆرێكی تری تاوانە و ڕوبەڕوی لێپێچینەوەی توندی یاسایی دەبێتەوە. ئەم دژایەتی كردنەی سەرمایە و پارەی ڕەش جگە لە ڕێگری لە

تاوانەکان، لە هەمان کاتدا بە مەبەستی ڕێگریە لە کاریگەری لەسەر ئابوری وڵات و سیستەمی بازار بە شێوازی نادروست و نا مەشروع.

لە زۆر لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا بە هۆی تێوەگلانی زۆر لە فەرمانبەرانی پلە بەرز و دەسەڵاتداران لە گەندەڵی، ڕادەی زۆری پارە و سەرمایەی ڕەش یان نامەشروع لە ڕێگای گەندەڵیەوە بەدەست دێت. بە پێچەوانەوە ڕێژەیەکی کەمی لە ڕێگای تاوانەکانی وەکو؛ بازرگانی مادە بێهۆشکەرەکان، قاچاخچێتی کەرەسە سەرەکیەکان، بازرگانی چەك، سێکس فرۆشی و سەرانە کۆ دەکرێتەوە. زۆربەی پارە یان سەرمایەی نایاسایی لەو وڵاتانەدا لە ڕێگای گەندەڵی بە شێوازە جیاوازەکانیەوە پێك دەهێنرێت. لە لایەن هەندێك لە کەس و دەزگا دژ بە گەندەڵیەکانەوە ئەو دەسکەوتانە بە سەرمایەی نایاسایی یان ناشەرعی ناوی دەهێنرێت. پێم وایە دروست ترین دەستەواژە بۆ ئەو جۆرە سەرمایە و پارەیە لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا "سەرمایەی گەندەڵ" ە.

سەرمایەی گەندەڵ لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا، سەرمایەداری گەورە و بە هێز لە تاکەکان یان حیزب و دەزگا و کۆمپانیاکان دروست دەکات. هەر یەکێك لەو وڵاتانەش تایبەتمەدی دیاریکراویان بە خۆیانەوە هەیە کە ڕێخۆشکەرن بۆسەرهەڵدان و پتەو کردنی زیاتری دیاردەی گەندەڵی و سەرمایەی گەندەڵ.

دەکرێت ئەو وڵاتانە بە پێی هەل و مەرجی سیاسی و ئابوریان پۆلبەندی بکرێن؛

1) وڵاتانێکی زۆر هەژار کە لە لایەن دەزگا خێرخوازیە نێونەتەوەییەکانەوە یارمەتیان دەدرێت بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و کۆتایی بە قەیرانە ئابوریەکان. بەشێکی زۆری ئەو یارمەتی و خێرخوازیە دەچێتە گیرفانی گەندەڵانەوە. لە نمونەیان زۆربەی وڵاتانی ئەفەریقا و هەندێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی و هەندێك لە وڵاتانی ئاسیای دوور.

جێگای سەرنجە لە هەندێك وڵاتانی ئەفەریقادا ڕادەی پارەی سەرانی دەسەڵات لە بانكە جیهانیەكان دا یەكسانە یان نزیكە لە ڕادەی ئەو یارمەتیە دەرەكیانەی پێشكەش بەو وڵاتانە كراوە.

2) ئەو وڵاتانەی لە قۆناغی گۆڕاندان بۆ بازاری ئازاد و سیستەمی دەسەڵاتیان تیادا دێتە گۆڕین. بۆ ماوەیەك چاودێری دارایی لەدەست دەردەچێت یان دەسەڵات دەكەوێتە دەست دەستەیەكی گومان لێكراوەوە. وەكو وڵاتانی ئۆردوگای كۆمۆنیستی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕوسیا و وڵاتانی جیابۆوە لە یەكێتی سۆڤیەت.

3) وڵاتانی نادیموكراسی یان نیمچە دیموكراسی خاوەند سامانی سروشتی دەوڵەمەند. لە نمونەیان ئێراق و ئێران و لیبیا و وڵاتانی نیمچە دورگەی عەرەب و نێجیر و زائیر (كۆنگۆ).

4) وڵاتانی نادیموكراسی خاوەند دام و دەزگای لاواز و نا پسپۆڕی حكومی و فەرمانبەری. لە نمونەیان؛ هاییتی ، میانمار و سۆمال.

5) وڵاتانی نادیموكراسی كە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانیان خاوەندی سەرچاوەی سروشتی دەوڵەمەند نین. لە نمونەی مەغریب ، جەزائیر، تونس ، میسر، سوریای ئەسەد و یەمەن، فلیپین، چین، تایلاند.

6) ئەو وڵاتانەی چەند تایبەتمەندیەكی تێكەڵەی تیادایە. كە زۆر لە وڵاتانی باسكراو دەگرێتەوە.

هەرێمی كوردستان دەكرێت بخرێتە ڕیزی ئەو وڵاتانەوە كە تایبەتمەندیە جیاوازەكانی بە خۆوە گرتووە. هەرێمی كوردستان ناوچەیەكە لە گوزەریدایە بەرەو سیستەمی بازاڕی ئازاد، بەڵام بێبەرنامە و بە دەستێوەردانێكی زۆری دەزگا حیزبی و حكومیەكانەوە. دیموكراتیەكی لەرزۆك و سنوردار كراوی تیادایە. خاوەندی سەرچاوەی سروشتی دەوڵەمەندە. دام ودەزگاكانی لاواز و نا پسپۆڕن. چەندین لایەنی كۆمەڵایەتیش كاریگەری خراپی خۆیان كردووە لەسەر بەڕێوەبردنی ناوچەكە. كە

دیارترینیان بەربڵاوی سیستەمی خێڵەکی و باڵادەستی خێڵەکیەکان و بنەماڵەکانە لە ڕێگای حیزبە سیاسیەکانیانەوە.

هەرێمی کوردستان و ئێراق بە گشتی سەرمایەی گەندەڵ لە ڕێگای دزینی بە شێك لە دەسکەوتەکانی دەوڵەتەوە و لە لایەن سەرانی دەسەڵاتدار و بنەماڵە و دەوروبەرەکانیانەوە دێتە دی. بەتایبەتی لە ڕێگای بە قاچاخ ناردنە دەرەوەی بەشێك لە سامانە سروشتیەکان، چونی دەسکەوتەکانی گومرگەکان بۆ کەناڵە تایبەتیەکان، قۆرخ کردنی بازاڕی کەرەستە بنەڕەتیەکان، بازرگانی دەرەوە، قۆرخ کردنی پڕۆژەکانی ئاوەدان کردنەوە.

مەترسی و کاریگەریەکانی گەندەڵی لەسەر سەرمایەی ناوخۆ

یەکێك لە مەرجە گرنگەکانی گەشەی ئابوری هەر وڵاتێك یان ناوچەیەك بە پلەی یەکەم بوون و جموجۆڵی بەردەوامی سەرمایەی ناوخۆیەتی. سەرمایەی ناوخۆ بەشێکی گرنگی پێکهاتەی بەرهەمی گشتی ناوخۆیە. سەرمایەی ناوخۆی پاك لە مەیدانی بەشداری کردنیدا لە ئابوری وڵات دا بەهۆی گەندەڵیەوە ڕوبەڕوی کۆمەڵێك مەترسی دەبێتەوە.

گەورەترین مەترسی کە سەرمایەی گەندەڵ پێکی دەهێنێت ئەوەیە کە دەکەوێتە پێشبڕکێ لەگەڵ سەرمایەی پاك و دەبێتە بەربەست لە ڕێی گەشەی ئاسایی ئەو سەرمایەیەدا.

گەندەڵی ڕێگر دەبێت لە بەکارهێنانی بەسوود لە سامانە نەتەوەییەکان و گەشەی سەرمایەی بەدەست هاتوو لەو سامانە. ئەمەش لە چەند ڕێگایەکی دیاریکراوەوە ڕوودەدەن کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن؛

یەکەم: تەواوی کۆمەڵ هاوسان و ڕەوا لە سەرچاوە سروشتیەکان بەهرەمەند نین بەڵکو بەشێکی دەچێتە ئەو کەناڵانەوە کە لە خزمەت کەس و دەزگا تایبەتیەکاندایە.

دوهەم: ئەندازەی پێویست لەو دەسکەوتانە وەکو سەرمایەی چالاك بۆ وەبەر هێنانەوە بەکار ناهێنرێتەوە. ئەمەش وادەکات ئەو سەرمایانەی بەکاردەهێنرێنەوە کەمتر بن لە سەرمایەی پێویست بۆ گەشەی ئابوری ناوخۆ.

سێهەم: بەهرەمەندی ئابوری نەتەوەیی لە سەرمایەی بەدەست هاتو بە پێی پێویست نیە. بەو مانایەی کە ئەو سەرمایەیەی دەخرێتەوە خزمەت ژێرخانە ئابوریەکان بە هۆی گەندەڵیەوە رادەیەکی کەمتری لە پێویست بۆ دیاری دەکرێت. ژێرخانە ئابوریەکان بە پلەی یەکەم بۆ گەشەی ئابوری و خزمەتگوزاریەکان پێویستن و بریتین لە رێگاو بانەکان و ووزەی کارەبایی و هۆکارەکانی گوێزانەوە و بەرهەم هێنان. کەم بونەوەی سەرمایەی نەتەوەیی بە هۆی گەندەڵیەوە یان ئەو ژێرخانانە پێك ناهێنێت یان لەرزۆك و لاوازیان دەکات.

لەلایەکی ترەوە گەندەڵی لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە ژێرخانیانەدا بە رۆڵی خۆی بەشێك لە بودجەی تەرخان کراو بۆ ئەو پرۆژانە بەلای خۆیدا دەبات و کەمتری دەکاتەوە. هەروەها بە هۆی گەندەڵیەوە ئەو پرۆژانە دەکەونە دەست کەسان و دەزگای ناپسپۆر و کەم تاقیکردنەوە و مافی پێویستی خۆیان پێ نادرێت.

لە زۆر لەو وڵاتانە دا کە گەندەڵی دیاردەیەکی بڵاو و لەبەرچاوە ئەم راستیانە لە لایەن هەموانەوە هەستی پێ دەکرێت. بۆ نمونە هەندێك لە شەقامەکانی هاتوچۆی نێوان شارەکان و ووزەی کارەبا و کارگە و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان لە ئاستی پێویستی بەرهەم هێنان دا نین و تەنها چەند ساڵێکی کەم خۆ راگرن. لە کاتێکدا بودجەی زیاتر لە قەوارەی خۆیان بۆ دیاری کراوە.

چوارهەم: بەکار نەهێنانی خەرجی پێویستی بەدەست هاتو لە بوارەکانی خوێندن و فێرکردن و تەندروستی دا. ئەم بوارانە لە تێروانینی ئابوری رووتەوە دەکرێت وەکو پتەوکەری فاکتۆرەکانی فیزیکی و پسپۆری سەرمایە مرۆییەکان سەیریان بکرێت و دەبنە پێك هێنەری کادێری تەکنیکی بە توانا. بە کارهێنانی سەرمایەی بەدەست هاتو

بە شێوەی ڕاست و دوور لە گەندەڵی و زانستیانە لەو بوارە خزمەتگوزاریانەدا ئەو سەرمایە مرۆییە دوبارە دەخاتەوە خزمەت گەشەی ئابوری ناوخۆوە.

پێنجەم: بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی سەرمایەی بەدەست هاتو لە بوارەکانی ئاسایشت دا. ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی وەکو هەرێمی کوردستان و ئەفغانستان ومیسر و مەغریب و تونس و یەمەن و هەندێك وڵاتانی تری ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین. بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە ڕابوردوی شەڕی ناوخۆیان هەیە گەلێك لەبەر چاوە. لەم بوارانەدا بۆ پارێزگاری تایبەتی لۆردەکانی شەڕ و ڕازیکردنی ئەندام وبەرپرسەکانی حیزبەکان و پیاوانی دەسەڵات بودجەیەکی گەورە دیاری دەکرێت. هەروەها بەشێکی زۆر لە سەرمایەی چالاکی ناوخۆ لە دەست دەدرێت بۆ دەزگا ئاسایشتی و هەواڵبەری و میدیاکان بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی هاوڵاتیان، بۆ ڕێگری لە نارەزاییەکان و چالاکیە مەدەنیەکان، بۆ سەرکوتکردنەوەی نارەزاییەکانی خەڵکی بە شێوازی توند یان نەرم، بۆ چەواشەکاری و کاریگەری لە سەر ڕای گشتی لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە. هەروەها بودجەی خۆ پارێزی لە تیرۆر یان نەیارانی دەسەڵات یان بەناوی خۆپارێزی لە تیرۆر گوشارێکی گەورە لەسەر دەسکەوتی نەتەوەیی دروست دەکات.

ئەمانەش بە گشتی دەبنە هۆکاری ئەوەی قەوارەی سەرمایەی پێویست لە ئاستی چون بەرە و کۆمەڵگای پیشەسازی یان کشتو کاڵی مۆدێرن دا نە بێت و گەشەی بەرهەمی نەتەوەیی لە ئاستی نەبوان دا بێت و کەمترین پێویستیەکانی ناوخۆ پرنەکەنەوە. تەنانەت ئەو بەرهەمانەی لە سەردەمێکدا تارادەیەك پشتیان پێ دەبەسترا وەکو بەرهەمی پیشەسازی سووکی ناوخۆ و کشت و کاڵی و ئاژەڵداری بەرەو لاوازی و لەناوچون بچن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە ناچاریدا بۆ سەرجەم بەرهەمەکان ڕوو لە دەرەوەی وڵات بکرێت.

ڕوکردنە دەرەوەی وڵاتیش بۆ سەرجەم بەرهەمێکی بچوك و گەورە لە لایەن خۆیەوە چەندین زیانی سەرەکی و ڕاستەوخۆی هەیە، گرنگترینیان؛

یەکەم: ڕێگری لە گەشە یان بنیاتنانی بەرهەمی کشتو کاڵی مۆدێرن و پیشەسازی ناوخۆ.

دوهەم: دروستکردنی بێکاری و کۆمەڵگای بێ بەرهەم.

سێهەم: دروست نەبونی هاوسانی لە نێوان بردنە دەرەوە و هێنانە ناوەوە کە سەرمایەی چالاك دەباتە دەرەوە و لەبری ئەوە سەرمایەی چالاك ناهێنێتەوە بۆ ناو بازاڕی ناوخۆ.

چوارهەم: دروست بونی بوار و کەناڵی فراوان بۆ گەشەی زیاتری گەندەڵی. لە ڕێگای هێنانە ناوەوەی زۆربەی بەرهەمەکان لەو دیو سنورەکانەوە بەشێکی لەبەرچاوی ئەو بازرگانیانە یان ڕاستەو خۆ لە لایەن سەرمایەی گەندەڵی بەرپرسانەوە ئەنجام دەدرێت یان لە ژێر ناوی تایبەتی و لە ڕێگای کۆمپانیاکانەوە بە هاوبەشی لەگەڵ سەرمایەی گەندەڵ دا ئەو بازرگانیە ئەنجام دەدرێت.

تەواوی ئەمانە دەبنە هۆکاری دابەزینی گەشەی ئابوری و یەکێك لە ئەنجامە ڕاستەوخۆ کانی کە پێشتر پەنجەی بۆ ڕاکێشرا بێکاریە. بێکاریش زۆربە بەرەو هەژاری دەبات. جگە لە شار و شارۆچکەکان بێکاری دێهاتەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها ئەو گوندیانەی بە هۆی هەل و مەرجی سیاسی و ئاسایشتیەوە کەوتونەتە شار و شارۆچکەکانەوە بەهۆی مۆدێرنیزە نەکردنی بەرهەم هێنانی کشت و کاڵیەوە نەك ناگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە ژمارەیەکی زیاتر ناچار دەبن ڕوو بکەنە شارەکان. لە شارەکانیش دا بەهۆی نەبونی کارگە و کارخانەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی سەرباری شاریەکان گوندیەکانیش دێنە ناو لەشکری بێکاریەوە.

لە وڵاتانێك دا کە بەرنامەی چەسپێنراو یان نەخشەکێشانی زانستیانە و پسپۆرانە بۆ گەشەی ئابوری نەکێشرابێت حکومەت بە شێوازێك ڕووبەڕوی کێشەکان دەبێتەوە و چارەسەریان دەکات کە خودی ئەو چارەسازیانە بە دوای خۆیان دا کێشەی نوێ پێك دەهێنن. وڵاتانی خاوەند سامانی سروشتی دەوڵەمەند دەتوانن بە شێوەیەکی کاتی تا

ڕادەیەك چارەسەری بێكاری بكەن. حكومەتی ئێراقی پێش و دوای بەعس و حكومەتی هەرێمی كوردستان هەمیشە بۆ چارەسەری كێشەی بێكاری پەیڕەوی سیستەمی شاردنەوە یان ڕازیكردنی بێكاریان كردووە و دەیكەن. .ئەوەش لە ڕێگای هەڵاوساندنی فەرمانبەریەكان و دەزگا خزمەتگوزاریەكان و دەزگا و ئۆرگانە حیزبی و ئاسایشی و سەندیكا پیشەییەكان و ژمارەیەكی زۆری خانەنشین كردنەوە. لەو ڕێگایەوە بەشێكی زۆر لە بێكاران لە شێوازی جیاوازدا كردۆتە مشەخۆر بەسەر دەسكەوتی نەتەوەییەوە.

لە وڵاتانی بەرهەم هێن دا زۆربەی هێزە كاریە مرۆییەكان بەرهەم هێنن یان خزمەتگوزارین. خزمەتگوزاریەكانیش لە دوا ئەنجام دا لە بەرژەوەندی گەشەی فیزیكی و بەهرەكانی بەرهەم هێن دان. خزمەت یان بەرهەمەكانی هێزەكانی كار بەرامبەر موچەیەكە كە لە ئاستی خۆش گوزەرانیان دایە. لە هەمان كاتدابە شێك لە موچە و دەسكەوتەكان لە چوارچێوی سیستەمی باج دا دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت. دەوڵەت لە چەندین لایەنەوە لەو باجە سوودمەندە، سەرەكی ترینیان دوبارە بەكارهێنانەوەی ئەو باجەیە لە بوارە خزمەتگوزاریەكان دا بە گشتی و لە دابینكردنی لایەنی كەمی گوزەرانی بێكاران و خانەنشینیدا بە تایبەتی. هەروەها بەكار هێنانی بە شێك لەو باجە لە مامەڵەی دراو دا لە ڕێگای بانكی ناوەندیەوە، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات دا.

لە لایەكی ترەوە خستنەكارەوە بە ئەندازەی پێویست لە یەكە خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنیەكان دا بە ئاستی بەرزی موچە و دەسكەوت (بە پێچەوانەی دامەزراندن بە موچەی مەمرە و مەژی) دەبێتە هۆكاری ئەوەی هێزە كاریەكان كاریگەرتر لە كاردا بن و دەزگاخزمەتگوزاری و بەرهەمهێنە دەوڵەتیەكان و تایبەتیەكان چاوەڕوانی بەرهەم و خزمەتگوزاری لەبەرچاو لە هێزە كاریەكان بكەن.

کۆمەڵگای بەکارهێنەر

لە کۆمەڵگا بەکارهێنەریەکان دا ئەو شێوازی خستنە کارەوە کە بەشێکی زۆری بۆ ڕازیکردنی بێکارانە، چەندین زیانی بۆ ئابوری وڵات هەیە، لە بەرچاوترینیان؛

یەکەم: لە دەستدانی بەشێکی زۆر لە دەسکەوتی نەتەوەیی بۆ موچەی بێ بەرهەم یان کەم بەرهەم. بۆ خزمەتگوزاری ناپسپۆڕ و ناکامڵ و هەندێك جار زەرەر مەند.

دوهەم: بۆ زۆرترین ژمارەی خستنە کارەوە دەزگا و شوێن و کاروباری زیاتری خستنەکارەوە پێویستە و ئەوەش دوبارە بودجەی زیاتری پێویستە کە سەرچاوەکەی سەرمایەی چالاکی ناوخۆیە.

سێهەم: ئاستی نزمی موچەکان و دەسکەوت هێزی کڕین سنوردار دەکات و ئەوەش دەبێتەوە هۆیەك بۆ لاوازکردنی بازاڕ و دەسکەوتی ئەوانەش کە کاری سەربەخۆ دەکەن. ئەم هەل و مەرجەش ئاستی گوزەرانی زۆربەی خەڵک سنوردار دەکات و لە دوا ئەنجام دا بەرەو هەژاری دەبات کە یەکێکە لە فاکتۆرە گرنگەکانی ناسەقامگیری سیاسی وڵات. چوارەهەم: دروست کردنی زەمینەی وابەستەیی بە شێکی زۆر لە خەڵکی بە دەسەڵاتەوە جا ئیتر تاکە نفوزدارەکان بن یان پارتە سیاسیەکان یان دەسەڵات بە گشتی. بە تایبەتی ئەوانەی کە لە توانا و بەهرەکانی خۆیان دڵنیا نین و دەزانن گوزەرانیان بە بێ ئەو کەس و دەزگایانە لە مەترسی دایە.

کەڵەکە بونی سەرمایە لەدەستی دەسەڵاتداراندا کە لە شێوەی توێژێکی نوێدا سەرهەڵدەدەن کۆمەڵێك نەریتی تایبەت بە خۆیەوە هەیە کە مۆرکی شێوازی ئەو کەڵەکە کردنی سەرمایەیەی پێوە دیارە. بە پلەی یەکەم ئەوەیە ئەو سەرمایانەی لە ڕێگای گەندەڵیەکانەوە کەڵەکە دەبن بە شێوازی سەرمایەی ئاسایی ناخرێنەوە سەرمایەگوزاریەوە بەڵکو بە چەند شێوازێکی جیاواز بەکار دەهێنرێن؛

یەکەم: بۆ بەهێزکردنەوەی پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کەسانە یان ئەو لایەنە بەکاردەهێنرێن. کە سوود ناگەیەنێت بە ئابوری ناوخۆ.

دوهەم: دەرهێنانی زۆربەی یان بەشێکی سەرمایەکە لە بەکارهێنانی ناوخۆیی دا و گوێزانەوە و خەواندنی یان بەگەرخستنی لە بانك ومولّك و بازاڕە ماڵیەکانی دەرەوەی وڵات.

سێهەم: بۆ خستەکارەوەی لە سەرمایەگوزاری گەندەڵی نوێدا بە قەوارەی گەورەتر و فراوان تر، ئەم بەکار هێنانە سەرباری نا مەشروعیەتی لە دوو بەکار هێنانەکەی تر زیانی کەمترە، بە مەرجێك فاکتۆری خستنە کارەوەی لە ناوخۆی وڵات دا تیادا بێت.

لە خاڵی سێهەم دا لە زیانی کەمتر بە بەراورد لەگەڵ دوو بەکارهێنانەکەی تر دەدوێین نەك نەبونی زیان. خاڵی سێهەم بە ڕۆڵی خۆی کۆمەڵێك زیان و ڕێگری لە بەردەم سەرمایەی پاك دا دێنێتە دی.

زیانە سەرەکیەکەی ئەوەیە کە لە کاتی بەکارهێنانەوەی بەشێك لە سەرمایەی گەندەڵی لە ناوخۆدا پێشبڕکێیەکی ناشەرافەتمەندانە لەگەڵ سەرمایەی پاك دا ئەکات. بەو مانایەی سەرمایەی گەندەڵ ئاسان بەدەست بووە و لە بواری وەبەرهێنان دا کۆمەڵێک بەربەستی لە ڕێدا نەبووە کە دێنە بەردەم وەبەرهێنانی سەرمایەی ئاساییەوە. بۆیە دەتوانێ کارا تر و سەرکەوتو بێت بەسەر پێشبڕکێ دا. ئەوەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە؛

یەکەم: لە ڕێگای پلە و دەسەڵاتەوە باشترین تەندەرەکان دەکەونە دەست سەرمایەی گەندەڵەوە نەك سەرمایەی پاك و سەربەخۆوە. یان پاش چەندین دەستاو دەست کردن دەگاتە سەرمایەی مەشروعەوە و تێچونەکانی لەو ڕێگایەوە بەرزتر دەبێتەوە.

دوهەم: ئەگەر سەرمایەی پاك بۆ بەدەست هێنانی پرۆژەیەك پێویستی بەوە بێت کە بەشێک لە بودجەکەی بخرێتە بەخشینی بەرتیلەوە ئەوا سەرمایەی گەندەڵ بە هۆی پەیوەندیەکانیەوە ئەو لەدەست دانەی نیە.

سێهەم: ئەگەر سەرمایەی پاك پێویستی بەوە بێت بۆ مامەڵە و بەرهەم هێنان بەشێ لە سەرمایەکەی بۆ شوێن و جێگای پێویست تەرخان بکات لە شێوازی کڕین یان بەکرێ

گرتن دا ئەوە بۆ سەرمایەی گەندەڵ پێویست نیە و لە ڕێگای پەیوەندیەکانەوە شوێن و جێگای حکومی و گشتی بە نرخی هەرزان و ڕەمزی بۆ دابین دەکرێت.

چوارهەم: باجەکان لەسەر سەرمایەی پاك بە پێی یاساکان و ناچاریە. لە کاتێکدا سەرمایەی گەندەڵ ئاسان دەتوانێت خۆی لە باجەکانی دەوڵەت بدزێتەوە.

پێنجەم: سەرانە و بونە شەریکی نارەوا تەنها یەخەی سەرمایەی پاك دەگرێتەوە.

شەشەم: گەیشتن بە زانیاریە پێویست و بنەڕەتیەکان، بە تایبەتی ئەو زانیاریانەی لە نێوەندە حکومیەکانەوە دەردەچن و لە بەرژەوەندی وەبەرهێنان دا دەبن، پێشکات ئاگادار بوون لێی بۆ سەرمایەی گەندەڵ ئاسانتر و ڕێ پێدراو ترە.

حەوتەم: باج و گومرگ لەسەر کەرەسەکانی سەرمایەی پاك لایەنی زۆری لەسەر دادەنرێت. بەڵام سەرمایەی گەندەڵ ئاسانکاری بۆ دەکرێت.

ئەمانە بە گشتی دەبنە هۆکاری ئەوەی کە سەرمایەی ناوخۆی پاك خۆ ڕاگر نە بێت بەرامبەر سەرمایەی گەندەڵ و هێزی پێشبڕکێی نەبێت.

ئەمەش دەبێتە هۆی سڵەمێنەوەی سەرمایەداری ناوخۆ لە بەشداری چالاك لە وەبەرهێنان دا. یان ناچار دەبن بخزێنە ناو گەندەڵی و تۆڕەکانی گەندەڵیەوە. یان ببنە وابەستە و پاشکۆی سەرمایەی گەندەڵ

تویژی بچوك و مام ناوەندی گەندەڵ

لە سێبەری گەورە گەندەڵەکان و سەرمایەی بەدەست هاتو لە گەندەڵیەوە، لە خواریانەوە هەندێك کاسبکار بە سەرمایەی دیاری کراوەوە و هەندێك لە فەرمانبەرانی دەوڵەتی مام ناوەندی و بچوك یان تازە بە پلە گەیشتوو سوودمەند دەبن.

بێگومان سەرمایە کەمەکان و مام ناوەندیە پاکەکان و فەرمانبەرانی دوور لە گەندەڵی زیاتر لە مەترسی لە ناوچون دان لەبەر دەم پێشبڕکێ نابەرابەریەکانی ئاستی خۆیان. تێکشکانی بازرگانیە بچوك و مام ناوەندیەکان زیاتر بەهۆی بەرتیل و گوشار و ڕێگریی زۆری فەرمانبەران و دەسەڵاتدارانی مام ناوەندیەوەیە. بە پێی ئامارەکانی

بانکی جیهانی 25 لە سەدای تێکشکانەکان و نابوت بونی ماڵی سەرمایەدارانی بچوك
.و مام ناوەندی لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەو هۆیانەوە بووە

تەواوی ئەو هەل و مەرجەش لە جێی خۆیانەوە جگە لە ڕێگری لە گەشەی سەرمایەداری ناوخۆ ڕۆڵی خراپیان لەسەر چەند لایەنێکی تری بودجەی دەوڵەت هەیە کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت لە خزمەتی کۆمەڵگا دا بەکار بهێنرێت. ئەوانەش وەك ئەوەی لەسەرەوە باسکران، بریتین لە بەربەست کردنی پێکهێنان و گەشەی سیستەمی باجی دەوڵەتی، لاوازکردنی ئەو سەرمایەگوزاریانەی کە لە کاردان، دابەزاندنی چۆنایەتی بنەما ژێرخانیەکان، گۆڕینی بەهرەکان و هێزە کاریەکان بۆ مشەخۆر بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتەوە، تێکدانی بنەماکان و شێوازەکانی .خەرجیەکانی دەزگا دەوڵەتیەکان لە خزمەت گوزاریەکان دا

ئەم توێژە گەندەڵە بە بەراورد بە زۆربەی کۆمەڵگا لە خزمەتگوزاریە دەوڵەتیەکان و سەرجەم لایەنەکانی تری دەزگا گشتیەکان سوود مەند ترن و دەیخەنە خزمەت ژیان و گوزەرانی خۆیان و خێزان و دەورو بەرەکانیانەوە. لە لایەکی ترەوە لە ڕێگای بەرتیل و دیاریەکانیانەوە سەرچاوەیەکی لاوەکی بۆ دەسکەوتەکانیان دابین دەکەن. بەڵام سەرجەمی ئەو دیاردانە بەشێك لە خزمەتگوزاریەکان و موچە و دەسکەوتی خەڵکی کەم دەکاتەوە کە لە ڕێگای سوود مەندی زیاتر و بەرتیلەوە بەو توێژە دەبەخشرێت. ئەمەش دوبارە هۆکاری کەمکردنەوەی هێزی فیزیکی و پسپۆری و توانای کڕینی زۆربەیە و زیاد کردنی ژمارەی هەژارانە و نزیکبونەوەیە لە هەژاری بە ئاستە .جیاوازەکانیەوە

لێکۆڵینەوە مەیدانیەکان سەبارەت بە کاریگەری گەندەڵی و ئابوری و هەژاری لەسەر یەکتری

جگە لە تیۆریەکان و پەیوەستە لۆجیکیەکان،بە پێی تاقیکردنەوەکان وا دەردەکەوێت کە پەیوەندیەکی کاردانەوەیی ڕاستەوخۆ لە نێوان گەندەڵی و گەشەی ئابوری و لە دوا .ئەنجام دا هەژاری هەبێت

ژمارەیەکی زۆر لە دەزگا جیهانیەکان لە لێکۆڵینەوە مەیدانیەکانیان دا گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە نەبونی گەشەی ئابوری ژمارە و ئاستی نزمی گوزەرانی هەژاران زیاتر دەکات و هەژاران هەژارتر دەکات. بە پێچەوانەشەوە تاقیکردنەکان نیشانیان داوە زیاد بونی بەرهەمی گشتی ناوخۆ دەسکەوتی هەژاران زیاتر دەکات و باری گوزەرانیان بەرز تر دەکاتەوە. یەکێك لە پشتیوانیە گرنگەکانی گەشەی بەرهەمی گشتی ناوخۆ بریتیە لە ڕادەی کەمی گەندەڵی. کە ڕێخۆشکەریە بۆ گەشەی ئابوری. ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی سەرمایەکانی ناوخۆ و دەرەوە نەسڵەمنەوە و بە شێوەیەکی مەشروع بخرێتە گەڕ و قەوارەی بەرهەمی ناوخۆ گەورەتر ببێت. لە هەمان کات دا دەسکەوتەکانی بۆ تەواوی کۆمەڵگا بێت لە ڕێگای خستنە کارەوە و بەرزکردنەوەی دەسکەوت و موچەکان و بەهێزکردنی توانای کڕین و باجدان بە دەوڵەت و بەرهەمی ناوخۆ خستنە بازارەوە بەرجەستە دەبێت.

گەشەی تەندروستی ئابوری ناوخۆ دەبێتە هۆی ئەوەی دەسکەوتەکان (قازانج یان موچە) بە شێوازێکی ڕەوا دابەشبکرێت. دابەشکردنەوەی دەسکەوتەکان فاکتۆرێکی نێوەندیە (توسط) ی لە نێوان گەشەی ئابوری و هەژاری دا. لەبەر ئەوەی گەشەی ئابوری هەمیشە ڕاستەوخۆ لە خزمەتی هەژاران دا نیە ، بەڵکو دابەشکردنەوەی دەسکەوتەکانە کە بەهۆی ئەو گەشەیەوە دێتە دی و دەچێتە سوودی اۆربە و بە تایبەتی هەژارانەوە. ئەمەش دوبارە پاش بەهێزکردنەوەی هێزی کڕینی هەژاران لە گەشەی دەسکەوتی پوختی تاك دا لە لایەك و بەرهەمی گشتی ناوخۆدا خۆی بەرجەستە دەکات، و ئابوری ناوخۆ زیاتر بەرەو گەشەو سەقامگیری دەباتەوە. لە هەر دوبارە بونەوەیەکیشدا ئەم چەرخاندنە سوودمەندە لە بەردەوامی و لە گەشەدا دەبێت و سودەکانی دوبارە و چەند بارە دەبنەوە.

تیۆریەکان بە لێکۆڵینەوە مەیدانیەکان پشتیوانی کراون کەلە لایەن کەسان و دەزگا نێونەتەوەییەکان لە وڵاتانی جیاواز دا ئەنجام دراون؛

بانکی جیهانی World Bank

بانکی جیهانی لە ڕێگای چەند لێکۆڵینەوەیەکەوە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندیەکی کار و کاردانەوە هەیە لە نێوان گەندەڵی و گەشەی ئابوری دا.

ئەم پەیوەندیەش پەیوەندیەکی ئاڵۆزە. ئەوەی جێی گومان نیە ئەوەیە کە گەندەڵی گەشەی ئابوری زوو یان درەنگ بەربەست دەکات و دەبێتە هۆکاری ناڕاستەوخۆی بڵاوبونەوە و قوڵ بونەوەی هەژاری.

بە ڕای لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی بانکی جیهانی بڵاو بونەوەی هەژاری لە وڵاتانی ڕابردوی سۆڤیەت دا بە هۆی دابەزینی لە سەدا پەنجای بەرهەمی گشتی ناوخۆوە بووە. لە وڵاتانی ناوەند و ڕۆژ هەڵاتی ئەوروپا هەژاری بەهۆی دابەزینی لە سەدا پانزەی بەرهەمی ناوخۆوە سەریهەڵداوە. لەو وڵاتانەدا هەژاری بە توندی پەیوەست بوو بە گەندەڵی فەرمانبەری و گەندەڵیش لە ڕێگای تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی مەیدانیەوە دەبەسترێتەوە بە گەشەی ئابوریەوە.

- لە وڵاتانی وەکو بۆسنیە و گانا و سلۆڤاکیا و پۆلۆنیا بازرگانە بچوکەکان قوربانی بەرتیل دان و سەرانە لێسەندنن لە لایەن فەرمانبەرانی گەندەڵەوە و زۆربەیانی بەرە و نابوتی ماڵی بردووە.

- لە بەنگلادش لە سەدا 30 لە دەسکەوتی دەوڵەت بە هۆی بەرتیل خۆری لەدەست دەچێت.

زیانەکانی گەندەڵی بە جۆرێك کاریگەرن لە ژیان و گوزەرانی زۆربەی خەڵك لە ڕۆمانیا، ئیندۆنێزیا و کامبۆجیا خەڵکی ئامادەن باجی زیاتر بدەن بە دەوڵەت بە مەرجێك گەندەڵی کەم بکرێتەوە.

- م. ج. کویبریا ((M.G. Quibria

کوبیریا یەکێکە لە ئابوری ناسان کە کار بۆ زانکۆ جیاوازەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان دەکات. لە ڕێگای لێکۆڵینەوە مەیدانیەکانەوە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە وڵاتانی لە حاڵەتی گۆڕانی سەر بە یەکێتی سۆڤێتی ڕابورد و لە گوێزانەوەیان دا بۆ ئابوری

بازاڕ ڕووبەڕووی دابەزینی سەرەکی بەرهەم هێنان و سستی گەشەی ئابوری بونەوە .ئەوەش کاریگەری خۆی لەسەر هەژاری لەو وڵاتانەدا پێشان داوە

کوییریا سەبارەت بە گەشەی وڵاتانی ئاسیای دوور کە بە هۆی گەشەی ئابوریانەوە بە پڵنگەکانی ئاسیا ناسراون، دەڵێت: " گەشەی خێرای ئابوری نێوان 1980 تاکو 1990 بە ڕادەیەکی بنچینەیی ژمارەی هەژارانی خوار یەك دۆلاری ( بۆ سەرێك لە ڕۆژێك دا) دابەزاندووە. لەو وڵاتانەدا دابەشکردنی دادپەروەرانە بۆتە هۆکاری ".دابەزینی توندی هەژاری

- لێکۆڵینەوەی گوپیتا و ئەوانی تر (the Gupta et al study1998 )

لە لێکۆڵینەوە لە 56 وڵاتی جیاوازدا لە پەیوەستەی گەندەڵی و گەشەی ئابوری و هەژاری دا گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە کەمبونەوەی هەژاری بە ڕۆڵی خۆی .کاریگەرە لەسەر بەرەو پێشەوە بردنی گەشەی ئابوری وڵات

- گروپی لێکۆڵینەوەی دۆلار و کرای بانکی جیهانی بۆ گەشە پێدان

Dollar and Kraay of the World Bank Development Research Group

لە لێکۆڵینەوەی مەیدانیان دا لە 80 وڵات دا لە ماوەی 4 دەیەدا گەیشتونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەسکەوتی نزم ترین توێژی لەسەدا بیستی دانیشتوان هاوکات لەگەڵ گە شەی بەرهەمی گشتی ناوخۆ بۆ هەر سەرێك بەرز بۆتەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ بەرز بونەوەی لەسەدا یەکی گەشەی بەرهەمی گشتی ناوخۆ، لە سەدا یەك لە .دەسکەوتی هەژاران زیادی کردووە

دەیان لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی مەیدانی کەسانی ئابوری ناس و ڕێکخراو و دەزگا جیهانیەکان ئەو ڕاستیە پێشان دەدەن کە گەندەڵی لە دوا ئەنجام دا هەژاری بەدوای .خۆیدا دێنێت. نمونەی تر بە پێویست نازانم و مشتێك نمونەی خەروارێکە

:دەرئەنجام

گەندەڵی دەکرێت شێواز و قەوارەی جیاوازی هەبێت. گەندەڵی لە هەر وڵاتێك دا تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. گەندەڵی لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسی فەرمی و نافەرمیەوە بە تایبەتی لە وڵاتانی خاوەند سامانی سروشتی دەوڵەمەند دەبێتە هۆی پێك هێنانی توێژێکی خاوەن سەرمایەی گەورە. لە سایەی ئەوانیش دا توێژێکی بچوك و مام ناوەندی لە گەندەڵان پێك دێت. ئەم توێژانە هەر یەکەیان بە شێوازی خۆیان بەربەست دەبن لە گەشەی ئابوری وڵات و دوا ئەنجام بەرزکردنەوەی ژمارەی هەژاران و دابەزاندنی ئاستی گوزەرانی هەژاران( هەژاران هەژار تر و دەوڵەمەند دەوڵەمەند تر دەکەن).

گەندەڵی کاریگەریەکانی لە ڕێگای جیاوازەوە لەسەر باری ئابوری وڵات نیشان دەدات گرینگترینیان؛ دروستکردنی جیاوازی و بۆشایی فراوان لە دەسکەوت و موچەکاندا، تێکدانی سیستەمی پێشبڕکێی دروستی سەرمایە، تێکدانی سیستەمی بازار، لاوازکردنی هێزی کڕینی زۆربە، بەرزبونەوەی ناشەرعی خەرجی بۆ ئەنجام دانی بازرگانی و بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاریەکان، لاواز کردنی دەزگا فەرمانبەری و خزمەتگوزاریەکان، بەهێزکردنی دەسەڵاتە نایاسایی و نامەشروعەکان، نەهێشتنی متمانەی هاووڵاتی بە یاسا و دەزگاکان و بەرپرس و سەرانی وڵات.

ڕێژەی زۆر و فراوانی دیاردەی گەندەڵی بە تایبەتی لە لایەن خودی دەسەڵاتدارانەوە شەرعیەتی حکومەت و دەزگاکانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. کاتێك کە هاوڵاتیان و لایەنی سیاسی و دەزگا دژ بە گەندەڵیەکان بێ هیوا دەبن لە چاکسازی بە ئاراستەی گۆڕانکاریە ڕادیکاڵیەکاندا دەچن و لە دوا ئەنجام دا قەیرانە سیاسیەکان سەرهەڵدەدەن. بۆیە دەکرێت بوترێت ئەو کەس و لایەنە سیاسیانەی بەرنامە بە ئاراستەی چاکسازیەکان و دژایەتی کردنی گەندەڵی دەخەنە ڕوو ڕێگرن لە ڕودانی قەیرانەکان. بە پێچەوانەوە ئەوانەی پشتگوێخەر یان پەیرەو کەری بەردەوامن لەسەر گەندەڵی، دروستکەر و بەرپرسیاری زەمینەی قەیرانە سیاسیەکانن.

## قورخکردنی دەسەڵات .. گەورەترین گەندەڵییە

قورخکردنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و، دانانی کەسانی نابەڵەد و بێ توانا و نەشیاو، لە پۆست و پلە و پایەی باڵاو و شوێنی شیاوی دەسەڵات و حکوومەتدا، گەورەترین گەندەڵی و، پیسترین پەتا و، زەقترین زۆرداری و خۆسەپاندە لە دەسەڵاتدا، لەمانەش قێزەوەنتر، بەکارهێنانی هێز و زەبرە، بۆ درێژەدان بە مانەوە لە دەسەڵاتدا، ئەمەش پێشێلکردن و سوکایەتی کردنە، بە پرنسیپەکانی ئازادی و دیموکراتی و، بە دادوەری و بە سەروەریی یاسا و، بە مافەکانی مرۆڤ .

لە ئەمڕۆدا، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا ، بە کوردستانی ئێمەشەوە، لەگەڵ بەشێک لە وڵاتانی ئەفریقادا، نەک هەر پاشایەتی و میرایەتی میراتین، بەڵکو حوکمی کۆماریش بۆتە میراتی و، لە بنەماڵە و عەشیرەتدا قورخکراوە .. کوڕ جێگای باوک دەگرێتەوە، برا لە جێی برا دادەنرێ، برازا لە شوێنی مام، خزم لە شوێنی خزم، تیتک زا لە شوێنی پورزا، پیا بڕۆن تا دەگاتە دواکەسی بنەماڵە و عەشیرەت .. پوست و پلە و پایە باڵاکان، بە پێی نزیکی و دووری لە بنەماڵەوە، دابەش دەکرێن، دەستیش بەسەر سەرچاوەی گرنگی ئابووری و بەرهەمهێنادا دەگرن و، تەخشان و پەخشان بە پارەی گەلەکەمانەوە دەکەن .. کۆمپانییە گەورەکانیش لە ژێر دەسەڵات و چەتری ئەماندایە .. خزم خزمێنە و، مەحسووبەت و مەنسووبییەتە، بەرژەوەندی و گۆڕینەوەیە، لادان و شاردنەوەیە، بێ ئەوەی شەرم بکەن، بێ ئەوەی گوێ بە برسێتی

و بێزاری و کوێرەوەری و ژیانی کوللـەمەرگی رۆڵەکانی گەلەکەیان بدەن .. ئەوان ئەم پۆستە باڵایانە بە موڵکی تایبەتی خۆیانی دەزانن و قورخکردنیشیان هەر بە مافی خۆیانی دەزانن، لە خۆشیان زیاتر بڕوا و متمانەیان بە کەسانی دڵسۆز و لێهاتوو و پسپۆر و، بە خاوەن بڕوانامەی بەرز نییە، لە خۆشیان زیاتر کەس بە شیاوی ئەم پۆستانە نازانن .

ئەم پەتایە، نەک تەنها دووچاری دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بووە، بەڵکو ئەم گەندەڵییە بۆتە درمێکی کوشندە و، زۆربەی حیزبە دەسەکاتدار و بێ دەسەڵاتەکانی باشووری کوردستان پێوەی مەفتەلابوونە .. پۆست و پایە و، ئەندامانی سەرکردایەتی باڵا و ، کارگێرانی مەکتەبی سیاسی و پەرپرسانی لیژنە و، لقەکانی شارەکان و قەزا و ناحییەکان و شارەدێیەکانیشی گرتۆتەوە .. پۆستە باڵاکان لە نێوان بنەماڵە و عەشیرەتدا، دابەش کراون، بێ ئەوەی حیساب بۆ توانا و پسپۆری و لێهاتوویی ئەو کەسانە بکەن .. ئیتر خزمێنە و باڵ باڵێنەوە و، بەخشین و وەرگرتنە .. کوڕەکەی تۆ با ئاغا بێ و، کوڕەکەی منیش کوێخا بێ .. ئەم گەندەڵییە شۆڕوبۆتەوە بۆ پۆستەکانی قوتابخانەکانیش، ئەگەر بەڕێوەبەری قوتابخانە پارتی بێ، دەبێ جێگرەکەی یەکێتی بێ، یا بە پێچەوانەوە، گوێش بە توانا و شارەزایی و ئەزموون و کەسایەتی ئەو مامۆستایانە نادەن، مادام سەر بە ئەوان بێ کەموکوڕین و، هێچ مەرجێکیا ناوێ .. مامۆستایانی سەربەخۆی بێلایەنی حیزبیش، گەر خاوەنی بەرزترین بڕوانامە و، ئەوپەڕی شارەزایی و توانا و پسپوری و ئەزموونیان هەبێت، ئەوپەڕی دڵسۆزی پیشە و کارەکانیان ببن و، تا سەر ئێسقانیش کورد و کوردستان پەروەربن، لای ئەوان بێ توانانن و، بە شایانی پۆست و پایەی بەڕێوەبەر و جێگر و سەرپەرشتیاریان نازانن .. پلەیان لە لای ئەوان سفرە .. ئەم مەنسووبییەت و مەحسووبییەت و، باڵ باڵێنە و، بە بنەماڵەکردن و بی عەشیرەت کردن و، بە حیزبکردنی پوستەکانی فەرمانگاکان و قوتابخانەکان، زیانێکی زۆری بە خودی حیزبەکان خۆیان و بە بەرژەوەندی گەلەکەمان گەیاندوون و، هۆکارێکیشن بۆ ململانی و لاوازبوونی ئەو

حیزبانە و، لە دەستانی بڕوا و متمانەی خەڵکیش پێیان . لە ئەمڕۆدا، کۆمەڵێک کەسانی هەلپەرست و خۆپەرست و بەرژەوەندی پەرست و کورسی پەرست هەن، بۆ دەسکەوت و بەرژەوەندی تایبەتیی خۆیان، خۆیان دەبەنە پێشەوە و، خۆیان بەم حیزبانەوە هەڵواسیون، مامە حەمەیی و، ماستاو بۆ ئەم ئەو دەکەن، دووروون و، کێ لە سەرەوەبێت بە شانا و باڵی ئەودا هەڵدەدەن .. ـ بە بێ ناوهێنان ـ مامۆستایەکی کورد لە کەرکوکدا، لە کاتی دەسەڵاتی بەعەسی شۆڤێنیدا، ببوو بە بەعسی، سیخوڕی و خراپەشی کردووە، بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە، ئەم زەلامە هەلپەرستە بوو بە ئەندامی حیزبێکی دەسەڵاتداری کوردی، ئێستا لە کەرکووکدا، کراوە بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی .. سووریش دەزانن کە پرۆفایلی پاک نییە .. بە پێچەوانەی ئەمیشەوە، ژمارەیەکی زۆری مامۆستای کوردی بێ لایەنمان هەن، خۆیان ڕاگرت و، ئامادەبوون کە واز لە پیشەکەیان بهێنن و، ملکەچی بەعس نەبوون، بە داخەوە وەکو ئاگادارم، بەشێکی زۆری ئەم مامۆستا دڵسۆزانە، تەنها لەبەر ئەوەی کە نەچوونەتە نێو حیزبە کوردییەکانەوە، پشت گوێ خراون، کە لە ناویاندا مامۆستایی زۆر دڵسۆز و کورد و کوردستان پەروەر و، شارەزان و خاوەن ئەزموونی پەروەردەیی و بەڕێوەبردنن .. پێوەری دڵسۆزی و نا دڵسۆزی لای ئەم حیزبانە، نزیکی و دووری ئەو کەسانەیە، لە حیزبەکانیانەوە .. ئەگەر لایەنگریان بیت کەواتە دڵسۆزێ ..! بەڵام ئەگەر بێ لایەن بیت و لەگەڵیاندا نەبیت، یا لە !حیزبێکی تر بیت ، بە دڵسۆزت نازانن .. ؟

پەتای گەندەڵی و بە حیزبی کردن، کۆمەڵە کولتوورییە کوردییەکان و، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی کوردستانیشیان گرتۆتەوە، حیزبە کوردییەکان لە زۆربەی شارەکانی ئەوروپادا، لە ململانێدان، بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئەو کۆمەڵە کولتووری و کۆمەڵایەتییانەدا بگرن و، بۆ بانگەشە و بەرژەوەندی حیزبەکانیان و، بۆ خۆ هەڵکێشان و پۆزلێدان دەیان قۆزنەوە .. تەنانەت لە نێو ئەو حیزبانەشدا، ململانێ ناوچەگەریش هەیە لە دەنگدان وخۆکاندیدکردندا .. بۆیە لە زۆر لە شارەکانی ئەورەپادا، کەسانی وا

بوونە بە بەرپرس و، بە ئەندامانی دەستەی کارگێری ئەم کۆمەڵانە، کە نە رۆشنبیرن و نە سیاسەتمەدارن، نە هیچیان پێیە و، هیچیان لەباردایە، لەو لای هیچەوە لۆقە دەکەن .. ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کەسانێکی رۆشنبیر و نووسەری بە توانای بێ لایەن، لەم رێکخراوانە دوور بکەونەوە .. بە حیزبی کردنی ئەم کۆمەڵانە هۆکارێکیشە بۆ لاوازبون و بێ بەرهەمی ئەم کۆمەڵە و رێکخراوانە .. پێویستە بە ویژدانیشەوە قسەبکەین، لە ریزی ئەم حیزبانەدا، کەسانی ناسراو و دڵسۆز و رۆشنبیر و پسپۆر و بە توانا و تێکۆشەر و خاوەن رابردوویەکی پڕ لە خەبات و قوربانیدان هەن .. بەڵی هەن .. بەڵام لە دەسەڵاتدا سنووردارن و، ناتوانن هێڵی " بڤەیە " یە ببەزێنن، ناتووانن بە راشکاوی رەخنە لە هەڵەکان و، لە گەندەڵییەکانی حیزبەکانیان بگرن و، قبووڵی نەکەن، ئەگینا جێیان لەو حیزبەدا نابێتەوە، یا دەبنە دەسەڵاتدارانی بێ دەسەڵات و سڕدەکرێن .

لە راستیدا، هەڵبژدانی حیزبەکانیش بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان و، ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش و، هەڵبژاردنەکانی ناو خودی حیزبەکانیش بوونەتە، سیناریۆ، کارێکی رووکەشی و رووتینن، خەڵەتاندن و، بە فیرۆدانی کات و سامانی گەلەکەمانە .. کارێکی پەردەپۆشییە و، دەیانەوێت وا خۆیان پێشان بدەن، کە نوێنەری شەرعین گەلن و، بە زۆرینەی دەنگی خەڵکی بۆ ئەو پۆست و دەسەڵات و کورسییانەی وەریان گرتوون سەرکەوتوون .. بەڵام لە راستیدا وانییە .. چەند لاوێکی بێ ئەزموون، کە بە پلە و پەیژەی حیزبایەتیدا، پایە بە پایە سەرنەکەوتوون، ئەی چۆنئەمانە ـ لە پرێک بوون بە کوڕێک .. ؟! چۆن یەکسەر لە خوارەوە گەیاندیاننە سەرکردایەتی و، بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و، کران بە وەزیر و، بە بەرپرسێکی باڵای گرنگ و هەستیار لە حکوومەتدا .. ؟! ئایە بە توانا وپسپۆری و شیاوی و مافی خۆیان ئەم پۆست و پایە و بەرپرسێتییەیان لە حیزب و لە دەسەڵاتادا وەرگرتن .. ؟! یان لەبەر ئەوەی کە کوری فلان کەسن، کە ئەندامی سەرکردایەتی و دەستەی باڵای فلانە حیزبن، ئەگەر چی فلان و فلانەش شیاوی ئەو پۆست و شوێنانەی حیزبەکانیان

نین کە وەریان گرتوون .. چونکە لەوان دڵسۆزتر و لەوان سیاسەتمەدارتر و لەوان بە تواناتر و، لەوانیش تێکۆشەرتر و پسپۆرتر و شیاوتر لە ناو ئەو حیزبانەدا هەن ؟ بۆ ئەم ئەندامە لێهاتووتر و شیاوترانە، بەرزنەکرانەوە و، ئەو پۆستە گرنگ و هەستیارانەیان پێیان نەدران ..؟! ێمە لە سەرکردایەتییەکانی حیزبەکان دەپرسین .. چ وەڵامێکتان هەیە .. بۆ جیاوازیکردن و نادادپەروەری و نا دیموکراتی و نایەکسانی لە نێو حیزبەکانتان ..؟! .. ئایا بە ئازادی و بە زۆربەی دەنگ ، ئەم پۆست و پایانەیان وەرگرتوون .. ؟! ئەی ئەم گەندەڵییانە بە گەندەڵی نازانن .. ؟! .. گەندەڵیکارەکان کێن ..؟! لە پەرلەمانی کوردستانیش دەپرسین ، ئەی ئێوە چۆن دەنگ و متمانەدانی خۆتان بە ئەم کەسە نابەڵەد بێ ئەزموونانە دا، کە ئەم پۆستە باڵایانەی دەسەڵات وەرگرت .. نەمان بینی کە چەند ئەندامێکی پەرلەمان دەست بەرزەوەبکەنەوە و، بوێرن و، بڵێ فڵان و فڵان، شایانی و شیاوی ئەو پۆستە و ئەو شوێنانە دەسەڵات نین ..؟! ئەی بۆ لێیان ناپرسن (ئەمەت لە کوێ بوو .. ؟!) ئەم ترس و نەوێرییەی ئێوەیە، گەندەڵی .. دروست کردووە و، کەڵەکەی کردووە

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، دیکتاتۆری لەخۆبایی گۆڕبەگۆڕ سەدام حوسێن، راپرسییەکی گشتی لە عێراقدا ئەنجامدا، بۆ ئەوەی بزانێت بە رێژەی چەند لە سەدا خەڵکی عێراق سەدامیان دەوێ و، بە (بەڵێ) دەنگی بۆ دەدەن .. لەم راپرسییەدا، کە سیناریۆیەکی دروستکراوبوو، گۆایە ئەنجامەکەی (٩٩، ٩٩ %) ی دەنگەکان .. بە وەڵامی (بەڵێ) وەڵام درابوونەوە .. بەڵام هەموومان ئەوە دەزانین کە ئەم راپرسییە کاڵتەجاڕی بوو، چوونکە ئەو رێژەیەی پێش ئەنجامدانی راپرسییەکە دانرابوو، پێش . ئەوەی دەنگدەران دەنگ بدەن، لە بەرانبەر ناوەکانیان (بەڵێ) نووسرابوو

سەدامی گۆڕبەگۆڕیش دەسەڵات پۆستە باڵاو و گرنگەکانی سەرکردایەتی بەعس و حکوومەتی عێراقی لە بنەماڵەکەی و عەشیرەتەکەیدا قورخکردبوون، دابەشی کردبوون بەسەر کوڕەکانی و براکانی و ئامۆزاکانی و زاوکانی و خەزوورانی و ..

عەشیرەتی تکریتی .. هەر ئەم گەندەڵی و زۆرداری، سەری سەدام و کوڕەکانی و زاواکانی و براکانی و ئامۆزاکانی خوارد .

هیوادارم دەسەڵاتداران و کاربەدەستان و بەرپرسەکانمان، وانە و پەند، لە بەسەرهاتی ئەو دەسەڵاتدارە ملهوڕانە وەربگرن، کە چارەنووسیان بەچی گەیشت .. هیچ زۆردار و دیکتاتۆرێک چەند بەهێزیشبن .. ناتوانن لە بەردەم ڕەشەبایی تووڕەیی و شەپۆلەکانی ڕاپەڕینی گەلدا خۆیان بگرن .. پێویستە گەندەڵی لە دەسەڵات و حکومەتدا بنبڕبکەن .

هیواداری ئەوەشم (نان بە نانەوا و گۆشت بە قەساب) بدرێت .. کەسان شیاو بخرێنە شوێنی شیاوەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، هەموو دەمودەزگاکانی حکوومەت بکرین بە موئەسەساتی، نەک بە حیزبی .. رێ بە هیچ حیزبێکیش نەدرێ، دەست لە کاروباری حکوومەت و لە بڕیارەکانی دادگا وەردات .. بەرژەوەندی باڵاو و چارەنووس و داهاتووی گەلەکەمان بخەنە سەرووی هەموو دەسکەوت و بەرژەوەندییەکی تایبەتی حیزبەکانتانەوە .. یاسا سەروەربێت و، بە هیچ کلۆجێکیش چاو لە هەڵە و لە بەرتیل و لە مەحسووبیەت و مەنسووبیەت و گەندەڵییەکانی وەزارەتەکان و نەپۆشرێت .. پەرلەمانی کوردستانیش ببێتە مەرجەعی ڕاستیی گەل و، نەبێتە پاشکۆی دەسەڵات و حیزبەکان ، پەرلەمان نەبێتە گۆڕەپانی ململانی حیزبەکان و شوێنی کیتلەبازی ، پەرلەمانی کوردستان، ئەو ئازایەتییەی هەبێت کە بانگهێشتی گەورەترین دەسەڵاتدار و بەرپرس و وەزیر بۆ پەرلەمان بکات و لێیان بپێچنەوە ، ئەگەر بە گەندەڵییەوە گلابن، سەر بە هەچ حیزبێک بن، چاوپۆشیان لێ نەکەن و، بۆ خەڵکی ئاشکرایان بکەن و ، بیان دەنە دادگا و و بەپێی یاسا سزا بدرێن .. تا ببن بە پەند بۆ کەسانی تر .

## گەندەڵی و بازرگانی کەرتی تەندروستی خنکاندووە

لەهەموو وڵاتانی جیهان وەک ئاشکرایەو دەبینرێت کەرتی تەندروستی هەستیارترین کەرتە و لە هەموو کەرتەکانی دیکە زیاتر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هاونیشتمانیانەوە هەیە ، بەڵام بەداخەوە لەهەرێمی کوردستان لە سایەی دەسەڵاتی دوو بنەماڵەی بازرگان و مافیا ، ئەم کەرتە بووە بە ئامرازێکی بازرگانیکردن و سەرتاپا وەک کەرتەکانی دی بە حیزبی کراوە . بازرگانیکردنی دەرمان لە لایەن سەرمایەدارێکی حیزبێکەوەو چەندان کەسی نەخوێندەواری هاوشێوەی خۆی و دەوروپشتی خۆی قۆرغکراوە وەهەروەها بەپێی قسەی شارەزایانی دەرمان کوالێتیەکی نزمی دەرمان هاوردەی ئەم هەرێمە دەکرێت . بەڵام هیچکام لەو شارەزایانە ناوێرن ڕەخنە بگرن یاخود سکاڵایی یاسایی لەسەر ئەو دۆسیە گەندەڵیە تۆمار بکەن ، چونکە ڕووبەڕوی زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و تەنانەت مردنیش دەبنەوە . ئەو سەرمایەدارە مافیا ئاسایانە لەم هەرێمەدا لە سەروو یاساوەن. بەنموونە لە ماوەی ڕابردوودا پزیشکێک بە ناوی ( بەختیار ئەمین ) ڕووبەڕوی ئەشکەنجەدان بویەوە تەنها لەبەر ئەوەی ڕەخنەی لە کوالێتی دەرمان گرتبوو ! وەهەروەها کارمەندێکی تەندروستی لەنەخۆشخانەی قەڵادزێ کەناوی (عبدلرحمان هەڵشۆی ) ە و هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بەدواداچونێکدا گەندەڵییەکی گەورەی بەڕێوەبەری

گشتی تەندروستی ڕاپەرین و بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی ژاراوەی سەر بەقەزای قەڵادزێ ئاشکرا دەکات

رەحمان هەڵشۆیی پێشتر لەسەر ئاشکرا کردنی گەندەڵی لە نەخۆشخانەی قەڵادزێ نەقڵ کرا بۆ ژاراوە، چونکە لەو مەڵبەندە تەندروستییەی قەڵادزێش گەندەڵییەکی گەورەی ئاشکراکرد وەک کارمەندێکی بوێرو چاونەترس و خەمخۆری خەڵک و خەمخۆری کەرتی تەندروستی بەڵام بەداخەوە تاوانبارانیش هیچ ئیجرائاتێکی یاساییان ! ڕووبەروو نەکرایەوە ! سەرەڕای سکاڵای یاسایی پزیشکەکە

ئەوە لەلایەک لەلایەکی ترەوە شانبەشانی دەستبەسەراگرتنی نەخۆشخانە (بە ناو) حکومیەکان ، نەخۆشخانە ئەهلیەکانیش لە لایەن سەرمایەدارانی دوو حیزبەکەوە دامەزرێندراون . بۆیە بە شێوەیەکی بەرچاو نەخۆشخانە حکومیەکانیان پشتگوێ خستوە و خەڵکی متمانەیان بەو نەخۆشخانانە نەماوە ، بەمشێوەیەش ژمارەی سەردانیکەرانی نەخۆشخانە ئەهلیەکان زیادی کردووە و لەم ڕێگەیەوە خزمەتی . سەرمایەی خۆیان کردووە

ئەم گەندەڵکاریەش تەنها لە ئاستی باڵادا نیە ، بەڵکو شۆڕبۆتەوە بۆ کارمەندانی تەندروستیش ( پزیشک ، دەرمانساز ، کارمەندانی تەندروستی ..هتد) .بە شێوەیەک لە کاتی دامەزراندنی نۆرینگەیەکی پزیشکیدا پێویستە ڕێکەوتنێک لە نێوان پزیشک و دەرمانساز و کارمەندی تاقیگەدا ئەنجام بدرێت . کە زۆربەی ڕێکەوتنەکان بەم شێوەیەیە ( پارەی ئۆفیس و سکرتێری پزیشکی پسپۆڕ لەلایەن دەرمانساز و خاوەنی تاقیگەوە دابین دەکرێت و لە بەرامبەر ئەوەدا پزیشک دەرمان و پشکنینی زیاتر بۆ نەخۆش دەنوسێت ) . بەمشێوەیەش کارمەندانی تەندروستی بازرگانی بە ژیانی نەخۆشەوە دەکەن و بڕە پارەیەکی زیاتریان دەستدەکەوێت ! و تاکە زەرەرمەندیش کە فریودەدرێت نەخۆش و هاونیشتمانیانن . بەم شێوەیە کەرتی تەندروستی بووە بە تۆڕێکی بازرگانیکردن . کە شکۆی یەکێک لە پیرۆزترین پیشەکانی ( کە پزیشکیە ) . بێ بەها کردووە

سەرەڕای ئەم هەموو گەندەڵیە ، هیچ لێپرسینەوەیەک لەو گەندەڵکارانە ناکرێت و لیژنەی نەزاهەش بێدەنگی هەڵبژاردووە ! ئاخۆ ئەبێت کەی بێت و ئەو گەندەڵکارانە بدرێنە دادگا ؟! کەی سیستەمێکی پێشکەوتووی تەندروستیمان هەبێت ؟! کەی نەخۆش و کارمەندانی تەندروستی خاوەن مافی خۆیان بن ؟ کەی حیزب و سەرمایەداری لە خزمەتکردن جیا بکرێتەوە ؟

ئەم پرسیارانە و چەندان پرسیاریتر بێ وەڵام ماونەتەوە و تاکو ئەم دوو کۆمپانیایە حکومەت بەڕێوەبەرن گەندەڵی بنەبڕ نابێت و خەونی من و هەزارەها گەنجی وەک من بەدی نایەت و هەرگیز هەنگاوێک ناچینە پێشەوە بە ئاراستەی پێشکەوتن.

## - گەندەڵیەکانی کەرتی تەندروستی لە سلێمانی

گەندەڵی و چاوچنۆکی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان، تا دێت زۆر دەبن و ئاسانتر لە لای خەڵکی کوردستان ئاشکرا دەبن، لەم رۆژانەدا برادەرێکم باسی ئەوەی بۆ کردم کە نەخۆشێکیان لە نەخۆشخانەی شۆرش کاری نەشتەرگەری بۆ کراوە،بەرامبەر بەو نەشتەرگەریە برێك پارەیان داوە، دواتر باسی ئەوەی کرد کە لە نەخۆشخانە حکومیەکانی سلێمانیدا،بۆ ئەو نەشتەرگەریە برێکی کەم پارە وەردەگیرێت، برادەرەکە وتی : پار خزمێکی نزیکی خۆمم لە نەخۆشخانەی جامعەکە عەمەلیاتی زراوی بۆ کرا، پێنج هەرزار دیناریان لێسەندین،بەڵام هەمان کاری نەشتەرگەریمان لە نەخۆشخانەی شۆرش بۆ خزمێکی تر کرد،بری 350و000 سێسەد و پەنجا هەزار دیناریان لێوەرگرتین. ئەوەی برادەرەکەمی زۆر نیگەران کردبوو ئەوەبو، وایزانیبو نەخۆشخانەی شۆرش بە خۆرایی چارەسەری نەخۆشی خەڵك دەکات، کەچی وا دەرنەچوبوو.

منیش خۆم پێنەگیرا و سەردانی کارمەندێکی تەندروستیم کرد و لە بارەی نەخۆشخانە و خزمەتگوزرای تەندروستیەوە پرسیارم لێکرد، ئەویش بە گوێرەی توانای خۆی وەڵامی دامەوە، لە سەر سیاسەتی تەندروستی دکتور بەرهەم و دکتور تاهیر هەورامی و دکتور رێکەوت قسەی بۆ کردم، منیش قسەکانیم خستە چوراچێوەی ئەم نوسینەوە،دەمەوێت بە سود وەرگرتن لە بۆچونەکانی ئەو کارمەندە ، چەند وتارێك

دەربارەی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی یەکێتی لە سەر خزمەتگوزرای تەندروستی بنوسم و لە سایتی کوردستانپۆست بڵاوی بکەمەوە.

کۆڵەکەیەکی بنەرەتی سیاسەتی حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان،برسی کردن و هەژارکردنی خەڵکی کوردستانە و گلدانەوەی داهات و قوتی خەڵکی کوردستانە لە گیرفانی خۆیاندا،یەك لەو کارانەی کە کردویانە کۆنترۆڵکردنی کەرتی خزمەتگوزاری تەندروستیە،بۆ ئەوەی لە کەرتێکی ئینسانی خزمەتگوزرایەوە بیکەنە کەرتێکی بەرهەمهێنی بازرگانی و دەست بە سەر قازانجەکەیدا بگرن.
کاندید کردنی د.تاهیر هەورامی لە لایەن تاڵەبانیەوە بۆ پۆستی وەزیری تەندروستی، مایەی نارەزایی هەمو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بو،بەڵام تەنها خاڵێك کە تاهیر هەورامی و بەرپرسەکانی یەکێتی پێکەوە گرێدەدا، تاهیر هەروامیش وەك بەرپرسەکانی یەکێتی کەسێکی بازرگان بو و دەیتوانی خزمەتگوزاری تەندروستی هەرێم بکاتە دەزگایەکی بەرهەمهێن و جێگەی پرۆژە بازرگانیەکانی یەکێتی تیا بکاتەوە.بۆچونی بەرهەم ساڵح لە سەر کەرتی تەندروستی ئەوەبوو، کە سیستەمی تەندروستی هەرێم وەك سیستەمی تەندروستی ئەمریکا لێبکات و خزمەتگوزاری تەندروستی بکاتە پرۆژەی پارەکێشانەوە لە نەخۆش.ئتر کارەکانی تاهیر هەورامی لەگەڵ پرۆژەکانی بەرهەم و ئیدارەی گشتی و هێرۆدا گونجا و بە باشی رۆیشت، پرۆژەی تەواکردنی نەخۆشخانە 400 قەرەوێلەیەکەی سلێمانیان پەك خست،نرخی بلیتی عیادە تایبەتەکانی بەرزکردەوە، لە ماوەی 2 دوو ساڵدا، لە شاری سلێمانی چەندان نەخۆشخانەی ئەهلی- تایبەتی کردەوە کە ئەمە ناوەکانیانە:
نەخۆشخانەی ژیان.
نەخۆشخانەی سۆما.
نەخۆشخانەی هەرێم.

نەخۆشخانەی بەرزی.

نەخۆشخانەی روناکی.

هەردو نەخۆشخانە گەورەکەی فاروقی مەلا مستەفا و ئاسۆ بامۆکی لە ئایندەیەکی نزیکدا تەواو دەبن.

ئەمە لە کاتێکدایە نەخۆشخانە 400 قەرەوێڵەیەکەی سلێمانی ماوەی 10-12 ساڵە کاری تێدا دەکرێت و تەواو نەکراوە، ئەمە لە کاتێکدایە بۆ نەخۆشیە کتوپڕەکانی پارێزگای سلێمانی و ناوچەی گەرمیان تەنها نەخۆشخالنەیەکی فریاکەوتنی بچوك هەیە و بەرپرسانی یەکێتی و وەزارەتی تەندروستی، ئامادە نەبوون نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتن بۆ سلێمانی بکەنەوە .

لە ماوەی دوو ساڵی حوکمرانی بەرهەم ساڵ و تاهیر هەوراميدا ئەو هەموو نەخۆشخانە تایبەتە- ئەهلیە کوالیتیە نزمانە کراونەتەوە ، کەچی نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتنیان بۆ سلێمانی نەکردەوە.

ئەو نەخۆشخانە تایبەتانەی لە ماوەی دوو ساڵی رابوردوادا لە سلێمانی کراونەتەوە، ئەوانەشی پێشتر هەبوون، هەر هەموویان پشکی بەرپرسانی یەکێـی و ئیدارەی گشتی تێدایە، بەڵام بەرپرسانی ئەو حزبە سۆسیاڵدیموکراتە هەر بەوە ناوەستنەوە کە خزمەتگوزاری تەندروستی بکەنە کەرتێکی تایبەت، بەڵکو تا بۆیان بکرێت، کادرو دەرمان و ئامێری پزیشکی نەخۆشخانەکانی کوردستان لە رێگەی جۆراوجۆرەوە بەرکاردەهێنن بۆ ئەوەی سەرمایەی زۆرتری پێکۆبکەنەوە.

لە پێناوی دزی و کۆکردنەوەی پارەدا، بەربەردەوامی یەکێتی یاسا و رێسا دەشکێنێ ، لە هیچ حکومەتێکدا دیاردەی وا نەبووە، کەسێك لە دوو وەزارەتی حکومەتێکدا بەرێوەبەری گشتی بێت و ئەندامی دەزاگایەکی حزبی وەك ئیدارەی گشتی بێت، بەڵام لای حکومەتەکەی دەڤەری سەوز، ئەم دیاردەیە دەبینرێت و ئاساییە، ئەوەتا دکتور رێکەوت حەمە رەشید ماوەی چەند ساڵێکە لە یەك کاتدا بەرێوەبەری گشتی

فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیە لە وەزارەتی تەندروستی، هەروەها بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکانی شۆرشە لە وەزارەتی پێشمەرگە، جگە لەوە لە گەڵ دلێری سەید مەجیدیشە لە ئیدارەی گشتی، دەبێت ئێمە بپرسین بۆچی یەکێتی لە یەك کاتدا ئەو سێ پۆستەی ئاڵاندۆتە ملی دکتور رێکەوت؟ ئایا یەکێتی کەسی تر شك نابات لە باتی دکتور رێکەوت بیکاتە بەرپرسی نەخۆشخانەکانی شۆرش، یان بیکاتە بەرپرسی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی؟

نەخێر، زۆر کەسی وەك رێکەوت و تاهیر هەروامی هەن رۆژانە دەچنە بەردەمی تەکیەکەی هێرۆ بۆ ئەوەی لوتف بکات و پۆستێکیان بداتێ، بەڵام دانانی رێکەوت لە یەك کاتدا لەو دوو پۆستە بۆ دزییە، بۆ ئەوەیە دکتور رێکەوت دەرمان و ئامێر و کادری پزیشکی نەخۆشخانە حکومیەکانی سلێمانی بگوازێتەوە بۆ نەخۆشخانەی شۆرش، لە نەخۆشخانەی شۆرش نەخۆش بە پارە ببینرێت و بە پارە عەمەلیاتیان بۆ بکرێت و پارەکە بخاتە سەر داهاتە دزراوەکەی تری خەڵکی کوردستان و بچێتە .گیرفانی حزبەکەیەوە

لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا، تەنها لە سنوری پارێزگای سلێمانی نەخۆشخانەی شۆرشی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە هەیە، ئەم نەخۆشخانەیە لە رێگەی وەزارەتی پێشمەرگەوە دەرمان و ئامێر و پزیشك و کادری بۆ دابین ناکرێت، پێوەندی بە وەزارەتی بەرگری عێراقەوە نییە تا لەوێوە پێویستی نەخۆشخانەکە دابین بکرێت، هیچ جۆرە پێوەندییەکی فەرمیش لە نێوان نەخۆشخانەی شۆرش و وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمدا نییە، تا وەزارەتی تەندروستی هەرێم مولزەم بکات پێویستیەکانی نەخۆشخانەی شۆرش دابین بکات. هیچ دکیۆمێنتێك لە بەردەستدا نییە ئیدارەی گشتی پێویستیەکانی نەخۆشخانەکانی شۆرش دابین بکات، ئەی کەوابو ئەم نەخۆشخانەیە چۆن کارەکانی ئەنجام دەدات؟

ئەو پزیشکانەی لە نەخۆشخانەی شۆرش کار دەکەن، لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی موچە وەردەگرن، ئەو کامەندانەی لە نەخۆشخانەی شۆرش کار دەکەن، لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی موچە وەردەگرن، دەبێت ئەو دەرمان و ئامێرانەش کە لە نەخۆشخانەی شۆرش کاریان پێدەکرێت، هەر لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی وەربگیرێن. ئا لێرەدا گرنگی دکتور ریکەوت وەك سەرۆکی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی و وەك بەرپرسی نەخۆشخانەی شۆرش بۆ دزیی و گزیی یەکێتی گرنگ دەبێت و رۆڵی کاریگەر دەبێت.

نەخۆشخانەی شۆرش بۆ پیاوەکانی دەزگای زانیاری، بۆ پێشمەرگەکانی یەکێتی و بنەماڵە دەسترۆیشتوەکانی یەکێتی کراوەیە و بە خۆرایی پشکنین و چارەسەریان بۆ دەکرێت، لەو توێژانە بەولاوە، بۆ باقی خەڵکی کوردستان، نەخۆشخانەی شۆرش نەخۆشخانەیەکی نیمچە ئەهلیە، پشکنین و چارەسەری بە پارەیە، بۆ نمونە کاری نەشتەرگەریی زراو بە 350 هەزار دینارە، کاری نەشتەرگەری لەوزەتێن بە 75 حەفتاو پێنج هەزار دینارە.

یەکێتی نیشتمانی ئەم نەخۆشخانەیە بە نەخۆشخانەی حیزب حساب دەکات و بۆ پرۆپاگەندەی حیزبی بەکاری دەهێنێت، کەچی حیزب پێویستی نەخۆشخانەکە دابین ناکات، پێویستی نەخۆشخانەکە، زانست و دەرمان و ئامێری دزراوی نەخۆشەکانی پارێزگای سلێمانیە، یەکێتی خۆی بەوە هەڵدەکێشێت کە نەخۆشخانەی شۆرش بە خۆرایی چارەسەری نەخۆشەکان دەکات، بەڵام ئەو بە خۆرایی چارەسەرکردنە یان ئەو پارە رەمزیە وەرگرتنە، تەنها پیاوەکانی حیزب دەگرێتەوە، باقی خەڵکی کوردستان بە بێ پارە لە نەخۆشخانەی شۆرش چارەسەر ناکرێن، بەو شێوەیە نەخۆشەکانی سلێمانی دوو جار دزییان لێدەکرێت، جارێك بەشە دەرمانەکەیان دەدزرێت، جارێکی تریش لە نەخۆشخانەی شۆرش دەرمانە دزراوەکەیان

پێدەفرۆشنەوە. لە سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستاندا داهاتی پشکنین و چارەسەری نەخۆشی لە رێگەی وەزارەتی تەندروستیەوە دەچێتە سەر داهاتی وەزارەتی دارایی، لەگەڵ برادەرەکەم زۆر گەراین و پرسیاری زۆرمان کرد تا بزانین داهاتی نەخۆشخانەی شۆرشی نیمچە ئەهلی دەچێتە سەر حسابی وەزارەتی تەندروستی یان دەچێتە سەر حسابی وەزارەتی دارایی، هیچ سەرچاوەیەکی زانیاری نەیتوانی بیسەلمێنێت کە داهاتی نەخۆشخانەی شۆرش دەگەرێتەوە سەر حسابی وەزارەتی دارایی.

لێرەدا چەند پرسیارێك راست دەبنەوە، ئایا بری پارەی پێویستی ساڵانەی نەخۆشخانەی شۆرش چەندە؟ ئایا ئەو برە پارەیەی ساڵانە بۆ پشکنین و چارەسەری نەخۆش لە نەخۆشخانەی شۆرش وەردەگیرێت چەندە؟ ئایا پارەکە دەچێتە گیرفانی کێوە؟ دەدرێتە هێرۆ خان؟ دەدرێتە ئیدارەی گشتی؟ یان دەدرێتە دەزگای زانیاری؟ ئەو کەسەی کە دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، ئەو دکتور رێکەوتەیە کە لە یەك کاتدا سەرۆکی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیە، بەرپرسی نەخۆشخانەی شۆرشە، دەست وپێوەندی هێر و دلێری سەید مەجیدی بەرپرسی ئیدارەی گشتیشە.

بروانامەی دکتورەکانی یەکێتی، بە بەرد رەبایەیان گرتوە، یان لەیزەر لە چاویان رِوواوە؟

دەربارەی گەندەڵییەکانی کەرتی تەندروستی، لە بەشی یەکەمی وتارەکەمدا باسی ئەوەم کرد، کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کەرتی تەندورستی بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە بە کارهێناوە، لە بەشی دووەمی وتارەکەمدا باسی یەکێتی نیشتمانی دەکەم، چۆن لە سەر حسابی ژیانی خەڵك و پیشەی پزیشکان، لە رێگەی عیادەی (دوکانی لاکۆڵان)ی هەندێك کارمەندانی تەندروستی و لە رێگەی فاڵچیەکانییەوە، پیشەی

پزیشك و دەرمانسازان داگیر دەکات و دەیداتە دەستی کەسانێك کە نەك هەر لە پیشەی پزیشکی و خزمەتگوزاریی تەندروستییەوە دورن، خوێندن و نووسینیش نازانن.

پێش راپەرین لە سەردەمی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عراقدا، سیستەمی تەندروستی بە گوێرەی یاسا و بە پێوانەی سیستەمی سۆسیالیستی، خزمەتی پێشکەش بە هاوڵاتی نەخۆش دەکرد، کەرتی تەندروستی یەك لەو کەرتانە بوو، کە رژێمی بەعس نەیتوانی بە باشی گەرای تێدا دابنێت و بیخاتە خزمەتی خۆیەوە. لە دوای راپەرین کاتێك دەسەڵاتی هەریمی کوردستان کەوتە دەستی حزب، بۆ تەواوکردنی ئەو کارەی بەعس بناغەی دانابوو، هەر حیزبە لە لای خۆیەوە لە چوارچێوەی بە حیزبیکردنی کۆمەڵگادا، هەوڵیدا کەرتی تەندروستیش بخاتە ژێر هەژمونی خۆی و داگیری بکات، کاتێك حزب بینی پزیشکەکان غرووریان هەیە و وەك باقی پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگا ئامادە نین ببنە کۆیلەی حیزب، ئیتر شاڵاوی حزب بۆ پەراوێزکردن و بێ کاریگەرکردنی پزیشکانی کوردستان بە شێوازی جیاجیا دەستیپێکرد.

1. لە دوای راپەرین، حزبە دەسەڵاتدارەکان پشتگیری کۆمەڵەی کارمەندانی تەندروستی و سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستانیان کرد، بۆ ئەوەی لە ناو نەخۆشخانەکان و لە دەرەوەی نەخۆشخانە، لە عیادەکان، لە هەموو روویەکەوە بەربەرکانێی پزیشکەکان بکەن، سەندیکای کارمەندانیش بە پاڵپشتی حزب، لە پێناوی بەرژەوەندی دەستەی باڵای سەندیکادا، هانی کارمەندانیان دا، بۆ نمونە ئێواران عیادەی نەخۆش بینین و دەرمان فرۆشتن دابنێن، بە خۆرایی نەخۆش ببینن و بە هەرزان دەرمان بفرۆشن، ئەم دیاردەیە وای لێهاتوە، داهاتی مانگانەی کارمەندێك لە داهاتی مانگانەی پزیشکێك زیاتر بێت، لە ژێر فشاری پزیشکاندا، لە ماوەی رابردوودا وەزارەتی تەندروستی بڕیاری دا، کە 400 چوارسەد دوکانی دەرمان فرۆشی دابخات.

ئەم دیاردەیە کاریگەری زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە لە سەردەمی جیهانگیریدا دەسەڵاتی هەرێم هانی خەڵك دەدات سەردانی کەسانێك بکەن بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەیان نەپزیشکن و نە دەرمانساز، نە شارەزاشن لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیدا، نە شارەزان لە نواندنی دەرماندا، بەو شێوەیە خەڵکی کوردستان لە رووی ژیان و تەندروستیەوە زیانێکی گەورەی لێدەکەوێت، ئەمەش یەك لەو هۆکارانەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشیە مەترسیدارەکانی هەرێم لە قۆناغی کۆتاییدا دەچنە لای پزیشك، بەو شێوەیە رێژەی سەقەت بوون و مردنی نەخۆشەکانی هەرێم لە چاو وڵاتانی تردا تا دێت بەرزدەبێتەوە.

ئەم دیاردەیە پێشێلکردنی زەقی یاسایە، لەبەر ئەوەی لە هیچ وڵاتێکدا کارمەندی تەندروستی بۆی نییە عیادە بکاتەوە و نەخۆش ببینێت و دەرمان بۆ نەخۆش بنوسێت و دەرمان بفرۆشێت، بەڵکو ئەوە تەنها دکتۆرە دەبێت بەو کارە هەڵبستێت، کەچی کارمەندی تەندروستی بۆی هەیە هاوکاری پزیشك بێت و بە گوێرەی رێنمایی پزیشك و دەرمانساز کار بکات و دەرمان بەکاربهێنێت.

لە لایەکی ترەوە،لە سایەی دەسەڵاتی هەرێمدا، زوڵمێکی گەورە لە پزیشکان و دەرمانسازان دەکرێت ، کە دوو توێژی هەرە گرنگی کۆمەڵگان و سەرمایەی زانستی هەر وڵاتێکن، بەوەی دەسەڵات رێگە دەدات لە لایەن توێژێکی ترەوە پیشەکەیان داگیربکرێت و بە هەڵە بەکاربهێنرێت. لە هەمو حاڵەتەکاندا بە پلەی یەکەم نەخۆش و برینداراني کوردستان زیان دەکەن، بە پلەی دوەمیش پزیشکان و دەرمانسازانی کوردستان زیان دەکەن و گەندەڵی زیاتر تەشەنە دەکات.

2- شێوازێکی تری شەری دەسەڵات بەرامبەر بە پزیشکان، هاندان و پشتیوانی دەسەڵاتە بۆ کەسانی نەخوێندەوار و فاڵچی، بۆ ئەوەی عیادەی پزیشکی دابنێن و نەخۆش ببینن، هەندێکی تر هاندەدەن دوکانی کەڵەشاخ بکەنەوە و بکەونە خوێنگرتنی

خەڵکی کوردستان، ئەم جۆرە کەسانە دوور و نزیك هیچ پێوەندییەکیان بە زانستی پزیشکی و خزمەتگوزاری پزیشکیەوە نییە، زۆربەی ئەوانە ئەلف و بێ نازانن، بەڵام نەك هەر لە لایەن حزب و ئاسایشی شارەوە پشتگیری دەکرێن بۆ ئەوەی لە شوێنی پزیشکان نەخۆش ببینن و چارەسەری نەخۆشەکان بکەن، گۆڤار و رۆژنامە و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، پرۆپاگەندەیان بۆ بڵاودەکەنەوە و هانی خەڵك دەدن سەردانیان بکەن. بەرامبەر ئەم دیاردە نازانستی و نایاسایییە، لە راپەرینەوە تا ئەمرۆ، بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی هیچ هەڵوێستێکی جدیان نیشان نەداوە.

ئەو کارمەندەی کە هاوکارمە بۆ دەستنیشانکردنی گەندەڵیەکانی کەرتی تەندروستی، وتی جارێکیان یەك لە بەرپرسەکانی تەندروستی سلێمانی ویستویەتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ یەکێك لەو دوکاندارانە بکات، کە لە گەرەکی کارێزەوشکەی شاری سلێمانی عیادەی کردۆتەوە ناوی خۆی ناوە عەبدولرەحمانی باورەدار، کاتێك بەرپرسەکە پرسیاری دەربارەی کار و پیشەی عەبدولرەحمان و پلەی خوێندەواری کردوەە، دەبینێت ئەم پیاوە هیچ پێوەندی بە پیشەی پزیشکیەوە نییە و خوێندەواریشی نییە، دوای لێکۆڵینەوە کە بەرپرسەکەی تەندروستی بە عەبدولرەحمانی وتوە: ئەی تۆ پێوەندیت بە پیشەی پزیشکیەوە نییە و خوێندەواریت نییە، چۆن ئەو کارە مەترسیدارە دەکەیت؟ عەبولرەحمانی باورەدار وەڵامی داوەتەوە و وتویەتی: من پێشمەرگە بووم لە نزیك گوندی شارستێنەی ناحیەی مەرگە، بە بەرد رەبایەم گرتووە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتوە کە عەبدولرەحمان نە پێشمەرگە بووە، نە پێشمەرگەش بە بەرد رەبایەی گرتووە.

نمونەیەکی تری خەڵك فریودان و پزیشك پەراوێزخستن و نەخۆش کوشتنی کوردستان بە دەستی بەرپرسانی یەکێتی، لە رێگەی ساختەچیەکانەوەیە، عیادەکەی

شێخ لەیزەرە لە گەرەکی راپەرینی شاری سلێمانی نمونەیەکە، ماوەی چەند ساڵێکە کەسێك بە ناوی شێخ نەجمەدین، رایگەیاندوە کە تیشکی لەیزەر لە چاوەکانیدا رووەوە، بەو تیشکە هەمو نەخۆشیەکانی مرۆڤ دەستنیشان دەکات و چارەسەریان دەکات، شانبەشانی دعایەکانی شیخ بۆ خۆی، کەنالەکانی راگەیاندنی یەکێتی و رێکخستنە نهێنی و ئاشکراکانی یەکێتی ، پرۆپاگەندە بۆ ئەم کابرایە دەکەن، گوایە لەیزەر لە چاویدا رواوە و توانای هەیە هەموو جۆرە نەخۆشێك چاك بکاتە، ئەم پرۆپاگەندەیەی یەکێتی بۆ شێخ لەیزەر، هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و دوورە لە فەلسەفەی سۆسیاڵ دیموکراتی ئەو حزبەوە، تیشکی لەیزەر جۆرە تیشکێکی تایبەتە تەنها لە کانزاوە دروستدەبێت و لەشی مرۆڤ ئەو تیشکە دروست ناکات، بەو شێوەیە رۆژانە سەدان نەخۆشی بەستەزمان سەردانی شێخ دەکەن و کەسیش چاك نابێتەوە، ئەوانەشی گوێ لە ئامۆژگاریەکانی دەگرن نەخۆشیەکەیان تەشەنە دەکات و لە مەرگ نزیك دەبنەوە. ئەم برادەرە کە ئێستە لای پزیشکان بە شێخ لەیزەر ناوی دەرکردوە و لای دەسەڵاتیش بە شێخ نەجمەدینی موعجیزە ناسراوە، پێشمەرگە نەبووە، لە دوای راپەرین پێوەندی بە یەکێتیەوە کردووە، لە ناوەراستی نەوەدەکاندا تاوانبار کراوە کە پێوەندی سیخوری لەگەڵ وڵاتێکی دراوسێ دروستکردوە، لەگەڵ برایەکیدا ماوەی 2 دو ساڵ زیاتر لای یەکێتی زیندان کراون.

بەو شێوەیە دەبینین دەسەڵاتدارانی یەکێتی و نوێنەراکانیان لە کەرتی تەندروستی، رێگە دەدەن سەدان کەسی وەك ئەمانە کە هیچ جۆرە پێوەندییەکیان بە پیشەی پزیشکیەوە نییە، خۆیان بکەنە پزیشك و دەستدرێژی بکەنە سەر ژیان و تەندروستی خەڵکی کوردستان، لە پێناوی ئەوەدا ئەم کەسە تاوانبارانە دژی پزیشکان کار بکەن و هەواڵی سیخوری بۆ حیزب بنێرن.

شێوازێکی تری دژایەتیکردنی پزیشکانی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتەوەئەوەیە ، .3 لە دوای راپەرینەوە تا روخانی رژێمی سەدام، لە دوای روخانی رژێمی سەدامیش تا ئیمرۆ، دەسەڵاتی هەرێم، وەك چۆن پشتگیری لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی جوتیاران ناکات، پشتگیری لە کەرتی پیشەسازی هەرێمی کوردستان ناکات، بازارەکانی هەرێمی بۆ بەرهەمی بێگانە واڵاکردووە، ئاستی زانستی پزیشکان و نەخۆشخانەکان لە کوردستان بەرز ناکاتەوە و دەرگای خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ پزیشکانی بێگانە خستۆتە سەر پشت، پزیشکی عەرەبی عراق، پزیشکی ئێرانی، پزیشکی ئوردونی و تورکی، بە ئارەزوی خۆیان بە بێ ئەوەی حساب بۆ پسپۆریان بکرێت، دێنە کوردستان و بە برێکی زۆر پارە نەخۆش دەبینن و کاری نەشتەرگەری بۆ نەخۆشەکانی هەرێم دەکەن، بە گوێرەی یاسای سەندیکای پزیشکان، لە هیچ وڵاتێکدا بە عراق و کوردستانیشەوە، رێگە نادرێت پزیشك لە کەنالەکانی راگەیاندنەوە پرۆپاگەندە بۆ خۆیان و بۆ پیشەکەیان بکەن، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا، کاتێك سەیری ریکلامی کەناڵەکانی راگەیاندن دەکەین، پریەتی لە ریکلام بۆ پزیشکی تورکی و ئێرانی و ئوردونی، بەرامبەر بەو سەرپێچیە یاسایی و پیشەییە، نە سەندیکای پزیشکان و نە بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی هەڵوێستیان نییە. ئا لێرەدا جارێکی تر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان شەری پزیشکانی کوردستان دەکەن و سنوری کار و ئاستی پێشکەوتنی زانستیان تەسك دەکەنەوە.

برادەرەکەم بۆی گێرامەوە، کە پزیشکان بەرامبەر بەو هەڵوێستانەی دەسەڵاتی هەرێم زۆر نارازین، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرقاڵی پیشەکەیانن و باش خۆیان رێکنەخستوە، نازانن چۆن وەڵامی تاوانەکانی دەسەڵات بدەنەوە، نازانن چۆن نەخۆشەکان و خەڵکی کوردستان لەم تاوانە گەورانەی دەسەڵات بە ئاگا بێنن و رۆژێك پێکەوە نەخۆش و بریندار و پزیشك ، بەرامبەر دەسەڵات هەستنە سەرپێ ، وەك ئەوەی ساڵی 1985 سەندیکای پزیشکانی سودان پێشەنگی راپەرینی سودانیان کرد و رژێمی جەعفەر

نومێریان روخاند ، ئەمانیش رۆژێك پێشەنگایەتی راپەرینێك بکەن و دەسەڵاتی تاڵەبانی و بەرزانی بروخێنن.

سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، لە کار و چالاکی و لە بەرنامەشدا گەندەڵە کارمەندەکەی هاورێم لە درێژەی قسەکانیدا لە سەر گەندەڵیەکانی کەرتی تەندروستی، باسی گەندەڵیەکانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بۆ کردم، وتی: لە وڵاتە دیموکراتەکاندا، سەندیکا و رێکخراوی ناحکومی، پێشەنگی کۆمەڵگای مەدەنیە، پردێکە لە نێوان دەسەڵات و جەماوەردا، داواکاری خەڵك دەگەیەنێتە دەسەڵات و چاودێری کارەکانی دەسەڵات دەکات، لە چوراچێوەی بەرژەوەندی گشتیدا، داکۆکی لە مافی تاك و پێکهاتە جیاکانی کۆمەڵ و نوێنەرایەتی ئەو پێکهاتانە دەکات، کە بەرژەوەندیان لە گۆران و گەشەکردندایە، بەڵام لە سایەی دەسەڵاتی حیزبیی هەرێمی کوردستاندا، سەندیکا و رێکخراوە نا حکومیەکان، لە رێرەوی ئاسایی خۆیان لایانداوە، بونەتە بەشێك لە دەسەڵاتی حیزبیی هەرێم، ئتر ئەو سەندیکایانەش وەك حیزب چونەتە ناو دەسەڵاتەوە، بەو خۆتێکەڵکردنە لەگەڵ حیزب و حکومەت، هێندەی تر گۆمی گەندەڵی کەرتی تەندروستی هەرێمیان قوڵکردوە.

لە دوای راپەرین، هەرێمی کوردستان لە نێوان پارتی و یەکێتیدا دابەشکرا، سەندیکا و رێکخراوە ناحکومیەکانیش دابەشکران، هەر حیزبە و نوێنەری خۆی کردە بەرپرسی سەندیکا و رێکخراوی سنوری دەسەڵاتی خۆی، سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتیدا بو بە موڵکی یەکێتی، سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لە سنوری دەسەڵاتی پارتی بو بە مۆڵکی پارتی، سەندیکای پزیشکانیش بە هەمان شێوەی سەندیکای کارمەندان دابەشکرا.

سروشتی هزری خۆپەرستانەی بەرپرسی سەندیکا و رێکخراوەکان، پابەندبوونیان بە سیاسەتی حیزبەوە، حساب نەکردنی سەندیکا بوو بۆ بەرژەوەندی نەخۆش و بۆ پێشخستنی زانست و خزمەتگوزاری تەندروستی، سەندیکای لە بەها و ئامانجەکانی دورخستەوە، ئەگەر سەرنجی شێوازی دامەزراندن و کارو چالاکیەکانی سەندیکای

کارمەندان تەندروستی بدەین، بۆمان روندەبێتەوە کە یەك لە هۆکارەکانی گەندەڵبونی کەرتی تەندروستی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیە.

هەر لە سەرەتاوە لە کاتی هەڵبژاردنی دەستەی باڵای سەندیکای کارمەندانی تەندروستیدا، بەتەنها حیزبی دەسەڵاتدار دەستی نەخستە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی باڵای سەندیکاوە، مەفرەزەیەکی چەکداری ئاسایشی سلێمانی، لە ژێر فەرماندەیی تەوفیق عەلی کۆنە گۆرانییبێژدا، هاتنە ناو قاعەی کۆنفرانسەکە و کەوتنە تەزویر کردن بۆ جەبار و گروپەکەی، هەر کەسیش قسەی بکردایە و نارەزایی نیشانبدایە، هەرەشەی دەستگیرکردنیان لێدەکرد.ئاخۆ ئەگەر دەستەی باڵای سەندیکایەك لە دوای راپەرینەوە تا ئەمرۆ حیزب و ئاسایش بیسەپێنیت بە سەر کارمەنداندا، چی بۆ کارمەندان و نەخۆش و بریندارانی کوردستان دەکات، ؟ چی بۆ پێشخستنی خزمەتگوزاری تەندروستی دەکات؟

1.لە سەر داوای سەندیکا، بە بێ رەزامەندی کارمەندانی تەندروستی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بریاری داوە هەمو مانگێك هەر کارمەندێك بڕێك لە موچەکەی ببڕدرێت و بدرێت بە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، ئەم بریارە مانگانە لە لایەن کارمەندانی دارایی فەرمانگە و نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکانەوە جێبەجێدەکرێت.بەو شێوەیە کارمەند بە تەنها زیانی مادی ناکات، بەڵکو بە ناچاری، بە بێ ئەوەی رەزامەندی وەربگیرێت، دەکرێتە ئەندامی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی .ئەم جۆرە رەفتارانەی سەندیکا و حکومەت، نیشانی دەدات کە چۆن سەندیکا لە ئەرکی راستەقینەی خۆی لایداوە و بۆتە بەشێك لە دەسەڵات، نارەزایی کارمەندان بۆ ئەو بریارەی حکومەت، هێندەی تر پێوەندی نێوان دەسەڵات و کارمەندان ناکۆك دەکات و رێگە لەبەردەم کێشەی تردا دەکاتەوە.

2.یەك لە کارەکانی تری سەندیکای کارمەندانی تەندروستی ئەوە بووە، کە بەرپرسانی سەندیکا، لە شار و قەزا و ناحیەکانی کوردستاندا، واز لە کاری پیشەیی بهێنن و تەفەروغ بکەن بۆ کاری حیزبی و کاری ڕێکخراوەیی، بەڵام لە هەمان کاتدا، لە فەرمانگەی تەندروستی و نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان موچەی خۆیان وەربگرن. ئەم دیاردەیە یەك لە جۆرەکانی گەندەڵییە کە بە لای سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستانەوە کارێکی ئاساییە، بەڵام لە ڕاستیدا یەکێکە لە هۆکاری گەندەڵییەکانی وەزارەتی تەندروستی، کاتێك کارمەندێك دەبینێت هاوکارەکەی کاری پیشەکەی ئەنجام نادات، بەڵام وەك ئەو موچە وەردەگرێت، ئیتر ئەو کارمەندەش بڕوای لاواز دەبێت و وەك پێویست ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام نادات.

3.سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان، داکۆکی لەو کارمەندانە دەکات کە دلسۆزی حیزبن، بەرامبەر بەو دلسۆزیەیان سەندیکا داوا لەبەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی دەکات ئەو کارمەندانە لە بنکە تەندروستیەکان دابنێن و لە نەخۆشخانەکان دایان نەنێن، بەو شێوەیە ژمارەی کارمەندانی تەندروستی لە بنکەکانی تەندروستی تا دێت زۆرتر دەبن، وایلێهاتوە، هەر کارمەندێك هەفتەی ڕۆژێك دوو ڕۆژ لە بنکەکان دەوام دەکەن، بەو شێوەیە کارمەندانی تەندروستی لە لایەکەوە فێری تەمەڵی دەبن، لە لایەکی ترەوە پەنا دەبەنە بەر کاری تر و پیشەکەی خۆیانیان لە بیردەچێتەوە.

4.یەك لە کارەکانی تری سەندیکای کارمەندان هەوڵدان بووە بۆ ئەوەوی زەوی لە حکومەت وەربگرن و بە سەر کارمەنداندا دابەشی بکەن، دابەشکردنی زەوی بەسەر کارمەنداندا زۆر نادادپەروەرانەیە، هەندێك کارمەند هەیە لەبەر ئەوەی لەگەڵ حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا نییە، خاڵی زۆریشی هەیە، بەڵام تا ئێستە زەوی پێنەدراوە، کارمەندی تر هەیە لەبەر ئەوەی دڵسۆزی سەندیکا و حیزبە، خاڵی تەواویشی نییە،

کەچی زەوی بەسەردا دابەشکراوە.لە هەندێك شوێن سەندیکا زەویان بەسەر کارمەندا دابەش کردووە، کە خاڵی زۆر کەمیان بووە، بەڵام مەرجیان بۆ داناون کە دوای ئەوەی زەویەکەی وەرگرت نیوەی بداتە بەرپرسێکی حیزب و سەندیکا.

5.هەر بەرپرسێکی وەزارەتی تەندروستی، لە ئاستی وەزیردا تا بەرپرسی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی، ئەگەر هەوڵی کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی دابێت، هەوڵی داخستنی دوکانی لاکۆڵان و دەرمانخانە نایاساییەکانی دابێت، یەکسەر سەندیکای کارمەندانی تەندروستی چون بە گژیا، لە رێگەی مەلا بەختیار و بەرزانی ئەحمە کوردە و جەمال تالەبانیەوە، لای تاڵەبانی و هێرۆ شکاتیان لێکراوە و کێشەیان بۆ دروستکردوون.

6. نوێترین چالاکی گەندەڵکاری سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، دەیانەوێت زیاد لە ژمارەی نوێنەرە هەڵبژێراوەکانیان، 35 سی و پێنج کەس لە لای سەندیکای پارتی و 35 سی و پێنج کەس لە لای سەندیکای یەکێتی بکەنە ئەندامی کۆنگرەی سەندیکای کارمەندان کە بریارە رۆژانی دواتر ساز بکرێت، ئەم کارەی سەندیکا دەبێتە هۆی نانەوەی کێشە لە نێوان لیستەکانی کارمەندانی تەندروستیدا، یان دەبێتە هۆکاری پەککخستنی کۆنگرە، یان لیستی دەسەڵات لە رێگەی ئەو بریارەوە خۆی دەسەپێنێت و دەستەی باڵای سەندیکا بۆ خۆی قۆرخ دەکاتەوە و درێژە بە گەندەڵکردنی کەرتی تەندروستی دەدات.

هاورێکەم باسی ئەوەی بۆ کردم کە سەرچاوەی بریاری بانگهێشتکردنی ئەم 35 کەسە لەوەوە هاتووە، لە پەیرەوی ناوخۆی سەندیکای کارمەنداندا بەندێکی تێدایە، کە لیستی براوە بۆی هەیە بۆ کۆنگرە 35 کەس زیاد لە نوێنەرە هەڵبژێراوەکان بانگهێشت بکات، بەندی وا لە پەیرەوی ناوخۆی هیچ سەندیکایەکدا نییە، بەو شێوەیە ئاشکرا دەبێت کە سەندیکای کارمەندان تەنها بە کار و چالاکی گەندەڵی ناکات، بە بەرنامە و پەیرەویش گەندەڵە.

## .-..گەندەڵیەکانی وەزارەتی شارەوانی

لەگەڵ دەست بەکاربوونی دلشاد شەهاب وەکو وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و دەنگۆی هەوڵەکانی بۆ چاککردنی بارودۆخی وەزارەت و دام و دەزگاکانی و پێشوازیکردن لە هاوڵاتیان و دەرگا خستنە سەرپشتی لەلایەن ئەو وەزیرەوە خۆشحالی زۆری دروست کرد کە هیوادارین ئەو دڵخۆشیەشمان بڵقی سەر ئاو نەبێت.

لەبەر ئەوەی وەزارەتی شارەوانی نغرۆی گەندەڵی و رۆتین و سەخستنی پرۆژەی بەرپرسەکانە. ئەوەتا تەنها لە شاری هەولێر هەر 6 شارەوانیەکە بە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرەوە رۆژانە تا سەرئێستقان ئازار و ئەزیەتی هاولاتیان دەدەن و ئەوەندی لە توانایان دابێت لە مامەڵەکانیان کێشەیان بۆ دروست دەکەن و لەبەرامبەر هەر مامەلەیەکیش پارە و بەرتیل لە خەڵك وەردەگرن.

ئاگادارتان دەکەینەوە لە هەموو ئەو پرۆژانەی کە بۆ دروستکردنی باڵەخانە و مارکێت و شوێنی کارکردن لە لایەن بەشی رێگەپێدانی شارەوانیەکانەوە رەزامەندی لەسەر دەدرێت زۆرترین پاداشت دەکرێن لەلایەن خاوەن کارەکانەوە.

ئاگادارین کە لە بەرامبەر دروستکردنی هەر ریزە دووکانیك لە ماوەی 4 ساڵی رابردوودا کە بریاری وەستانی درابوو لەنێو کوچە و کۆڵانەکان بە هەماهەنگی

لەگەڵ سەرۆکی شارەوانیەکان و چاودێر و بەرپرسی بەشی ڕێگەپێدان بڕی 20000 دۆلار وەکو بەرتیل لە خاوەن کارەکە وەرگیراوە بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی. لەکاتێك کە کارەکان لە دەرەوەی یاسادابوونە.ئەگەرچیش ئەو پرۆژانە ببنە هۆی نارەحەتی و بێزاری خەڵك لەنێو ماڵەکانیان.

لە لایەکی دیکەدا کەسێك بەناوی ئەرجومان تەحسین کە بەرێوبەری گشتی دیوانە لە وەزارەت توانیوویەتی پشکی شێری هەموو ئیمتیازە ژێربەژێرەکانی ئەو وەزارەتە بۆخۆی بقۆزێتەوە و دەست بۆ هەموو کەلەبەرێك ببات بەهۆی ئەوەی کە ماوەی زیاتر لە 15 ساڵە لەو وەزارەتە ئەزموونی قاچانەوە و بەرتیلی زەبەلاح و بەکارهێنانی نادادپەروەرانەی دەسەڵاتی بەکاردێخی.وەکو ئەوەی لە شوێنی ئەو کەسێك ئەو شارەزایی و تایبەتمەندیەی نەبێت کە نەخوێندەوارێکی وەکو ئەرجومان هەیەتی.کە ئەو کورسیەی بە درێژایی تەمەنی گرتووە.

زۆرن ئەو ڕاوێژکارانەی کە کەس ڕاوێژیان پێ ناکات و تەنانەت لەنێو ماڵ و منداڵی خۆشیان بە شایەنی ئەوە نازاندرێن کە پرس و ڕایان پێبکرێت.کەچی لەنێو وەزارەت و دام و دەزگا ئیفلیج بووەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ئەو بەناو ڕاوێژکار و شارەزایە بێ بڕوانامە و نەخوێندەوارانە کە بەدرێژایی تەمەنیان ناتوانن مومارەسەی پیشەکەی خۆیان بکەن مانگانە موچەی زیاتر لە5 فەرمانبەری تازە دامەزراوەی دەرچووی زانکۆ وەردەگرن و ئەوە جگە لەهەموو ئەو ئیمتیازاتانەی کە بەهیچ شێوەیەك بە شایەنیان نازاندرێت.

وەزارەتی شارەوانی و گەشتووگوزار لەهەردوو کابینەی پێنجەم و شەشەم نغرۆی ئەو جۆرە ڕاوێژکار و شارەزایانە بووە کە بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لامانە زۆرینەی هەرە زۆریان جگە لەوەی کە ڕاوێژیان پێناکرێت و شارەزاییان لە هیچ بوارێکدا نیە بەڵکو وەکو هەر فەرمانبەرێکی حکومەت دەوامی ئاسایی ناکەن.

گوهار شەمدین) ئافرەتێكە لە نموونەی ئەو گەندەڵی و ناعەدالەتی و بەهەدەردانی) سامانی میللەتەكەمان. كە بە پلەی راوێژكاری وەزیر بۆ كاروباری شوێنەوار لەسەر میلاكی بەرێوبەرایەتی گشتی و دەستەی گشتی گەشتووگوزاری سەربە وەزارەتی شارەوانی لەماوەی چەندین ساڵی رابردوودا مانگانەی موچەی چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری وەرگرتووە لەكاتێك گوهاری گەشتوگوزار دانیشتووی وولاتی كەنەدایە و لەماوەی خزمەتی 6 ساڵەی راوێژكاریدا تەنانەت بۆ6 رۆژیش لە كارەكەی هەر نەبینراوە، كەچی جیا لەوەی موچەكەی بۆ دەنێرنە كەنەدا جگە لەوە ئوتومبێلێكی ئاخیر مۆدێلی گالۆپەریشیان بۆ كریووە و ماوەی چەندین ساڵە لە گەراجی وەزارەت بۆیان راگرتووە و كەسیش بۆی نیە بەلایدا بروات. ئەمە سەرەرای ئەو شوقەیەی كە بە شوقەكانی زەكەریا ناسراوە لە هەولێر مانگانە بە بڕی زیاتر لە 2500 دۆلار بۆی بەكرێ گیراوە لە كاتێك گوهارخان ساڵی جارێك بۆ ماوەی كەمتر .لە هەفتەیەك لە كوردستان دەمینێتەوە

لە لایەكی دیكە كەسێك بەناوی فەرهاد محەمەد دەرچووی ئامادەیی كشتوكاڵ و بە خزمەتی دوای راپەڕین كراوەتە راوێژكاری راگەیاندنی وەزیری شارەوانی بە پلەی شارەزا لەكاتێك فەرهاد محەمەد خۆی ووتەبێژ و بەرپرسی بەشی راگەیاندن و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانیشە. فەرهاد جگە لەوەی موچەكەی مافی رەوای چەند گەنجێكی ماندوونەناس و زەحمەتكێشی كوردستانە كە خۆی لە نزیكەی 5 ملیۆن دینار دەدات. مانگانە لە گوڵانیش بڕی 4 ملیۆن دینار وەك موچە وەردەگرێت. ئۆتۆمبێلی ژمارە تایبەتی جۆری مۆنیكای وەزارەتی شارەوانی بەبێ ئاگاداری وەزیر خستۆتە سەرناوی خۆی و لەگەڵ نەرمین ی خێزانی كە فەرمانبەری راگەیاندنە بە موچەی ملیۆنێك و دووسەد هەزاردینار . هاوشێوەی گوهار خۆیی و خێزانەكەی بۆ تەنها رۆژێكیش دەوامیان نەكردووە و نەیانتوانیووە لەنێوان خۆیی و خێزانەكەی لە جەنجاڵی ژیان و گرفتەكانی راوێژ بەیەكتر بكەن ئێستا نازانرێت چۆن وولاتێك پێویستی بە راوێژی ئەو بەرێزە هەیە.هەربۆیە كراوەتە سەرنووسەری گوڵان و

خۆیی و دوو کورەکەی مانگانە پتر لە 7 ملیۆن دیناری حیزبش بۆخۆیان گڵ دەدەنەوە.

بەهەمان شێوەی گوهار و فەرهاد زیاتر لە 10 نموونەی بەڵگە دارمان هەیە بۆ پلەبەرزکردنەوەی بێ مانا و نایاسایی لە وەزارەتی شارەوانی کە زۆرینەی لەسەر دەستی سەمیر عەبدوڵلا لە کابینەی شەشەم ئەنجامدراوە. لەبەشی سێیەم باسیان لێوەدەکەین.

لە لایەکی دیکە

لەو رۆژانە کۆمەڵێك گەنج و کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناحیەی بەحرکە لە یاداشتێکدا داوا لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت دەکەن کە رێگری بکەن لە بەرپرسی ناوچەی بەرحرکە کە لەبەر چاوی حکومەت و خەڵکی بەش مەینەت و بنەماڵەی شەهید و ئەنفال هەستاوە بە بەخشینی 100 پارچە زەوی بێ تاپۆ بە خزم و کەس و کاری خۆی و بەشێوەی تەجاوز ئێستا خانوییان لەسەر ئەو زەویانە دروستکردووە کە پێشتر بۆ بنەماڵەی شەهیدان تەرخانکرابوون بەشێوەیەکی یاسایی ئیفرازیان بۆ بکرێت و لەسەریان دابەشبکرێت.کە ئەوەشیان لە بێ خەبەری شارەوانی و خودی وەزیرە کە ئاگاداری بەشە گەندەڵەکانی شارەوانی نیە چۆن هاریکاری گەندەڵکارانن.

وەکو چۆن ئەو شەش شارەوانیەی کە لەهەولێر دروستکراون بوونەتە هۆکار بۆ مل ئەستووربوونی چەند بەرپرسێك لەو شارەوانیانە بە بەرتیل وەرگرتن بۆ راپەراندنی کارە نایاساییەکان.

بەهەمان شێوەش لە سەرۆکایەتی شارەوانی کە.

شتیکی زۆر ئاساییە گەر هەندیك دامودەزگای حکومەت پاش دەوامی رەسمی لە دائیرەکانیان بمیننەوە یاخود بگەرینەوە بۆ دەوام پاش ئەم کاتە بۆ راپەراندنی کارەکانی هاوولاتیان وەك نەخۆشخانەو پۆلیس بەمەرجێك باریکی نا ئاسایی لە ئارادا بیت وەك تەقینەوە یا هەر کارەساتیکی تر,بەلام سەرۆکایەتی شارەوانی نەك بەشەکانی

لە رۆژی پشوی رەسمی وەك رۆژی هەینی 31ی ئاب تا درەنگانی شەو پاش کاتژمیر 12ی شەو بگەرینەوە بیناکەو کۆبونەوە ببەستن چی مانایەکی هەیە,هەرچەندە لە ئیستاوە ئەگەر کاریکت لە شارەوانی هەولیردا هەبیت دەبیت بچیتە مالی سەربەستە شەل یان علی رەشید چونکە ئیشەکانی مالەوە (گەرەنتیە),ئەم دوو ناوبراوە شەو تا درەنگانیك لەگەل چەند کەسیکی تردا کە هەندیکیان هەر فەرمانبەری ئەم دەزگایەش نین لە کۆبوونەوەدا بوون,باشە ئەم جۆرە کۆبونەوانە چی بە دواوەیە؟نهینیەکانی چیە؟ بۆچی لە درەنگانی شەودا لە رۆژی پشووی رەسمیش دەبەستریت؟کین ئەوکەسانەی کە ئەمانە نایانەویت بیانبینن؟بەریوەبەری نویی شارەوانی هەولیر پاش ئەوەی دەستنیشان کرا کە گوایا دژی گەندەلیەکانی سدقی زراری بووە,نابراو دەرچوو خاوەنی چەندین کۆمپانیای تایبەتیە و چۆنیەتی دەستنیشان کردنیشی ئەوە باسیکی ترە بەلام پرسیا ئەوەیە مامۆستایەك چۆن لە مامۆستاییەوە بۆ وەزارەتی کشتوکال دواتر بۆ شارەوانی؟من نامەویت ببمە پاریزگاری سدقی زراری بەلام هەر هەموو گەندەلیەکانی سدقی لە ریگای سەربەستە شەلەوە بوو,بەلام ئەمیان باجەکەی دا,لە کۆتایی دا بەستنی ئەم جۆرە کۆبونەوانە لەم جۆرە کاتانەدا جی ی گومانی هەموو کەسیکە
بە هەمان شێوە.

کارگە شرەکەی شارەوانی لە سەرەتای ساڵی پار بە ڕەزامەندی وەزیری شارەوانی هەولێر هەڵبژێررا بۆ کڕین ، لەپاش پەیوەندیەکی تلفۆنی نیهاد بارزانی کە شەریك بوو لەگەڵ بەڵێندەر شوان بکر حسن و براکانی دارا و سیروان و کامەران کە خاوەنی کۆمپانیای ڕێزان و سانا و ساڵەیی و ئاسانن بە یەکەوە و هەرچی ئیشوکارە تایبەتەکانە بەبێ تەندەر ئەدرێتە ئەوان و بۆ خۆیشیان کارگەی قیریان هەیە ، لە پەیوەندیە تلفۆنیەکەدا پێ ی ووتن کە ئەبێ کارگەی قیر و کارگەی شکێنەری بەرد و قەپان هەر لەوان بکڕن هەرچەندە بەردشکێنەکەیان نوێش نەبوو هەرچی ئیشی فڕۆکەخانەی هەولێری نێو دەوڵەتییە پێ ی کرابوو دووبارە بۆیاخێکی جوان

کرابووەوە و یەکسەر جەنابی پارێزگار ڕەزامەندی نیشاندا و بردیان کارگەیەکی تورکی بەناوی جسان دابمەزرێنن بۆ شارەوانی بەبێ ی دانانی لێژنەی سەرپەرشتیار . و بەبێ دانانی هیچ ئەندازیارێکی شارەزا لەوێ

نازانرێت لە کوێی دونیا بەو دڵرەقی و بێ ویژدانیە ئیدارەی وولاتێك کراوە کە لەو . قۆناغەی ئێستای کاری بنیاتنانی پایە سەرەکیەکانی بە دەوڵەت بوون و بەرەوپێشچوون زەروورەتی حەتمی کارکردنی ئەو بەناو بەرپرسانەیە.کەچی نەوەك درکی پێ ناکەن و کاری بۆ ناکەن ، بەڵکو بوونەتە مایەی رووخانی پەیژە هەرە سەرەتاییەکانی وولاتێکی پرلە چاوەروانی بۆ یەکسانی کۆمەلایەتی و چاکسازی .ئیداری

لە ئێوە دەپرسم کێ هەیە لە هەموو ئەو ناعەدالەتیانە لێپرسینەوەبکات؟

کێ هەیە جوامێرانە ئەو دەرفەتە بە هەل بزانێ و پیاوانە قۆڵی ئەمەکداری لێ هەڵماڵێ و وەکو بەرپرسێك بێتە مەیدان و زنجیری زمانی پاکی و نمەك حەلالی خۆی بکاتەوە و بلێ ئەرێ تاکەی دەتانەوێ ئەو میللەتە ئازار بدەن و قولایە ناعەدالەتیەکان .بگەیننە سەر ئیستقان

بەشێکی دیکە لە گرفتەکانی وەزارەتی شارەوانی کە وەکو تۆسقالێك لە دەریای دزی و گەندەڵیەکان دێتە بەرچاو، بەهەدەردانی سامانی گشتیە بەهۆی هەموو ئەو ئۆتۆمبێڵە .گرانبەهایانەی کە بەبێ پێویستی بەکاردێن

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە کاری سەرەکی خزمەتگوزاری و پاك راگرتنی شارە.ئەوەندەی لەبیری رازیکردنی بەرپرسەکانی سەرەوەیە ئەوەندە لەبیری .ئەوەدانیە کە بچوکترین گرفتی هاولاتی چارەسەربکات

هەربۆیە پارتی وەکو حیزبی باڵادەست دەستی گرتووە بەسەر ئەو جومگە سەرەکیەی خزمەتگوزاری بۆ خزمەتکردنی بەرپرسەکانی خۆی.بۆ فەراهەمکردنی زەوی موساتەحە و ئاسانکاری بۆ پرۆژە خەیاڵیەکانی هەولێر و دهۆك. هەر لە دابینکردنی زەوی گرانبەها و ستراتیژی کە مولکی نەوەی داهاتووی ئەو وولاتەیە تاوەکو

دابینکردنی ئامێر و مەکاین و تەنانەت راوێژکار و ئەندازیاری پرۆژە زەبەلاحە بێ خاوەنەکان. کە بەنامی پرۆژەی تایبەتەوە دێنە بەرچاوی خەڵك.

وەکو ووتمان بەشێکی بچوك لە دەیای رەشی دەستە گلاوەکان لەنێو وەزارەتی شارەوانی. ئێمە دڵۆپەیەك باس دەکەین. ئەوەتا لەنێو دیوانی وەزارەتی شارەوانی بە دەیان هەزار دۆلار وەکو بڵقی سەرئاو وون دەبن. بە بیانووی کرینی ئۆتۆمبێل و خەرجی چاکردنەوەیان. لەکاتێك زیاتر لە 80% هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانە بەمەبەستی کار راپەراندنی مندال و خێزانی بەرێوبەرەکان بەکاردێن نەوەك بۆ خزمەتی هاوڵاتی. ئەوەتا ئەو وەزارەتە سالانە خەریکی نوێکردنەوەی ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکانیەتی لەبری ئەوەی بیر لە خنکانی بەپەلەی هاوڵاتنیانی بکاتەوە بەهۆی گرفتەکانی جەنجاڵی و کەمبوونەوەی ئاو و ئیستیغلالکردنی چاودێرەکانی شارەوانی لە کارەکان و وەرگرتنی بەرتیلی زۆر. ئیمە بەشێك لەو ئۆتۆمبێلانە باس دەکەین کە تەنیا بۆ کاری تایبەتی خێزانی بە ژمارەی وەزارەتی شارەوانی لەسەر شەقامەکاندان.

1- ئۆتۆمبێڵی گرانبەها و دوا مۆدێلی ئەرجومان تەحسینی بەرێوبەری گشتی دیوان لەلایەن کەسێك بەناوی هەژار تایبەت بۆ خزمەتی خێزانەکەی دانراوە کە فەرمانبەری سەرۆکایەتی زانکۆیە.ئۆتۆمبێلی دووەمیشی بۆ کراوە.

2- تۆتۆمبێلی شارەوانی (راف) ژمارە 2353 تەنیا بۆ کاری تایەت و مسابەقە.

3- ئۆتۆمبێڵی شارەوانی پاترۆڵ سپی ژمارە 280 لە خزمەتی تاکە کەسێکدایە.

4- ئۆتۆمبێلی شارەوانی 420 بەکارهاتووە وەکو حاویەی زبڵ بۆ پاکردنەوەی ماڵ لە پاشماوەی دروستکردنی خانوو.

5- ئۆتۆمبێلی شارەوانی پیکاب تویێتا ژمارە 1416 بۆ خزمەتی ژن و منداڵ و گەشت و سەیران

6- هەردوو ئۆتۆمبێلی تویێتا مۆنیکای بەشی راگەیاندنی وەزارەت بۆ خزمەتی ژن و منداڵ و تەنانەت چەندین شەو لەبەردەم یانەی مەی خواردنەوە وێنەی گیراوە.

7- ئۆتۆمبێڵی ژمارە 540 بۆ گواستنەوەی منداڵ بۆ قوتابخانە .

بەپێی زانیارەکانی کەسێك بەناوی کەمال عەبدوڵڵا کە وێنەگری راگەیاندنی وەزارەتی شارەوانیە و لەچەند کارێکی مەیدانیدا هاورێی عەلی رەشیدی سەرۆکی شارەوانی بووە

دەڵێت/ عەلی رەشید بەرلەوەی لە پرۆژە چاکسازیەکەی سەرۆکایەتی هەرێم بکرێتە سەرۆکی شارەوانی هەولێر چەند جارێك بۆ دروستکردنی ئەو پرۆژەیە هەوڵیدا بەڵام نەکرا .تا ئەوکاتەی کە سەمیر عەبدوڵڵا وەزیری شارەوانی بوو بۆ تەرخانکردنی زەوی پرۆژەکە کە 40دۆنمە و نرخەکەی بە داشکانێکی نایاسایی بە تەنها ملیۆنێك دۆلار خەملێندرا.عەلی رەشید بە نوسراوی ژمارە 3405 رەوانەی وەبەرهێنان کرا. ئەو بەروارەش دوای تەنها 17 رۆژهات لە دەستبەکاربوونی ناوبراو لە پۆستی سەرۆکی شارەوانی. بۆیە ئێستا شارەوانی نازناوی خۆی لە دەستداوە. لە خزمەتگوزاریەوە گۆڕاوە بۆ موساتەحە و مافیا و گەندەڵی.

هەربۆیە وەزیری شارەوانی لەچەند دانیشتنێکی تایبەت ئەو وەزارەتەی بە مەڵبەندی مافیاکان ناوزەندکردووە.

## () گەندەڵیەکانی نوێنەرایەتیەکانی حکومەت لە دەرەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە ١٤ نوێنەرایەتی لە شێوەی کۆمپانیای هەیە کە لە نێوان پارتی و یەکێتی دابەشکراون لەسەر بنەمای فیفتی بە فیفتی و تەنانەت ئەو کەسانەی کە بە بەڕێوەبەری کۆمپانیا یاخود نوێنەر دەست نیشان کراون لەسەر هیچ بنەمایەکی دیبلۆماسی و بڕوانامە و شارەزایی و توانا نیە.

---------------------------

بۆ ئەو بەڕێزانەی کە زانیاریان نیە حکومەتی هەرێم لە ١٤ وولات کۆمپانیای هەیە کە ئەوانەن (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئێران، ئوسترالیا، سوید، ئیسپانیا،

نەمسا، سویسرا، یەکێتی ئەوروپا، ڕووسیا، ئیسپانیا، پۆلۆنیا). پێویستە هەموو گەلی کوردستان بزانێت کە بەڕاستی ئەو نوێنەرایەتیانە وەک کۆمپانیا لەو وولاتانە تۆمارکراون بە هیچ شێوەیەک ناویان نوێنەرایەتی نیە. گەندەڵیەکانی نوێنەرایەتیەکان حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکە تاوەکو ئێستا نە دەستەی نەزاهە و نە چاودێری دارایی خۆی لەم مەلەفە نەداوە لەبەر ئەوەی ئەم کۆمپانیایانە تەواوی کارەکانیان لە دەرەوەی هەموو ڕێسا و ڕێنماییە داراییەکانە و بەشێوەیەکی خێلەکیانە بودجەکانیان تەخشان و پەخشان دەکەن و کاری بازرگانی پێ دەکەن.

بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئازیز زانیاری و ڕاپۆتەکانیان بە دروست بە دەست بگات لەسەر ئەم مەلەفە، بە دوو ڕاپۆرتی جیاواز گەندەڵیەکانی هەموو نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمتان بۆ دەخەینە ڕوو کە لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو، لە نێو فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە بە دەستمان گەیشتووە.

بەشی یەکەمی ڕاپۆرتەکە تایبەت دەبێت بە نوێنەرایەتی لە بەریتانیا، فەڕەنسا، پۆلۆنیا، سویسرا، سوید، ئیران، ڕووسیا، ئەوانەی کە دەمێنێتەوە لە ڕاپۆرتێکی تر باسیان دەکرێت.

1. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەریتانیا:

نوێنەری حکومەتی هەرێم/ کاروان جمال تاهیر

ژمارەی تەلەفۆن: +442071524091 / +442071524092

ئیمێل: uk@gov.krd

وێبسایت: www.uk.gov.krd

ناونیشان: 50 Broad Way – London – SW1H 0RH – United Kingdom

کارون جمال تاهیر بەڕێوەبەری کۆمپانیا لە بەریتانیا لەسەر پشکی یەکێتیە کە پێش ئەوەی بچێتە بەریتانیا جێگری فەلاح مستەفا بوو، یەکێتی بەهۆی ناکۆکی باڵەکانیەوە دوای ئەوەی کە پشکی کۆمپانیاکەی لە ئەمریکا دۆڕاند بۆ ماوەیەکی زۆر نەیتوانی کەسێک بۆ بەریتانیا دابنێت ئەمەش بەهۆی بوونی شانازی ئبیراهیم احمد لەو وولاتە. کاروان جمال بەهۆی ئەوەی کە نوێنەری هێرۆ بوو لە وەزارەتی سامانە سروشیتەکان و بەشداربوو لە دروست کردنی کۆمپانیا نەوتیەکانی هێرۆ و بەرپرسەکانی تر و وەرگرتنی پارەی نەوت و بەڕێکردنی کاروباری تەنکەرەکان بۆ دەرەوە لەلایەن هەموو باڵەکانەوە پشتگیری کرا بۆ ئەوە ببێتە نوێنەر لە بەریتانیا. کاروان خۆی هەڵگری ڕەگەزنامەی بەریتانیە و پێشووتر بە قاچاغ چۆتە بەریتانیا و لە شاری مانچستەر دانیشتووە و تەنانەت شوققەیەکی لە مانچستەر بە پارەی نەوت کڕیووە. ناوبراو ئێستا وەک بەڕێوەبەری کۆمپانیا مانگانە زیاتر لە سەد و هەشتا گەڵا واتە (١٨,٠٠٠) دۆلار وەردەگرێت کە ئەمەش بەرزترین مووچەیە لە هەموو کوردستان، هەروەها ناوبراو دوو مووچەی هەیە یەکێکیان لە کوردستان وەک بریکاری وەزیر و ئەوەی تریان وەک نوێنەر ئەمە جگە لە کرێی شوققەکەی لە مانچستەر و بیمەی تەندروستی و بلیتی فڕۆکە، کرێی خانوو لە لەندەن، خەرجیەکانی خێزانەکەی و خوێندنی منداڵەکانی کە ئەمانە هەمووی لەسەر بودجەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەریتانیایە. هەروەها بۆ ڕازیکردنی دڵی شانازی ئبراهیم ئەحمەد ماوەی مانگێکە کاروان جەمال لە نوێنەرایەتی دەوام ناکات بەڵکو خەریکی کۆکردنەوەی دەنگە بۆ لیستی یەکێتی و تەنانەت لەسەر بودجەی نوێنەرایەتی خەڵک داوەت دەکات بۆ ئەوەی دەنگ بە یەکێتی بدەن ئەمەش بۆتە دروست کردنی منافسەیەک لەگەڵ جێگرەکەی کە خسرۆ ئاژگەیی بەرپرسی ناوچەی پارتی لە لەندەن کە ئەویش دەنگ بۆ پارتی کۆدەکاتەوە. ئێستا نوێنەرایەتی حکومەت لە بەریتانیا دەوامی تێدا ناکرێت بەڵکو بۆتە کۆمیتەی یەکێتی و ناوچەی پارتی. تەنانەت کارمەندەکانی نوێنەرایەتیش لەنێوان پارتی و یەکێتی دابەشکراون بەهۆی ئەوەی پێشووتر زۆربەیان پارتی بوون

ئێستا کاروان جمال خەریکە هاوسەنگەکە بەلای یەکێتی دا ببات و کارمەندێکی زۆری یەکێتی دامەزراندووە و لەسەر بودجەی نوێنەرایەتی ڕانجرۆڤەری بۆ خۆی کڕیووە و لەسەر ناوی خۆی تۆماری کردووە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێت بیفرۆشێتەوە.

2. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە پۆلۆنیا:

نوێنەری حکومەتی هەرێم/ زیاد رەئوف

ژمارەی تەلەفۆن: 48226222237+

ئیمێل: poland@gov.krd

وێبسایت: poland.gov.krd

ناونیشان: 53 Aleje Jerozolimskie street / 00-697 Warszawa, Poland

زیاد ڕەئوف نوێنەری حکومەتی هەرێم لە پۆلەندا لەسەر کوتلەی پارتی کە هەڵگری ڕەگەزنامەی پۆلەندی و بازرگانێکی گەورەی ئەو وڵاتەیە. ناوبراو خاوەنی چەندین هۆتێل و ڕێستورانت و دورگەی سیاحیە لە پۆلەندا بە تایبەتی لە هەرێمی ماولۆپۆلسکا. ناوبراو بەهۆی کاری بازرگانیەوە ئاگاداری کاری نوێنەرایەتی نیە و تەنانەت نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەو وڵاتە هیچ کارمەندی نیە و ئەو کارمەندانەی کە لەسەر ناوی نوێنەرایەتیش بەشێوەی ڕەش ئیش دەکەن. مووچەی ناوبراو مانگانە دە هەزار دۆلاری ئەمریکیە و نوێنەرایەتی حکومەت لەو وڵاتە وەک کۆمپانیای بازرگانی خواردنی کوردی تۆمارکراوە کە پێویستە ساڵانە مۆڵەتەکە نوێ بکاتەوە و تاوەکو ئێستا نەیتوانیووە نوێنەرایەتی حکومەت کە لە نێو هۆتێلەکەی خۆی لە ماولۆپۆلسکایە بگوازێتەوە بۆ وارشۆی پایتەخت. تەنانەت بودجەی نوێنەرایەتی لە کۆمپانیاکەی خۆی کاری وەبەرهێنانی پێ دەکات و تاوەکو ئێستا هیچ تەسفییەکی حیسابی لە فەرمانگە نیە.

دارا بەکر ساڵح + خەمان زرار ئەسعەد

3. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە فەرەنسا:

نوێنەری حکومەتی هەرێم/ دارا بەکر، ئێستا د.علی دۆڵەمەریە، بەڵام ئێمە جارێ قسە لەسەر ئەو دوانەی پێشوو دەکەین

ژمارەی تەلەفۆن: 33145442021+

ئیمێل: france@gov.krd

وێبسایت: https://www.france.gov.krd/

ناونیشان: 17 Rue saint-Saëns 75015 Paris

ئەو نوێنەرایەتیەیە کە باشترین کۆمپانیایی حکومەتی هەرێمە چونکە خەمان زرار کە کاتی خۆی لەسەر پشکی یەکێتی بووە نوێنەر لە فەرەنسا ئەو کۆمپانیایەکەی بە ناوی خۆی تۆمارکرد و تەنانەت ئەوە بووە گرفت کاتێک ئەو نوێنەرایەتیە درا بە گۆڕان چونکە ئامادە نەبوو ئەو کۆمپانیایە بە ناوی دارا بکر بکات کە لەسەر پشکی گۆڕان وەک نوێنەر و بودجەی نوێنەرایەتی سفر کرد بۆ خۆی دەزگیرانەکەی. خەمان زرار بە هەمان شێوەی کاروان جمال دوو مووچەی وەردەگرت کە یەکێکیان خانەنشینی ئەندام پەرلەمانی و ئەویتریان مووچەی نوێنەر ئەمە جگە لە بیلتی فڕۆکەی بزنس کلاس و بیمەی تەندروستی و کەیف و سەیفەکانی. ئەم ڕەفتارانەی خەمان زرار کاریگەری هەبوو لەسەر نوێنەرەکەی گۆڕان کە کاتێک لەلایەن پارتیەوە دەرکرا ئامادە نەبوو ئەو کۆمپانیایەی لەلایەن خەمان زرار بۆی بەجێهێلرابوو بداتە پارتی تەنها بەو مەرجەی کە مووچەی دوو ساڵی پێش وەختەی بۆ سەرف بکرێت و باجی حکومەتی فەرەنسای بۆ بدرێت و ئەم گۆڕانخوازەش بوو بە گەندەڵ بودجەی کۆمپانیاکەی هاوشێوەی یەکێتی و پارتی بۆ خۆی برد. گەندەڵیەکانی ئێستای نوێنەرایەتی بۆ بەشی دووەم دەبێت.

تێبینی: نوێنەری ئێستای حکومەتی هەرێم، ئێستا د. عەلی دۆڵەمەرییە.

4. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە سویسرا:

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە سویسرا نوێنەری حکومەتی هەرێم/ د. فوزی قەدووری ژمارەی: تەلەفۆن: 41313520060+ ئیمێل switzerland@gov.krd ناونیشان: ماڵپەڕ: ویبسایت: Thun strasse 74/ 3006 – Bern – Switzerland

دکتۆر فەوزی قەددور نوێنەری کۆمپانیای حکومەتی هەرێمە لە سویسرا کە لەو کاتەی بۆتە نوێنەری حکومەت لە ١٨ ساڵی ڕابردوودا تاوەکو ئێستا تەنها بۆ یەک ڕۆژیش نۆرینگە پزیشکیەکەی دانەخستووە. کۆمپانیای حکومەتی هەرێم لە سویسرا لە ٣ کەس پێک دێت نوێنەر و سکرتێری نوێنەر کە ئەویش خێزانی دکتۆر فەوزیە لەگەڵ شوفێرێک بەشێوەی گرێبەست تەنها بۆ کاتی پێویست. هەموو بودجەی نوێنەرایەتی بۆ دکتۆر فەوزیە چونکە وەک مووچەی خۆی و خێزانی و کرێ و مەسروفاتی نوێنەرایەتی حیسابی دەکات و سەرەڕای ئەوەی کە دکتۆر فەوزی خانووی نوێنەرایەتی بە پارەی حکومەت کڕیووە بەڵام لەسەر ناوی خۆی تاپۆ کردووە و مانگانە کرێی خانووەکەش بۆ خۆی دەگێڕێتەوە. ناوبراو بە هەمان شێوەی کاروان جمال و خەمان زرار دوو مووچە وەردەگرێت مووچەیەک وەک پزیشکی ددان و ئەوەی تر لە نوێنەرایەتی. نوکتەکەی لەوە دایە کە مووچەی سکرتێری نوێنەر لە مووچەی نوێنەر زیاترە چونکە خێزانیەتی و ئافرەتێکی سویسریە و دکتۆر فەوزی خۆی لە ئەسلدا هاوڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان نیە کە ئەمەش پێچەوانەی یاسایە بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەر.

5. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئیران:

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئێران نوێنەری حکومەتی هەرێم/ نازم عمر ژمارەی تەلەفۆن: 982188580831+ 982188580830+ ئیمێل:

ناونیشان:http://krg-iran.com/index.php      :وێبسایتiran@gov.krd

شهرک غرب – فلامک شمالی / کوچه چهارم / پلاک ١٦

مامۆستا نازم دەباغ نوێنەری کۆمپانیای حکومەتی هەرێم لە ئیران کە زۆرجار دەکرێت وا سەیر بکرێت کە نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئیرانە لە هەرێمی کوردستان چونکە زیاتر لە هەردوو کونسوڵگەری ئیران لە هەولێر و سلێمانی بەرگری لە کۆماری نائیسلامی ئیران دەکات. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئیران بودجەی مانگانەی دەگاتە ١٥٠ سەد و پەنجا هەزار دۆلار هکە لە بودجەی ژمارەیەکی زۆر لە باڵیۆزخانەی ووڵاتان کە لە تەهرانن زیاترە. ئەگەر نوێنەرەکانی تر دوو مووچە وەربگرن ئەوا مامۆستا نازم چوار مووچەی هەیە، یەکەمیان لەسەر ئیدارەی سلێمانی بە وەزیر خانەنشین کراوە و تائێستا مووچەی خانەنشینیەکەی وەردەگرێت. دووەمیان نوێنەری یەکێتی و مام جلالە ئیران کە مووچەی پێ وەردەگرێت لە یەکێتی، سێیەمیان نوێنەری کۆمپانیای حکومەتی هەرێم لە تاران کە جگە لە مووچەی ١٠ هەزار دۆلاری کرێی خانوو و بیمە و بلیتی فڕۆکە. چوارەمیان وەک نوێنەری ئیران و بەرگری کردن لە بەرژەوەندیەکانی ئیران مووچە لە ئاغای حاجی قاسم سلێمانی وەردەگرێت. هەموو کارمەندەکانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە هەولێر و تاران مووچە وەردەگرن و دوو مووچەیان هەیە. تەنانەت گومان هەیە ئەو خانووەی کە بەکرێ گیراوە بۆ نوێنەرایەتی هی مامۆستا نازم خۆیەتی و بەکرێ داویەتی بە نوێنەرایەتی و پارەکە بۆ خۆی دەبات.

6. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ڕووسیا:

دکتۆر ئاسۆ شێخ جەنگی کە برازای جەلال تالەبانی وrussia@gov.krd :ئیمێل برای ئاراس شێخ جەنگی و لاهور تاڵەبانیە نوێنەری کۆمپانیای حکومەتی هەرێمە لە ڕووسیا و پێشووتر زانکۆی لە ڕووسیا تەواوکردووە و هەڵگری ڕەگەزنامەی سویدیە. ناوبراو ئەوەندەی لە سلێمانی و سوید دەوام دەکات ئەوەندە لە مۆسکۆ نیە و

تەنانەت بودجەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم کە وەری دەگرێت ناچێتە مۆسکۆ بەڵکو تەحویل دەکرێت بۆ سەر حیسابی شەخصی ناوبراو لە سوید کە ئەمەش بۆتە جێگەی نیگەرانی حکومەتی سوید و بە ڕەسمی داوای لە حکومەتی هەرێم کردووە کە ئایا حکومەتی هەرێم یەک کۆمپانیایی هەیە لە سوید یان دوو کۆمپانیا. نوێنەرایەتی ڕووسیا هاوشێوەی پۆلۆنیا هیچ کارمەندێکی نیە و هیچ ڕاپۆرتێکی دارایی لە فەرمانگە نیە و تەنانەت ئەگەر دەستەی نەزاهە و چاودێری دارایی داوای بکەین هیچ تەسفیە حیسابێک نیە، کە ئەمە بۆ هەموو نوێنەرایەتیەکان وەک یەکە چونکە ئەو بودجەیەی کە وەری دەگرن مینحەیە واتە پارەی زەکات و سەرفیترەی حکومەتە بۆ ئەوەی بۆ خۆیان خەرجی بکەن.

٧. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئیسپانیا:

نوێنەری حکومەتی هەرێم/ دابان شەدەلە ژمارەی تەلەفۆن: +34914362620 ئیمێل: Info@krgspain.org وێبسایت: www.spain.krg.org ناونیشان: Calle General Diaz Porlier 1-1D / 28001 MADRID

دابان شەدەڵە نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئیسپانیا کە پێشووتر نوێنەری یەکێتی بوو لە نەمسا، ناوبراو بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندی بە گۆڕان کرد لە کاتی ڕاگەیاندنی گۆڕان کە یەکێتی ناچاربوو لە ڕێگای قوباد تاڵەبانیەوە پەیوەندی پێوە بکات و بەڵێنی پێدانی نوێنەرایەتی ئیسپانیای پێ بدات بۆ ئەوەی پەیوەندی بە گۆڕان نەکات. حاڵی نوێنەرایەتی ئیسپانیا لە نوێنەرایەتیەکانی تر باشتر نیە چونکە نوێنەرەکەی زۆربەی کاتی لە نەمسا و کوردستان بەڕێ دەکات و هەموو مەسروفاتێکی خۆی و خانەوادەکەی لەسەر بودجەی نوێنەرایەتیە و لەوانەیە دووساڵیش دەبێت کە هیچ چالاکیەکیان نیە و نوێنەریش ئێستا لە کوردستان خەریکی کۆکردنەوەی دەنگی ئەندامانی عەشیرەتەکەیەتی بۆ یەکێتی.

ئەمانەی سەرەوەی نموونەی خەرواریکن لەو گەندەڵیانەی کە لەلایەن نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم دەکرێت کە لە دەرەوەی هەموو یاسا و ڕێنماییەکی حکومەتی هەرێمە و دەستەی نەزاهە و چاودێری دارایی تاوەکو ئێستا بەلای ئەم مەلەفەدا نەچووە و هیچ لێپێچینەوەی لە کارەکانی ئێستا و ڕابردووی نوێنەرایەتیەکان نەکردووە.

گەندەڵیەکانی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە بابەتێکە بە داخەوە هیچ گرنگیەکی پێ نەدراوە نە لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و نە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و دەستەی نەزاهە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هیچ یاسا و ڕێنماییەکی دیاریکراو بۆ کاروباری نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە، کە ڕێگەی زۆر زیاتر خۆش کردووە لەبەردەم بەهەدەردانی پارە و سەرچاوەی دارایی بۆ مەبەستی شەخسی و گیرفان پڕکردن و بازرگانی تایبەتی.

------------------------------------

8- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئیتالیا:

نوێنەری حکومەتی هەرێم/ ڕێزان حەمەساڵح ئاغا

ژمارەی تەلەفۆن: +393286656690 / +390685356943

ئیمێل: italy@gov.krd

وێبسایت: www.italy.gov.krd

ناونیشان: Via Giacomo Carissimi 37, 00198 Roma

ڕێزان حمە ساڵح قادر ئاغا نوێنەری حکومەتی هەرێمە لە ئیتالیا کە زیاتر لە ١٤ ساڵە لەو پۆستە بەردەوامە و خۆی زۆر لە باڵیۆزی عێراق بە زیاتر دەزانێت و لە

ڕێگای کۆمپانیای ئیتالیەوە پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا دروست کردووە بەرامبەر بە دۆزینەوەی تەندەر بۆ ئەو کۆمپانیابانە لە کوردستان. ڕێزان ئاغا ئەگەر خۆی بە باڵیۆز دادەنێت دەبوایە هەر زوو دەستی لە پۆستەکە بەردابووایە چونکە پۆستی باڵیۆز تەنها ٤ ساڵە. ڕێزان خان بە ئارەزووی خۆی کارمەند دادەمەزرێنێت و بە هەوەس مووچەیان بۆ دیاری دەکات تا چەند ماستاوچێتی بۆ دەکەن، بودجەی نوێنەرایەتی زیاتر بۆ مەسروفاتی شەخصی خەرج دەکات نەوەک بۆ کاری نوێنەرایەتی، بۆ نموونە لە هیچ قاموسێک نەبووە نوێنەری حکومەت شوێنی حەوانەوەی لە هۆتێلی پێنج ئەستێرە بێت بۆ ماوەی ١٤ ساڵ و هەموو هەفتەیەک بە بلیتی بزنس کلاس سەفەر بکات، ئەم کارانە لەسەر ئەساسی هیچ ڕێنماییەکی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم و ڕێنماییەکانی تایبەت بە شاند و سەفەر و ژیان لە دەرەوەیە. ناوبراو نوێنەرایەتی وەک کۆمپانیا تۆمارکردووە و هەر بەوشێوەیەش مامەڵەی لەگەڵ دەکات باشترین نموونەش چالاکیەکانی نوێنەرایەتیە کە زیاتر لە چالاکی ڕێکخراوێکی کەلتوری دەچێت نەوەک نوێنەرایەتی دیبلۆماسی.

9- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئوسترالیا:

نوێنەری حکومەتی هەرێم/ بەڕێز هەڤاڵ دەسکۆ سیان

ژمارەی تەلەفۆن: 61298222272+

ئیمێل: australia@gov.krd

وێبسایت: http://www.krgaustralia.org/

ناونیشان: P O Box 491 Liverpool / NSW 2170 Sydney, Australia

هەڤاڵ دەسکۆ نوێنەری حکومەتی هەرێمە لە ئوسترالیا و ئەم نوێنەرایەتیە دەکرێت وا سەیر بکرێت کە هاوشێوەی نوێنەرایەتی حکومەتە لە پۆلۆنیا چونکە لە پایتەخت نیە لە شاری سیدنییە لە ئوسترالیا، تاوەکو ئێستا نەتوانراوە نوێنەرایەتی لە کانبێرا

بکرێتەوە، کە ئەمەش دوو هۆکاری هەیە یەکێکیان لەبەر ئەوەی نوێنەرایەتیەکە وەک کۆمپانیای کەلتوری تۆمارکراوە، یاخود لەبەرئەوەی نوێنەر خۆی دانیشتووی سیدنی یە و ناتوانێت لە کانبێرا کاربکات. نوێنەرایەتی لاوازترین پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزخانەکاندا هەیە چونکە لە پایتەخت نییە. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ڕووی کاروباری نوێنەرایەتی و کارمەندەکان و بودجە بە هەمان شێوەی پۆلەندا و نوێنەرایەتیەکانی ترە کە بێ سەروبەری پێوە دیارە لەسەر هیچ بنەمایەکی دیبلۆماسی نییە.

خالێکی گرنگ کە لە تەواوی نوێنەرایەتیەکان گرنگی پێ نادرێت کاروباری ڕەوەندی کوردستانیە کە لەسەر بنەمای حیزبابەتی بەڕێوە دەبردرێت و زۆر لاوازە، نوێنەرەکان تەنها لە کاتی هەڵبژاردن هەوڵدەدەن خۆیان نزیک بکەنەوە لە ڕەوەندی کوردستانی بۆ بەدەست هێنانی دەنگ بۆ حیزبەکانیان ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە متمانە و بێ لایەنی خۆیان لە دەست بدەن. تەنانەت لە هەندێک نوێنەرایەتی هەندێک کارمەند وەک باند کاردەکەن و ڕوویەکی سپیان نییە بەرامبەر بە ڕەوەندی کوردستانی و باشترین نموونەش سامان بۆیا لە نوێنەرایەتی فەڕەنسا، زانا کوردە لە نوێنەرایەتی برۆکسل، نەجات لە نوێنەرایەتی ئەمریکا، ئەمانە ئەو کەسانەن کە یاری بە مامەڵە و کاروبارەکانی ڕەوەندی کوردستانی دەکەن و پارە وەردەگرن، پرسیارکردن لە هەر تاکێکی ڕەوەندی کوردستانی لەو وڵاتانە کە ئەم کارمەندانە چیان کردووە سەدان چیرۆکت دەست دەکەوێت کە زۆرجار شەرمە باسی بکەیت.

سەبارەت بە خودی هەڤاڵ دەسکۆ لە دایک بووی ساڵی ١٩٧٢ لە خێزانێکی هەژاری گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێرە، بەعسی بوو، لە قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان ساڵی هەشتاکان لە هەولێر ئەندامی (اتحاد طلبة)ی (بەعس) بوو. ئەم کەسە پێش ئەوەی ئەو بەرپرسیارییەتیە وەربگرێت، لە خانووی حکومی هەژاران دەژیا، تەنانەت ئەو قەنەفەیەی کە لەسەری دادنیشت پێچکەی نەبوو، بلۆکی خستبووە ژێر،بەڵام ئیستا دوو خانوی گەورەی هەیە، ئۆفیسەکەی بە 75 هەزار دۆلار ساڵانە

بەکرێ گرتووە. منداڵەکانی لە قوتابخانەی مەلک فەهدی سعودییە دەخوێنن، کە ئەو قوتابخانەیە تایبەتە و ساڵانە بە هەزاران دۆلار بۆ هەر یەک لە منداڵەکانی دەدات، جگە لەوە شۆفێری تایبەتی بۆ گرتوون کە بۆ قوتابخانە دەیانبات و دەیانهێنێتەوە. تەنانەت ئۆتۆمبیلی کوڕەکەی بە ٧٠ هەزار دۆلار بۆ کڕیوە. ئۆتۆمبیلەکەی خۆشی زۆر تایبەتە کە بە بڕی 160 هەزار دۆلار کڕیوێتی.

لەلایەکی دیکە ئۆفیسەکەی وەکو کۆمپانیا تۆمار کردووە، بە پێی یاسای ئوستورالیا دەبێت کۆمپانیا ئاڵای تایبەتی خۆی هەبێت، بەڵام هەڤاڵ دەسکۆ ئاڵای کوردستانی کردووە بە ئاڵای کۆمپانیاکەی، بەم شیوەیەش فێڵ لە هەستی خەڵکیش دەکەن.

کاتی خۆی هەڤاڵ دەسکۆ پیاوێکی دانابوو وەکو چاگێر و خزمەتکار، ئەم پیاوە تورکمان بوو، دوایی ناردییەوە بۆ هەولێر، ئیستا لە دانیشگای سەڵاحەدین پلەیەکی بەرزی هەیە. یەکێکی دیکە لە شوێنی ئەو کابرا تورکمانەی داناوە بە ناوی کەریم، خزمەتکاری ماڵەوشی پێدەکات.

ژنەکەی هەڤاڵ دەسکۆ لە لای ئاڵتونچییەکی شاری سیدنی تەنیا پشتێنێکی بە دروستکردن داوە، بە 160 هەزار دۆلار. لە وڵاتی چینەوە کەلوپەلی ناوماڵی هێناوە و دیکۆری ماڵەکەی زۆر تایبەتە، هەموو ئەمانە زیاتر لە 200 هەزار دۆلاری تێچووە.

ئەم هەموو پارەیەی کە لەبەر دەستیایەتی بەهۆی ئەوەشەوەیە، کەوا پارەکان لەلایەن مەسرور و مەنسور بارزانییەوە بۆ دێت و بۆیان سپی دەکاتەوە بەناوی، گرێبەستی تایبەتی بازرگانی. جگە لەمانە تەنیا چالکییەک لە رووی سیاسییەوە هەیبێت ئەوەیە، کە خەڵکی زۆری لە ئەندامانی پارتیی بردۆتە ئوستورالیا و هەموویان موچەی تایبەتیان هەیە.

10- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە سوید:

ژمارەی تەلەفۆن: 46841045797+

ئیمێل: sweden@gov.krd
وێبسایت: http://sweden.gov.krd/
ناونیشان: Grev Turegatan 38 (2nd floor) / 114 38 Stockholm

دوای ئەوەی پارتی و یەکێتی کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمیان پێک هێنا، دووبارە هەڵسان بە دابەشکردنەوەی نوێنەرایەتیەکانی حکومەت لە دەرەوە لە نێو خۆیان. سوید بەهۆی ئەوەی کوردستانیەکی زۆر لە وولاتە دەژین و پێگەیەکی تایبەتیان هەیە بەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کەوت بەڵام یەکێتی هاوشێوەی کارەکانی تر بەهۆی باڵ باڵێنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر نەیتوانی هیچ کەسێک لەو پۆستە دابنێت تا ئەو کاتەی کە ئەرسەلان بایز بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی توانی ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی وەربگرێت بۆ دانانی خزمێکی خۆی بۆ ئەو پۆستە کە ئەویش (هێرش خولە عزیز فرحان) لە ڕێکەوتی ١٣/١٠/٢٠١١ کە بە ئیمزای دکتۆر بەرهەم ساڵح کە ئەو کات سەرۆک وەزیران بوو فەرمانی دامەزراندنی ژمارە ٢٥٥٧ی بۆ دەرچوو. بۆ پشت ڕاست کردنەوەی زانیاریەکان دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن
(http://www.gov.krd/a/d.aspx?a=41865&l=13&r=26&s=010000).
هێرش خولە هەڵگری ڕەگەزنامەی سویدی بوو و پێشووتر وەک شارەزا لە وەزارەتی بازرگانی عێراقی لەسەر لیستی یەکێتی دامەزرابوو و هەموو ئەو کارانەشی کە بۆی کرابوو بە پشتگیری ڕاستەوخۆی ئەرسەلان بایز لەسەر ئەو بنەمایەی کە باوکی شەهیدی یەکێتی بووە و تەنانەت ماوەیەک بنەماڵەی خولە لەسەر داوای یەکێتی لە دادگا سکاڵایان دژی نەوشێروان مستەفا تۆمارکرد کە گوایە دەستی هەبووە لە شەهیدبوونی باوکیان. هێرش خولە بەهۆی کەم ئەزموونی و بێ توانایی لە ماوەی دەست بە کاربوونی تاوەکو لەسەر کارلادانی لە ڕێکەوتی ١٨/١١/٢٠١٣ بە

فەرمانی ژمارە ١٤٢٧ کە شۆڕش قادر ڕەحیم نوێنەری یەکێتی لە شوێنی دانرا نەیتوانی بوو هیچ بکات جگە لە دامەزراندنی خوشکەکەی و زاواکەی لە نوێنەرایەتی و بەتاڵان بردنی بودجەی نوێنەرایەتی. تەنانەت لابردنەکەی لەسەر داوای یەکێتی و لایەنگرانی یەکێتی بوو چونکە بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی نەدەدا یەکێتی سەردانی نوێنەرایەتی بکەن

(http://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=22160 ).

دوای ئەوەی کە دەرکرا هێرش خولە ئامادە نەبوو کلیلی بارەگای نوێنەرایەتی بداتەوە و لە تەلەفۆنیش لە کاروان جمال تاهیر کە جێگری فەلاح مەستەفای گووتبوو ئەگەر سەردانی سوید بکات بۆ ئەوەی کلیلی نوێنەرایەتی وەربگرێتەوە ئەوا لە دادگای سویدی سکالایان لەسەر تۆمار دەکات و بە پۆلیسی سویدی دەڵێت دەست گیریان بکات.هێرش خولە دەیتوانی ئەو کارە بکات چونکە نوێنەرایەتی وەک کۆمپانیا یاخود ڕێکخراو لەسەر ناوی خۆی تۆمارکراوە و هەموو مافێکی هەبوو، هەموو ئەم کارانە بووە هۆی ئەوەی کە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە فەرمی داوا لە ئەرسەلان بایز بکرێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات چونکە ئەو نوێنەرایەتیە هەر بۆ یەکێتیە و ئەو کەسەی دەست بەکاردەبێت کادیری یەکێتیە. دوای پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەرسەلان بایز بە هێرش خولە ئنجا ڕەزامەند بوو کە کلیلی نوێنەرایەتی تەسلیم بکات و بەو مەرجەی کە مووچەی سالێکی پێش وەختەی لەسەر بودجەی نوێنەرایەتی بۆ خەرج بکرێت و بە پلەی وەزیر لەسەر لیستی یەکێتی لە حکومەتی هەرێم خانەنشین بکرێت. هەموو ڕەوەندی کوردستانی لە سوید شاهێدی ئەو بێ حورمەتیانەن کە هێرش خولە بەرامبەری کردوون لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی کە نوێنەر بوو چونکە بەردەوام نوێنەرایەتی داخراو بوو و لە کاتی پێویستی بە هەر بەڵگەنامەیەک بۆ پشت ڕاست کردنەوە خەڵک دەبوایە سەردانی باڵیۆزخانەی عێراق بکردبووایە. هەرچەند شۆڕش قادر تا ڕادەیەک توانی ناوپێگەی یەکێتی ڕاست بکاتەوە دوای دەست بە کاربوونی بەڵام ئەویش دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە

لاپەڕەی تایبەتی فەیسبوکەکەی ڕایگەیاند کە دەستی لە کارکێشایەوە لە نوێنەرایەتی چونکە یەکێتی خیانەتی لە شارەکەی ئەو لە کەرکوک کردووە بۆیە ئێستا نوێنەرایەتی حکومەتی لە سوید بێ نوێنەرە و یەکێتی وەک پیشەی هەمیشەیی ناتوانێت کەسێک بۆ ئەو پۆستە دیاری بکات.

11- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەلجیکا:

ژمارەی تەلەفۆن: +3225137228

ئیمێل: eu@gov.krd

وێبسایت:

ناونیشان: Avenue Franklin Roosevelt 228 – 1050 Brussels, Belgium

ئەگەرچی هەمیشە قسە لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم دەکرێت لای یەکێتی ئەوروپا بەڵام هیچ بنەمایەکی دبلۆماسی و ڕاستی نییە و تەنها ناو لە خۆنانێکە. نوێنەرایەتی هەرێم لە بەلجیکا لە ژێر ناوی کۆمپانیای بازرگانی دادامەزراوە و تا ئێستاش هەر ئاوا ماوەتەوە (سەیری بڵاوکراوەی فەرمی دامەزراندنی نوێنەرایەتیەکە بکە)

ئەم نوێنەرایەتیە هەمیشە نوێنەرایەتی بنەماڵە خێڵەکیەکەی بارزانی بووە مێژویەکی ڕەشی هەیە لە ڕووبەڕووبونەوەی چالاکوانان ولایەنەکانی دژ بە پارتی و بنەماڵە. یەکەمین نوێنەری ئەم کۆمپانیایە بورهان جاف بو کە قوتابیەکی زانکۆی بەلجیکا بو پاش فەشەل هێنانی لە خوێندن ئەم کارەی پێ سپێردرا. ناوبراو بە دەگمەن ڕێی دەکەوتە نوێنەرایەتیەکە ولەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی لە بەریتانیا دەژیا ، نوێنەرایەتیەکەی دابووە دەست کچێکی پۆلۆنی کە بەهۆینەبونی ئەزمون و بێتوانایی

لە زمانەکانی ئەم وڵاتەدا نەیدەیتوانی هیچ پەیوەندیەک بنایت بنێت و هەروەها نەیدەتوانی وتوویژ لەگەڵ کوردانی ئەم وڵاتە بکات و کارەکانیان ئەنجام بدات. بورهان جاف کەسێکی داوێن پیس بو پلە و جێگای خۆی بەکاردەهێنا بۆ ئارەزوەکانی و پەیوەندی لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی مێینەی یەک بەدوای یەکی نوێنەرایەتیەکە کردبو. یەکێك لەو پەیوەندیانە بووە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی خێزانێکی کورد و لەیەکتری جیابونەوەیان. بورهان جاف کەسێکی لوت بەرز بو بەرامبەر ڕەوەندی کوردی و سەرشۆڕ و بچکۆلانە بەرامبەر ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی بۆیە کەسێکی نەخوازراو بو. پاش دەرمانخوارد کردنی جەوهەر نامیقی برای و سەرشۆرکردنی بورهان بەرامبەر ئەو تاوانەی بنەماڵە لە پاداشتدا لە نوێنەرەوە کرایە باڵوێزی ئێراق لە یۆنان . ئێستاش بە دەگمەن ناوی دەبیسترێت

سەلیم گرافی نوێنەری دوهەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەلجیکا سەلیم گراڤی کە پێشووتر نوێنەری حکومەتی هەرێمی پارتی بوو لە ئیسپانیا بە فەرمانی ژمارە ٢٣٥٩ لە ٢٣/٩/٢٠١٠ بە واژووی دکتۆر بەرهەم ساڵح وەک نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەلجیکا برۆکسل دامەزرا

ە سەرەتای ٢٠١١ دەسەبەکار بوو . پارتیەکی دانیشتوی ئیسپانیا بو خۆی ناونابو (کارلۆس) ڕەوەندی کوردیش بۆ گاڵتەجاری ناویان نابو(خوان کارلۆس گرافیۆس)، ناوبراو لەسەر پێشنیاری مەکتەبی سیاسی پارتی ئەو پۆستەی پێ درا بەڵام هیچ شارەزایەکی دیبلۆماسی و پەیوەندیەکانی نەبوو تەنها بەهۆی ئەوەی کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئیسپانی بوو و لە ووڵاتە ژیابوو هەندێک پەیوەندی لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی کەمی ئیسپانیا هەبوو کە ئەوانیش لە پەرلەمانتارە ڕاست ڕەوەکان بوون. خراپترین ئەزموونی کاری نوێنەرایەتی برۆکسل ئەو سەردەمە بوو، کە سلیم گراڤی نوێنەر بوو، چونکە زیاتر خەریکی کاری بازرگانی و گەڕانەوە بۆ ئیسپانیا و کاری بەڵێندەرایەتی بوو. ناوبراو بە شانازیەوە لەوە دەدوا کە لە ٤٠ پرۆژەدا

شەريكی بەرپرسانی كوردستانە. لە ناويان دا شێخ نيهاد بارزانی برای مەسعود بارزانی.

ئەم نوێنەرە لەگەڵ گەيشتنی بە بەلجيكا ژنێكی نوێی زۆر كەم تەمەنتری لەخۆی هێنايەوە و هاوسەرەكەی پێشوشی لە ئيسپانيا بۆ ئيحتيات هێشتبۆوە . هەروەها يەكەم پێشنياری گرنگی بۆ بەرپرسی ليژنەی ناوچەی پارتی بەلجيكا كردبووكە كچی هەڤدە هەژدە ساڵی كۆبكاتەوە و رايان بهێنێ بە زەردەخەنە و لەنجەولارەوە پێشوازی سەردانەكانی سەرۆك بارزانی بكەن.

ناوبرا و لەگەڵ بەڕيوەبەرايەتی پەيوەنديەكان و فەلاح مستەفادا كەوتە كێشە و ئاژاوە لەبەر ئەوەی گوايە ١٤٠ هەزار ئێرۆی بۆ نوێژەن كردنەوەی نوێنەرايەتيەكە سەرفكردووە بەڵام چارەكی ئەو برە پارەيە وەسڵی لەبەردەستا نەبو . گرافی برايەكی لە سويدەوە و ئامۆزايەكی لە بەريتانياوە هێنا بۆ نوێنەرايەتيەكە و ئامۆزايەكيشی لە كوردستانەوە وەكو چێشتكەر هێنا بۆ برۆكسل. بە هۆی هەندێك كێشە لەسەر" پەيوەنديە نێودەوڵەتيەكان" ئەم خزمانە بوو بە شەرە بۆكسيان و هەڵۆی ئەحە سمێڵيش كە مستەشاری نوێنەرايەتيەكەيە چەند كۆڵە مشت و شەقێكی بەركەوتبو، بە كورتی ئەم نوێنەرە سەرباری ئەم هەبێدەسەڵاتی و سيفاتە ناشرينانەی دەرنەكرا تەنها و تەنها لەسەر ئەوە دەركرا كە لە سەردانی مەسعود بارزانی بۆ ماڵی باڵوێزی ئێراقی پەرداخێ ويسكی لە "حوزوری جەنابی سەرۆك" خواردبۆوە ، بێگومان مەسعوديش ئەمەی بە بێرێزی زانيبو بۆيە پاش گەرانەوەی تەخت و تاراجيان پێ پێچايەوە ، تەنانەت هەواڵی دەركردنەی كە پێی گەيشتبوو، بووە هۆی ئەوەی جەڵتە لێی بدات و لە نەخۆشخانە بكەوێت.

پاش چەند مانگێك لە سەرەتای ٢٠١٣ دا نێردرايەوە بۆ ئيسپانيا. گرافی تەواوی ئەو دوو ساڵەی بەلجيكای هەر سەرقاڵی نوێژەن كردنەوەی نوێنەرايەتيەكە و خانوە تايبەتيەكەی و كارو پرۆژە بازرگانيەكانی بوو بە بێ ئەوەی هيچ كار و چالاكيەكی لەبەرچاوی ئەنجام دابێت

دوایی ئەوە پارتی لەسەر پێشنیاری مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حیزب دلاوەر ئاژگەیی کە پێشووتر نوێنەری پارتی بوو لە دانیمارک کرایە نوێنەری حکومەت لە بڕۆکسل.

هاوشێوەی نوێنەرایەتیەکانی تر بەهۆی ئەوەی کە بودجەی نوێنەرایەتی لەسەر حیسابی تایبەتی سلیم گراڤی بوو و جەڵتە لێی دا نەتوانرا هیچی لەگەڵ بکرێت بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پارەیە و تەنانەت چەند مانگێکیش دوای ئەوەی سلیم گراڤی لەو نوێنەرایەتیە نەمابوو نوێنەرایەتی هەر خەریکی دانەوەی قەرزی ئاو و کارەبا و ئینتەرنێت و تەلەفۆنی سەلیم گراڤی بوو. تەنها کەس کە لە پرۆسەی گۆڕینی نوێنەرەکان لە برۆکسل سوودی وەرگرتووە زانا کوردە یە کە کوڕی هەڵۆ کوردەی بەرپرسی لقی پێشووی پارتی بووە لە سلێمانی کە بە شێوەیەک تەواوی خەرجیەکانی خۆی و خوێندنی لەسەر نوێنەرایەتی بووە کە توانیویەتی لەسەر بودجەی نوێنەرایەتی ماستەر تەواو بکات و ئێستاش لەسەر بودجەی نوێنەرایەتی قوتابی دکتۆرایە.

تاکو ئێستا ئاژگەیی نوێنەری بنەماڵەی بارزانیە لە بەلجیکا ، ناوبراو هەڵگری ناسنامەی دانیمارکیە. خالید ئاژگەیی باوکی دلاوەر لەپێش پەیوەندی کردن بە پارتیەوە جاشی حکومەتی بەعس بووە و ڕابردویەکی دزێوی هەیە. دلاوەر ئاژگەیی چەندین کەسی بێتوانای دۆست و هاوڕێی خۆی کە دانیشتوی دانیمارک ڕاکێشایە ناو نوێنەرایەتیەکە، یەکێك لەوانە دکتۆر نەوزاد کە دەرچوی کۆلێژی پزیشکی ڕۆمانیا بووو. دکتۆر نەوزاد لە نوێنەرایەتیەکە وەکو جێگری نوێنەر لە پاڵ موچەی کارەکەی پارەی سۆسیالی دانیمارکیشی وەردەگرت، نەوزاد لە لایەن منداڵەکانی و هاوسەرەکەیەوە نهێنی ساختەکاریەکانی لای دەزگاکانی دانیمارك ئاشکرا کرا وەك کاردانەوەی ئەوەی کە ژنێکی منداڵکاری نوێێ لە بەلجیکا هێنا بوو.

دلاوەر ئاژگەیی سەرباری دەیان و سەدان سەردانی کۆبونەوە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی ئەوروپا و وێنەی سێڵفی گرتن و پۆزلیدان لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا و بەرپرسانی بەلجیکا نەیتوانیوە کەمترین پشتیوانی و سۆز بۆ کێشەی

کوردی بنیاتبنێت. لەپێش ڕیفەرەندۆم وای ڕادەگەیەیاند کە هەمو شتێك لە یەکێتی ئەوروپادا مەیسەرکراوە و پشتیوانیەکان مسۆگەرن، دوای تێکشکانی ڕیفەرەندۆم و بەهۆیەوە لەدەستدانی نیوەی خاکی کوردستان تەنها ڕێگایەك کە گرتیە بەر ڕێکخستنی خۆپێشاندان بو لە مشتێك ئەندامانی پارتەکەی بارزانی لەبەردەم یەکێتی ئەوروپا. ناوبراو لە ژێرەوەیە و چەندین پەیج و و فەیسبوکی نهێنی هەیە و لەو ڕێگایانەوە خراپکاری دەکات. خۆبەزلزانیەکەی و ڕەفتاری لوتبەرزانەی بە بێ هیچ بنەمایەکی ئەکادیمی نازناوی دکتۆری لەخۆی ناوە. وەك ئەوەی لە ماوەی ڕابردودا پەلاماردانی چالاکوانانی دا بە تایبەتی لە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپا و لە برۆکسلی پایتەختی دیموکراسی ئەوروپا. بەو هۆیەشەوە سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە و ڕووبەڕوی دادگا دەکرێتەوە. هەروەها لە لایەن دەزگای تایبەتی بەلجیکاوە بە کاری گەندەڵی و نایاسایی تۆمەتی خستنەکارەوەی فەرمانبەری بە شێوەی نافەرمی لەسەرە، کە تۆماری نەکردون لە کۆمپانیای نوێنەرایەتیەکەی و هیچ زەمانی کۆمەڵایەتی بۆ نەداون و پەیڕەوی هیچ یاسا و ڕێسایەکی ئەم وڵاتەی نەکردووە لە پێناوی دەسکەوتی زیاتر بۆ گیرفانی خۆی.

12- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئەمریکا:

نوێنەری حکومەتی هەرێم/ بەیان سامی عەبدولرەحمان

ژمارەی تەلەفۆن: 12027977575+

ئیمێل: us@gov.krd

وێبسایت: http://us.gov.krd

ناونیشان: 1532 16th St NW – Washington, D.C. 20036 USA

یەکێک لە گرفتەکانی نێوان پارتی و یەکێتی ئەوەبووە کە یەکێتی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی لە ئەمریکا بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی بە کارهێناوە بەهۆی ئەوەی

کە ئەو نوێنەرایەتی ماوەیەکی زۆر لە لای یەکێتی بووە لە سەردەمی بەرهەم ساڵح و تا دەگاتە قوباد تاڵەبانی. دوای گەڕانەوەی قوباد تاڵەبانی بۆ کوردستان و دەست بە کاربوونی لە حکومەتی هەرێم پارتی ئەوەی بە یەکێتی ڕاگەیاند کە جارێکی تر ئەو نوێنەرایەتیە نادرێتەوە بە یەکێتی و لاوازی یەکێتی و باڵ باڵێنی ئەو حیزبەش یەکێک لە خاڵەکان بوو کە نەیتوانی ڕێگری لە پارتی بکات کاتێک بەشێوەیەکی مەرکەزی و بەبێ گەڕانەوە تەنانەت بۆ قوباد تاڵەبانی کە جێگری سەرۆکی حکومەت بوو ئەوا بەیان سامی عبدالرحمن فەرمانی گواستنەوەی بۆ دەرچوو بە پلەی نوێنەر لە بەریتانیا وە بۆ ئەمریکا. بودجەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئەمریکا مانگانە لە نێوان٢٠٠ بۆ ٢٥٠ هەزار دۆلاری ئەمریکیە کە ئەمەش لەوانەیە پرسیار لەلایەن خوێنەر دروست بکات کە بە چ شێوەیەک خەرج دەکرێت، حکومەتی هەرێم بەهۆی نەبوونی بەرنامەیەکی زانستیانە بۆ دروست کردنی پەیوەندیەکان و سوود وەرنەگرتن لە توانا و ڕۆڵی ڕەوەندی کوردستانی لە ئەمریکا بەشێکی زۆری بودجەکەی لە کاری بەکرێ گرتنی گروپە لۆبیکارەکان خەرج دەکات و بەپێی چەندین توێژینەوەش .کاری لۆبی کوردی شکستی هێناوە و هیچ دەسکەوتێکی نەبووە

بەپێی ماڵپەڕی ئەلمۆنیتەر تەنها لە ساڵی ٢٠١٦ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە هەولێرەوە بودجەی ١,٣٤ ملیۆن دۆلاری بۆ هاتووە و جگە لەم بودجەیە بڕی ٢٠٠ هەزار دۆلاری تری داوە بە ٥ گروپە لۆبیکار

(.

تەنانەت لە ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمریکی باس لەو پارانە کە کراوە کە دراوە بە گروپە لۆبیکارەکان و کە ئەو پارانەی دراون لە ئاستی وولاتانی وەک سعودیە و : تورکیا و ئیماراتە

(

.

ئەگەر هاتوو کارمەندانی نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی شارەزا و توانا و لێهاتوویان دامەزران بن و دوور لە حیزبایەتی کە زۆربەیان لەسەر تەکلیفی شەخصی مەکتەب سیاسیەکانی یەکێتی و پارتی دامەزراون و هیچ سوودێکیان بۆ نوێنەرایەتی نیە، کەمترین مووچەی کارمەندانی حیزبی نوێنەرایەتی لە نێوان ٤ بۆ ٥ هەزار دۆلار .ئەمە جگە لە خەرجی هاتوو چۆ و بیمەی تەندروستی

ئێمە دەتوانین بڵێین کە نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە شکستیان خواردووە چونکە نەتوانراوە لە دەست حیزب و لە ژێر فشاری حیزب بێتە دەرەوە، تاوەکو ئێستا فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە دوو کۆنفرانسی بۆ ڕێکخستنی کاروباری نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە ئەنجامداوە بەڵام تەنانەت نەیان توانیووە یەک خاڵی جێ بەجێ بکەن و ئەو بەرەڵایەی کە لە نوێنەرایەتیەکان هەیە کۆنترۆڵی بکەن. یەکەمین کۆنفرانس لە مانگی ئەیلول ٢٠١١ ئەنجامدرا لەسەردەمی دکتۆر بەرهەم ساڵح و دووەمین کۆنفرانس بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی ڕاستەوخۆی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت لە ساڵی ٢٠١٥، خوێنەر دەتوانێت سەیری بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسەکان بکات و پرسیار لە نوێنەرەکان و فەرمانگە بکات کە ئایا چەند خاڵی جێ بەجێ کراوە، ئایا دەستەی نەزاهە و چاودێری دارایی چەند دۆسیەی دارایی و ژمێریاری نوێنەرایەتیەکانیان ووردبینی کردووە و شێوازی دامەزراندنی کارمەندان بە چ شێوەیەکە؟ نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم .لە دەرەوە دۆسیە یەکی پڕ لە گەندەڵی بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیا و حیزب و تاکە کەس

(دڵشاد بارزانی (دڵشاد بارۆنی

13- نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا:

نوێنەری حکومەتی هەرێم/ دڵشاد بارزانی

ئاوارە کەریم ........................................................گەندەڵستان

+ژمارەی تەلەفۆن: 493028884950+ / 493028849516

ئیمێل: germany@gov.krd

وێبسایت:

ناونیشان: P F 150101/ 10663 Berlin

نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا دڵشاد بارزانی برای مەسعود بارزانییە، لە هەموو نوێەرایەتییەکانی دیکە دەوڵەمەندتر و دەسترۆیشتووترە، لە هەموویان زیاتر چالاکی سپیکردنەوەی پارەی دزراوی بنەماڵەی بارزانی دەکات. دڵشاد بارزانی لە ئەڵمانیا ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ دڵشاد بارۆنی. کلیکی ئەمەی خوارەوە بکە سەبارەت بە گۆڕین و ناوی بازرگانی دڵشاد بارزانی، کە ناوی دڵشاد بارۆنییە

## سەنديكاى ڕۆژنامە نوسان گرێيەک بۆ گەندەڵى

سەنديكاى ڕۆژنامە نوسان هەمو ساڵێک ١٥٠٠٠ وەر دەگرێت لەڕۆژنامە نوسان بەبێ ئەوەى ئەو پێناسە خۆشيان ئيعترافى پێ بکەن سەنديكاى ڕۆژنامە نوسان خاوەنى چەند هەزار ڕۆژنامە نوسە بەڵام بەداخەوە هەر ڕۆژەى لە بستێک خاکى ئەو نيشتمانە ڕۆژنامە نوس ترۆر دەکرێت دەگيرێت دەست درێژى دەکرێتە سەر کەچى ئەو سەنديكا يە كە بە حيساب پارێزەرى ڕۆژنامە نوسانە لەبەيان نامە ى شەرمنانەزياتر ناتوانن ئەلفێک ڕوبەڕويئەو هەمو ناعەدالەتيە بڵێن چونکە دەروێشى حيزبن ،بەوێنەى سەرجەم يەكێتيە كانى كۆيلەى دەسەڵات هەميشە ڕێگرن لەبەردەم نوزەيەكى شەرمنانەشدا ڕۆژنامەنوس دەكوژرێت ترۆرى ئەخلاقى ترۆرى جەستەيى دەكرێت لەئيشو كاردا توندو تيژى بەرانبەر دەکرێت کە چى ئەو سەنديكاحيزبيە بەس ئيش و كاريان بۆتە بەياننامە دەركردن هەرچى ڕۆژنامە نوسە ئەگەر كەليمەيەكى حەق بڵێ دژى ئەم مافيايانە دەچن دتيگرن تێر سو كايەتى پێدەكەن ئەگەر شانسى هەبێت بەرى بەن دەنا دەيكوژن سەنديكاحيزبيەكەش دەست دەكات بە دەر كردنى بەيان نامەى شەرمنانە وەک ئەوەى لەباتى ترۆرى كاوە گەرميانيو سەردەشتو سۆران كرديان كەناڵە كان بەبێ گوێدانە مافى ڕۆژنامە نوسان دادەخرێنو ڕۆژنامە نوسان ڕەوانەى ماڵەوە دەكرێن كەچى هيچ لايە نێک خۆى ناكات بە پشتو پەنايان و ئامادە نيە ڕستەيەک لەسەر مافى ڕۆژنامە نوسان نازانم ئەوو سەنديكايەى كە بەياسا دەبێت پشتى ڕۆژنامە نوس بگرێت ئەمە ڕەفتارو گو فتاريانە سەرە ڕاى ئەوەى لێوان لێوە لە مونا فەسەى حيزبى گەر كەسێک بيەوێت پێناسێک تازە بکاتەوە دەبێت دۆمانگ چاوەڕێ بكات تا بۆيدێتەوە بۆشارەكەى بەڕاى زۆرێک شارەزا ئەو سەنديككايە هيچ شەرعيەتێكى نماوە ماوەى قانونى بەسەر چوە دەبێت وەک هەمو جومگە كانى ترى

کۆمەڵگە بیر لە بەدیلێک یان سەندیکایەکی تر بکرێتەوە نەوەک ئەو سەندیکا ئیفلیجەهیزی لەبەر ببڕێت

**بەڕێوبەرایەتی سینەمای سلێمانی و گەندەڵیەکانی**

ماوەیەکە برادەرێک بووە بە بەڕێوەبەری بەشی سینەمای سلێمانی گە پێشتر بەڕێوەبەرایەتی بوو ئەم بەشە بەدرێژای دەیان ساڵە کە زیاترلە چوار بەڕێوەبەری گۆڕیوە تائێستا گروپێک یان چەند کەسێک دەستیان بەسەردا گرتووەو نایەڵن ئیمتیازی هونەریو مادی بەر هیچ کەسیتر بکەوێت جگە لەدەوام نەکردنی فری شمولیان دەکات کە بەهیچ شێوەیەک لێیان ناپرسنەوە ئەوەش بەپاساوی ئەوەیی کاری هونەری دەکەن کەلەهەمان کاتتدا هیچ کاری هونەرییان نیەو هیچ جۆرە سودێکیش بە بەشی سینەماکە ناگەیەنن بگرە زۆربەشیان یان لەکۆمپانیای هونەری بازرگانی یان کاری ئازاد یان سەربە حیزبی هەمان زۆنن و حیساب بۆهیچ کەس ناکەن هەنێکیشیان یان لەکەناڵی حیزبی دەسەڵاتدارەکانن یان بن دیواری حیزبن یان بەرژەوەندی مادی تایبەتیان لەگەڵ جەنابی بەڕێوەبەری سینەمادا هەیە یان بەرژەوەندی خزمایەتیو دۆستایەتی سەرمێزی خواردنەوەی باخو ڤێلاکان ئیدی بەکوردی زەمەنێکی دێرینە کار بەو هونەرمەندانەناکرێت کە بەئەدەو بێدەنگنوو زمان درێژیان بەرامەر ناکەنوو دەستیان لەگەڵ تێکەڵ ناکەن بۆ پرکردنەوەی وەصڵی بەتاڵ واتە بۆ پێک هێنانی لیژنەی سەرفکردنی پارەکی زۆر یان بۆدروستکردنی فلمێک یان ڤیستیڤاڵێک یان ئیڤێنتێک یان هەربابەتێکی تری تایبەت بەوبوارە.. بەڕاستی بەم بەڕێزە کەناوی مەریوان ئیبراهیمەو بەڕێوەبەری ئەو بەشەیە خەریکە هەمان هەڵەی بەڕێوەبەرەکانی تر دووبارەدەکاتەوە.. هیوادارم کەمێک بەخۆیدا بچێتەوەو بەوردی سەرنجی ئەم بابەتەبدات ئەگەرنا نهێنی زۆرمان لایە دەربارەی خۆیو دارو دەستەکەیو

یەک بەیەک ناویان دەهێنینو جۆری گەندەڵیەکانیشیان بڵاو دەکەینەوەو دڵنیابێت ئەمە دواجار نابێت ڕاستیەکان بخەینە بەر کڵاوڕۆژنەی گەلوو لەیەنە پەیوەنی دارەکان؟

**لەبارەی گەندەڵیەکانی کایەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە**

دوای ئەوەی خەڵک لەباشووری کوردستان بە گشتی لە سیاسی و ڕۆژنامەنووسانەوە فێری قسەکردن و باسکردنی گەندەڵی بوون، ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر لە چوارچێوەی قسەکردن مەترێک تێنەپەڕیوین. ئێستاش نەمان بینی دوو مەسئولی حکومی یان حزبی لەسەر گەندەڵی سزای شایستە بدرێن! ئەوانەی سەرەتا یارییەکەیان دامەزراند مەبەستیان مەرامی سیاسی و شۆردنەوەی عەقڵی جەماوەربوو. با جارێ واز لەو مەسەلەیە بهێنین و تیشک بخەینە سەر گەندەڵیەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەوانی کوردی، کە ئەم بوارەش جیاوازتر نیە لە بوارەکانی تر و دەیان کەسی نەزان و فاشیل و گەندەڵ و ماستاوچی وئینشانووس خۆیان خزاندۆتە ئەم بوارەوە و بەناو و بەرگی ڕۆژنامەنووسەوە پۆست و مووچەی چەور دەگلێنن و ڕۆژێک خەمی خەڵک و کورد و کوردستانیان نەخواردووە بێجگە لەمووچەی بەرز!!

وای لێهاتووە ڕۆژنامەنووسە چالاک و بوێر و سەرکەوتووەکانیش زۆرجار پێمان عەیبە لە هەندیک شوێن بڵێین ڕۆژنامەنووسین چونکە هەندێک خەریکە پیشەکە وا ناشرین دەکەن پیاو لەڕووی نەیە بڵێ ڕۆژنامەنووسم چونکە یەکسەر لیستێک لە تۆمەت و گەندەڵیت دەدەنەپاڵ. جا لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە مافیاو دەستەکانی ناو ئەم کایەیە زۆرجار بە پلان و بەرنامە و بە ئەجندای ئەم حزب و ئەو حزب و فڵانە مەسئول دابەش دەبن بەناو کەناڵ و دەزگا ڕاگەیاندنە زۆرەکانی ئەم وڵاتەدا و هەر

لەوێوە دژایەتی ڕۆژنامەنووسی دڵسۆز و بوێر و چالاک و خاوەن ئەزموونەکاندەکەن و سیخوڕی بەسەریانەوە دەکەن و کە دەبینن خەریکە ئەستێرەی ناوت دەدرەوشێتەوە و خەریکە کاکی سەرنوسەر یان جێگر یان مەسئولی ژوری هەواڵ لەئاستدا شاگردیش نیە.... یەکەمجار قووتی ماڵ و منداڵت دەکەنە ئامانج و هەڕەشەی دەرکردن لەکارت لێدەکەن ئەگەر بێدەنگ نەبێت و جارێکی تر هەڕەشەت لێدەکەن نابێت لە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوەبە قسەی خۆیان هێڵی سوور ببەزێنیت و دواجار خەریکت دەکەن بە شەڕی لابەلاوە وەکو ئەوەی کەسێکی نەزان و ناشایستە و بێ ئەزموون دەکەن بە مەسئولت. ئیتر کاکی مەسئول خراپتر لەکایەی سەربازی سەردەمی بەعس بە هەوەس و میزاجی خۆی بێزارت دەکات بۆئەوەی کەناڵ یان سایت یان ڕادیۆ یان ڕۆژنامەکەی بۆ چۆڵ بکەیت و دوای ئەوەش کە ئیستیقالە دەکەیت هەزارو یەک تۆمەتت بۆ هەڵدەبەستن و بەخراپە لای ئەم ڕۆزنامەنووس و ئەو نووسەر ناوت دەزڕێنن و پەیوەندی دەکەن دەکەن بە لێپرسراوی کەناڵەکانی ترەوە کە فلانە ڕۆژنامەنووس وەرنەگریت یان پێرفۆرمانست بە لاواز وەسف دەکەن و لەلای ئێچ ئاڕی هیچ کۆمپانیا و دەزگایەکی دی ئیعتراف بە ڕاستی توانا و ئەزموونی کاری ڕۆژنامەوانیت ناکەن. دواجار ئەگەر هەر خۆڕاگربوویت و ئەوا هەلەکان دەقۆزنەوە و دەستدەدەنە یەخەت و دواتریش بە هێرشبەر و کەسێکی ناشارستانی ناوزەدت دەکەن و کەسێکی گەندەڵی یەدەگی پێڕ و مافیاکەی خۆیان دەخەنە شوێنەکەت! لە ساڵی 2006 ەوە کە هاتوومەتە ناو کایەی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە و وەکو وەرگێڕێکی ڕۆژنامەوانی زمانی ئینگلیزی-کوردی و هەواڵساز و ڕۆژنامەنووسێکی بوێر و دڵسۆز و چالاک و مەیدانی لە چەندین سایت و دەزگای ناوداری باشووری کوردستان و شاری سلێمانی و هەولێر کارمکردووە و هەموو ئەو شتانەی لەم وتارەدا باسی دەکەم بە چاوی خۆم بینیومن یان لەبەرامبەر خۆمد ابەوشێوەیە پیلانیان لەدژم جێبەجێ کردووە، بەڵام خەیاڵیان خاوە و پیلان و گەندەڵیەکانی ئەو جۆرە کەسانە یەک گەرد پەشیمانم ناکاتەوە

لە بیروباوەڕ و مەبدەئی خۆم و دڵسۆزیم بۆ خزمەتكردنی گەلەكەم و ڕاماڵینی گەندەڵكاران و دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی كوردستان كە ئاڵای كوردستان لەسەر خاكی هەر چوارپارچەكەی لەسایەی دەسەڵاتێكی دادپەروەر و دیمۆكرات و مرۆڤ دۆستدا بشەكێتەوە.

## خوێندكارانی تواناسازی لە فەرەنسا گەندەڵیەكانی خوێندنی باڵا ئاشكرادەكەن

لە بەیاننامەیەكدا كە ئاراستەی سێ سەرۆكایەتییەكەی هەرێمی كوردستان و داواكاری گشتیان كردووە خوێندكارانی تواناسازی لە فەڕەنسا گەندەڵیەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی كوردستان دەخەنە روو. ئەمەیش بۆ چەندین جارە خوێندكارانی فەرەنسا كێشەكانیان دەخەنە بەردەست لێپرسراوانی خوێندنی باڵای هەرێمی كوردستان و لێپرسراوە باڵاكانی هەرێم بەڵام تا ئێستا یەك هەنگاویش نەنراوە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان. ئەمەی خوارەیش دەقی بەیاننامەكەیە.

دەقی بەیاننامەیی قوتابیانی تواناسازی فەرەنسا بۆ دەسەلاتدارە بێ خەمەكانی وەزارەتی خوێندنی بالای هەرێم..!

دوایین یاداشتنامەی خوێندكاران و قوتابیانی تواناسازی لە فەڕەنسا بۆ:

سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان

سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان

داواكاری گشتی لە هەرێمی كوردستان.

بەڕێزان:

ئێمە، ئەو ناوانەی کە لە خوارەوە واژوومان کردووە و ماوەی ساڵێکە هەموو خوێندنەکەمان بووەتە گازەندەکردن لە دەست خەمساردی و نابەرپرسیارێتی ژمارەیەك بەرێوەبەری گشتی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زۆر باش دەرك بەوە دەکەین کە لە ئێستادا کوردستان بە قەیرانێکی سیاسی و سەربازیدا تێدەپەرێ و لە رووی رۆحی کوردبوون و هەستی نیشتمانییەوە هیچمان کەمتر نییە لەوانەی کە ئێستا لە سەنگەرەکانی بەرگریدان و ئێمەش سەرباری سەختی خوێندنەکەمان هەمیشە دڵمان لە کوردستانە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ بە شەرمی نازانین کە لەم یاداشتەدا دوایین هەڵویستی خۆماناتن لەبارەی ئاریشە و گرفتەکانمانەوە پێ رابگەیەنین و تکاتان لێ بکەین کە بە جیدییەوە بیرورِاکانمان وەربگرن و لەوە زیاتر بێدەربایستی مەنوێنن بەرامبەر بە مافەکانمان، چونکە لە کۆتاییدا ئێمە بەرپرس نابین لە هەر کردەوەیەك کە پاش شاندنی ئەم یاداشتە ئەنجامی دەدەین.

لێرەدا بۆ دوایین جار ناچارین ئەم داوا و روونکردنەوانە لەسەر بەرپرسانی بەرنامەی تواناسازی و گرێبەستەکانیان و چۆنێتی باری گوزەرانمان لە فەرەنسا بخەینە بەردەستان:

1. داواکارین وەزارەتی خوێندنی باڵا گرێبەستی خۆی لەگەڵ رێکخراوی کامپوس فرانس هەڵبوەشێنێتەوە و هەر یەکێکمان سەربەست بکا لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیان و خوێندنمان لێرە، چونکە ئەم رێکخراوە و ریکخراوی (کنوس)ی پێشویش جگە لە کۆمەڵێك خەڵکی هەڵخەڵەتێنەر و نابەرپرس بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم و ئێمە هیچی تر نەبوون، هەر لەسەرەتای هاتنمانەوە بۆ ئێرە جگە لە دروستکردنی کێشە هیچ کارێکی تریان بۆ نەکردووین، بۆیە ئێمە گومانمان لە راستگۆیی وەزارەت و پەیوەندی بەرژەوەندیخوازی و ژێرەوانکێ هەیە لەگەڵ ئەم رێکخراوانەدا، ئەگینا بۆ تا ئێستا سەرباری بەجێنەهێنانی بەڵێنەکانیان هێشتا وەزارەت پەیوەندی لەگەڵیان ماوە و گرێبەستێکی پر لە کەموکوری لەگەڵ نوێ کردوونەتەوە؟ ئەم رێکخراوانە هەر لە

سەرەتاوە وایان زانیوە ئێمە کۆیلەی ئەوانین و حکومەتەکەشمان زۆر لەوە نەزانترە !کە بە فرت و فێڵەکانی ئەمان بزانێ

ئێمە ڕاستەوخۆ هەریەکە لە بەڕیوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی خویندنی باڵا: .2 دکتۆر ئامانج، دکتۆر گۆڤەند و دکتور ماهیر و هەروەها خەمان خانی نوێنەری حکومەت لە فەرەنسا بە بەرپرسی یەکەم دەزانین لە کێشەکانمان و بە تۆمەتی هەڵخەڵەتاندنی حکومەت و ئێمە و ڕای گشتی لە شاردنەوەی واقیعییەتی گرێبەستەکان و کێماسییەکانی، بۆیە زۆر بە ڕاشکاوی ڕای دەگەیەنین کە هەموو خەرجییانەی کە تا ئێستا بە ناهەق دراوە بە ملی ئێمە و ئەوانەش کە بەناچاری بەهۆی هەڵەی ئەم بەرێزانەوە گەڕاونەتەوە کوردستان یان لێرە لەسەر شانی خۆیان درێژە بە خوێندنی زمان دەدەن، لە ئەستۆی ئەواندایە. ئاخر چۆن دەکرێ ئەو هەموو کەموکوڕییە لە پرۆسەی تواناسازیدا هەبێ و تا ئێستا هیچ لێپرسینەوەیەك بەرامبەر ئەو کەسانە نەکرابێ کە هەر کاتێ ئێمە کێشەیەکمان هەبووبێ ئەوان بۆ خۆ دەربازکردن و شانی خۆ لێ خاڵیکردنەوە سەفەری دەرەوەیان کردووە! ئێمە دەپرسین کام لەم بەرێزانە ئامادەن بۆ ماوەی دوو مانگ بەبێ موچە و ئیفاد لە شوێنەکانی خۆیان بمێننەوە و دەنگ هەڵنەبڕن؟! ئەی بۆ وەختێ ئێمە کە ئەوە بۆ چوار مانگ دەچێ پارەمان وەرنەگرتووە و خۆمان و کەسوکاریشمان خستووەتە ژێر قەرز داوای مافی خۆمان دەکەین ئەوان هەزار ڕاو و ڕێویمان بۆ دێننەوە و هەرجارەی لەژێر پاساوی شتێکدا بەجۆرێ دەمانخەڵەتێنن. ئایا وەزارەتێك کە دەسەڵاتی خەرجکردنی بڕی 55 ملیۆن دۆلاری هەبێت کە وەک لە ماڵپەرە فەرمییەکەیاندا باسی دەکەن، چۆن ناتوانێ کێشەی دارایی ئێمە چارەسەر بکات؟

بەهۆی ئەوەی پارەی مانگانەمان وەرنەگرتووە، هەموومان لە بارودۆخێکی .3 دارایی دژواردا دەژین و کار گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە کرێی خانووەکانمان پێ نادرێ و دەرمان دەکەن، چونکە چیتر ناتوانین قەرز لە کەسوکارمان بکەین ئەمە لە کاتێکدا کە وەزارەت بەپێی بڕیارێکی وەزارەت لەسەر ماڵپەری وەزارەت بڵاو

كراوەتەوە زۆر بێباكانە داوامان لێ دەكا ئەگەر نەمانتوانیوە قبوڵی زانكۆیەك پەیدا بكەین ئەوا بگەڕێینەوە! ئێمە بە بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەڵێین ئێوەیەك كە ماوەی 3 مانگ زیاترە ئێمەتان نانبڕاو كردووە و خۆتان نەتانتوانیوە ڕێكخراوەكانی كنوس و كامپوس فرانس ناچار بكەن كە بەڵێنەكانیان ببەنە سەر، نازانن لە چی بارودۆخێكداین! ئایا پێمان ناڵێن چۆن پارەی بلیتی فڕۆكە پەیدا بكەین و تەسفیەی ئەو پارانە بكەین كە لێرە قەرزاری خاوەن خانووەكانمانین؟ ئایا ئێوە دەتانەوێ باجی هەڵەی خۆتان هەروا بە ئاسانی بخەنە ئەستۆی ئێمە و بێ هیچ حسابكردنێك بۆساڵێكی ژیانمان كە بەهۆی كەمتەرخەمی ئێوەوە بەفیڕۆ چوو بگەڕێینەوە سەر كام دەوام و ماڵ و حاڵ؟ لەكاتێكدا هەندێكمان بەر لە هاتنمان لە دەوامەكانمان فەسڵ كراوین و چەندێكیشمان ماڵەكانمان فرۆشتووە بۆ ڕۆژێكی ڕەشی وەك ئەمڕۆ؟ كارمان گەیشتووەتە ڕادەیەك كە ڕێكخراوێكی وەك (كاف) كە لێرە مانگانە بەشێك لە پارەی كرێ خانووەكانمان بۆ دەگێڕێتەوە و ئێستا بەهۆی نەبوونی شوێن و قبوڵییەوە پێشنیاری ئەوەی بۆ هەندێكمان كردووە كە ئەگەر دەتانەوێ لە جیاتی پارە ئێمە دەتوانین خۆراكی مانگانەتان بۆ دابین بكەین! لە وەزارەت دەپرسین ئایا ئێمە بۆ سواڵكردن و ملكەچی هاتووینەتە ئێرە تا بەو جۆرە بەزەییان پێماندا بێتەوە و غرورمان بریندار بكەن؟ ئەمە بوو گرێبەستە گرنگەكەی ئێوە؟ كە ڕەنگە خراپترین و !پڕكێماسیترین گرێبەست بووبێ لە مێژووی ئەم وڵاتەدا

بەشێكمان خێزاندارین و بەهۆی دوولەتبوونی خێزانەكانمانەوە بۆ ماوەی ساڵێك .4 كێشەمان بۆ دروست بووە چونكە لەمەشیاندا وەزارەت بەڵێنەكانی خۆیی نەبردووەتە سەر و نەیتوانیوە هیچ ئاسانكارییەكمان بۆ بكات بۆ هێنانی خێزانەكانمان بۆ ئێرە، لە كاتێكدا قوتابیانی وڵاتانی تر تەنانەت عەرەبەكانی ئێراقیش، زۆر بە ئاسانی دەتوانن هەر لە یەكەم ڕۆژی بورسەكەیانەوە خیزانەكانیان لەگەڵدا بێ. ئێمە زۆرباش دەزانین كە تا ئێستا وەزارەت ڕاستگۆ نەبووە لەگەڵماندا و بە بیانووی جۆراوجۆر ڕێگەی لە

هێنانی خێزانەکانمان گرتووە، تەنیا هۆی ڕاستەقینەش ئەوە بووە کە پارەیەکی کەمترمان بۆ خەرج بکرێ،

لە کۆتاییدا داواکارین کە بە زووترین کات و بەر لە داهاتنی پشووی سەری ساڵ لە فەڕەنسا کە ماوەی دوو هەفتە درێژە دەکێشێ، داواکارییەکانمان جێبەجێ بکرێ، ئەگینا ئیتر لەوە زیاتر ناتوانین چاوەڕێ بکەین و ناچارین لە وادەی چەند ڕۆژێکی کەم پاش بڵاوبوونەوەی ئەم یاداشتنامەیەوە دەست بەم کارانەی خوارەوە بکەین:

1. دەقی داواکارییەك بە زمانی فەڕەنسی دەدەینە پەرلەمان و وەزارەتی خوێندنی باڵای فەڕەنسا و ڕێکخراوەکانی بەرگریکردن لە خویندکارانی زانکۆ لە فەڕەنسا و هەموو ئەو غەدر و ناهەقییانەی تێدا تۆمار دەکەین کە تا ئێستا لەلایەن ڕێکخراوە فەڕەنسییەکانەوە لێمان کراوە.

2. مانگرتنێك لەبەردەم کامپوس فڕانس لە پاریس ڕێك دەخەین و هێندەی پێمان بکرێ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەم وڵاتەی لێ ئاگادار دەینەوە و ئەگەر گوێیان لێ نەگرتین ئەوا پەنا دەبەینە بەر بارەگای یەکێتی ئەورووپا لە فەڕەنسا و گازەندەنامەی خۆمانیان لە دەست وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی کنوس و کامپوس فڕانس پێ دەدەین.

3. ئەگەر هەر وەڵاممان وەرنەگرت ئەوا لە کۆتاییدا ناچارین هەموو شت و مەکەکانمان بگوازینەوە بەردەم نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە پاریس و لەوێدا دەست بە مانگرتنی درێژ بکەین.

ئەگەر ئەم کارانەش سەری نەگرت ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ کوردستان و داوای یاسایی لەسەر هەموو ئەو کەسانە تۆمار دەکەین کە ناومان بردن و ئەو کاتەیش دەبێ وەزارەتی خوێندنی باڵا فاتیحەی مردن لەسەر تەرمی بەرنامەی تواناسازی لە فەڕەنسا بخوێنێ و دان بە هەڵەکانی خۆیاندا بنێن.

.

## مشتێك لە گەندەڵیەکانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان

بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان ماوەیەکی زۆرە گەلێك ناڕەزایی فەرمانبەرانی وخەڵکی گەرمیانی لێ کەوتۆتەوەو ئەوەش لە سەر چەند هۆکارێکی گرنگ کە تا ئێستا ئیشی بۆ نەکراوە وەکو دانانی پلانێکی تۆکمە بۆ دەربازبوونی لە گەندەڵی.

ئەمەی لای خوارەوە مشتێکە لە گەندەڵیەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە:

بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی کە بەڕێوەبەرایەتیەکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیانە, وە بەشی (بەبازارکردنی بەرهەمە کشتوکاڵی)یەکانی لە خۆی گرتۆتەوە ماوەیەکی زۆرە کە زیاتر لە 4 ساڵی ڕبەقە جوتیارانی سنووری گەرمیان دەناڵێنن بە دەستیەوە ئەوەش چونکە بەرپرسێکی ئەو بەشە چەندین کاری نایاسایی وگەندەڵی ودزی ئەنجامداوە. یەکێك لەو کارە نابەجێیانەی ئەو بەڕێزە ئەوەیە کە ناوی جووتیاری وەهمی دەنووسی وبە پسوولەی فەرمی پارەکانیانی بۆ خۆی حەپەلووش دەکرد. هەروەها داوای لە چەندین جووتیار کردبوو کە بەرهەمەکانیان بە دوو قات بۆ تۆماربکات ودواییش دوو بەشی بکەن لە نێوان هەدرووکیاندا. دیارە ئەم کارانەی ئەو بەڕێزە ناڕەزاییەکی زۆری لێ کەوتەووە لە لایەن جووتیارانەوەو وە یەکێك لە جووتیارانە کە ناوی (م.ح) بە قسەی خۆی پارەی دەیان سەندووقی تەماتەی خۆی شەریکەکانی خوراوە لە لایەن بەشی (بەبازاڕکردنەوە). چەندین جار داوا لە بەڕێوەبەری گشتی کرا کە ئەو بەڕێزانە لە بەشی (بەبازاڕکردن) دوور بکاتەوە بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بوو. دواجار بەڕێوەبەری گشتی ڕازی بوو بەرپرسی (بەبازاڕکردن) دوور بکاتەوە لەو شوێنە بەڵام نەك وەکو (عقوبە) چونکە ئەو بەڕێزە پۆستی بەرپرسی بنکەی کشتوکاڵی پێ بەخشرا لە کاتێکدا دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵیە وزیاتر لە 40 ئەندازیاری کشتوکاڵی هەن کە موستەحقی ئەو پۆستەن. هەروەها پێش ئەوەی دەستبەکاربێ وەکو بەرپرسی

بنکەی ڕێنمایی کشتوکاڵی, بەڕێوەبەری گشتی هەستا بە پێدانی ناوبراو سوپاس وپێزانینێك بۆ ئەو ئیش وکارە جوانانەی کە ئەنجامی داوە لە عەلوەی کەلار. بەڵام هەمان ئەو گەندەڵیانە کە جاران هەبوون تا ئێستا چارەسەرنەکراون وتا ئێستا ئەو بەشە پارەی جووتیاران حەپەلووش دەکات. وهەندێکیان شەریکن لە گەڵ چەند کەسێك کە بە ناو جووتیارن بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە بازرگانن وهەستاون بە هاوردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لە سعدیەو جلولاو شارەبان ودەیهێنن بۆ عەلوەی کەلار ودەڵێن ئەوە بەرهەمی خۆماڵیە. هەر لە سەر ئەم پرسە چەندین جار بەڕێوەبەری گشتی ئاگادار کراوەتەوە لە نێو کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڵام ئەو بەڕێزە داوای بەڵگە دەکات لە کاتێکدا خۆی دەتوانێت بەدواداچوون بکات بۆ ئەو کارە.

تەنها لە ساڵی 2011 بەڕێوەبەری گشتی دوو پۆستی گرنگی بەخشیووەتە کەسە گەندەڵەکان کە ئەوانیش بەرپرسی بنکەی ڕێنمایی کشتوکاڵی کە بەخشرایە بەربرسی بەبازارکردنی بەرهەمە خۆماڵیەکان, بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەلار کە بەخشرایە خوشکەزایەکی جێگری ئیدارەی گەرمیان وە دواتر هەمان پۆست بەخشرا بە کەسێکی تری گەندەڵ کە پێشتر شوێنە دەستە جوانەکانی دیار بوو لە کارە گەندەڵیەکانی کەرەنتینەی کشتوکاڵی پەروێزخان. ئایا ئەمە مانای پیاو قڕان نییە؟!.

وە یەکێك لە هەواڵە تازەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئەوەیە کە چەند ڕۆژێك پێش ئێستا وە لە بەرواره 5-9 کۆمەڵێك فەرمانبەر یفاد کران بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بە مەبەستی ئەنجامدانی خول ومەشق پێکردنیان. ئەو خوولە ماوەی چەند ڕۆژێکی خایاند ونارەاییەکی زۆری لێ کەوتەوە لە لایەن چەند بەشداربوویەکی گەرمیانیەوە. ئەویش لە بەر ئەوەی کورە بەرپرسێك لە ئیدارەی گەرمیان ناوی لە نێو ئەو ناوانە بوو کە بە یفاد نیردراون بۆ ئەو مەشقە بە پێی فەرمانی کارگێڕی ژمارە (4169) کە ئیمزای بەڕێوەبەری گشتیی پێوەیە, وە ماوەی زیاتر لە 10 مانگە ئەو کوڕە بەرپرسە نەبینراوە لە هیچ بنکەیەکی کشتوکاڵی سەر بە گەرمیان وبە فەرمی فەرمانبەری وێستگەی باخی کەلارەو ئەڵین ماڵی گواستۆتەوە بۆ سلێمانی. ئایا ئەگەر ماڵی

گواستوەتەوە بۆ سلێمانی بۆ ماوەی 10 مانگە موعامەلەی گواستنەوەی ئەنجام نەداوە؟! ئایا ئەگەر ئیجازەی پێدراوە بۆ هەموو مووچەکەی بۆ خەرج کراوە بە مووچەی ترسناکیەوە. ئەم قسانە هەمووی ڕاستن وە هەرکەسێکیش گومانی هەیە ئەوە با بەدواداچوون بکات بۆ لیستی مووچەی هەموو مانگەکانی پێشووتر وبە تایبەتی لیستی مووچەی مانگی 9 کە ئەمڕۆ دەرچووە ونێردراوە بۆ گەنجینەی گەرمیان. جێگای ئاماژەپێکردنە کە نووسەری ئەم بابەتە ماوەی زیاتر لە 9 ساڵە فەرمانبەرە لە کەلار, وە بۆ ئەم ماوە دوورو درێژە کوڕی ئەم بەرپرسەم نەبینراوە کە ڕۆژێك دەوامی کردبێت لە فەرمانگە وکەسیش نەیزانیووە لە چ قوشبنێکدا دەوام دەکات وە تەنها ئەو ڕۆژانە دەرئەکەوت کە مووچە بدرایە یا ئیفاد بکرایە بۆ شوێنێك وتەنها مەبەستی پارەکەی بووە, وە ماوەی زیاتر لە 7 ساڵە چاوپۆشی لێ دەکرێت تەنها لە بەر ئەوەی کوڕە بەرپرسە.

**دوانوسین لەسەر گەندەڵیەکانی بەرێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری وهونەر سلێمانی**

لەدونوسینی پێشودا قسەمان لەسەر چەندبەرپرسێکی گەندەڵی ناو ئەوفەرمانگەیەکرد،هەرچەندە ئەوشتانەی لەسەریان باسکراوە بەشێکی گەندەڵیەکانەو دەکرێ کەسانی تر کەزانیاری زیاتریان لایەبڵاوی بکەنەوە. کەسەگەندەڵەکانی ناو ئەوفەرمانگەیە هێندەزۆرن و من شارەزای هەمویان نیم،یاخود لەبارەی گەندەڵیەکانیانە هیچ نەزانم . لەم نوسینەدا باسی بەشێکی تری گەندەڵەکانی ناو ئەو فەرمانگەیەدەکەم

یەکێک لەو گەندەڵانەی ماوەیەک بەرێوەبەری گشتی بو ، رابوردویەکی خراپی (1) هەبوە لەتەحەروش کردن بەرەگەزی مێینە و پێش ئەوەی بکرێتە بەرێوەبەری گشتی مامۆستای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بو. ئەوەندە تەحەروشی بەخوێندکارە مێینەکان کردبو تاخوێندکارەکان ئیمزایان لەدژی کۆکردەوەبۆ دەرکردنی و

بەدەرکردنیان دا.ئەم گەندەڵە دەست بەرداری کاری خۆی نەبو. کەپۆستی بەڕێوەبەری وەرگرت . لەناو فەرمانگەکەی دا دەستی کرد بەتەحەروش کردن بەفەرمانبەرەکانی . هەرلەوکاتەدانوسەرێک ستونێکی لەڕۆژنامەیەکی ڕێکخراوێکی ژنان دا بەرامبەر بەو ئەتوارەی بڵاوکردەوە.نەرێکخراوەکەو نەرۆژنامەکە بەدواداچونیان بۆنەکردلەسەرو خۆشیەوە هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ نەکرا چونکە حیزبی گەندەڵ .کەسی ئاوای پێویستە

(2) یەکێکی تر لەوانە کەکرایە جێگری بەرێوەبەری گشتی تەنها لەلێدانی تەپڵ دا شارەزایی هەبو .دانانی ئەوکەسە لەبەر ئەوەبو پێشتر ئەندامی مەکتەبێکی حیزبی باڵا دەست بو. بەئارەزوی خۆی کاری گەندەڵی دەکرد،بۆسازدانی هەرچالاکیەکی ئەو فەرمانگەیە تەدەخولی دەکردو دەبوایە بەقسەی بکرایەو ئەویش بریاردەری چونی وەفدبو بۆبەژداری کردنی چالاکیەکانی دەرەوەی سلێمانی و بەردەوام دەبوایە خۆشی بچوایە.جگەلەوەی بەردەوام دژایەتی فەرمانبەرە ناحیزبیەکانی دەکرد.ئەچونکە کەسێکی حیزبی بو فەرمانبەران لەترسی دەرکردن وسزادان ناوێرن قسەلەسەر گەندەڵی و کارەنەشیاوەکانی بکەن سەرباری ئەوەی خۆی بەرۆشنبیر دەزانێ بەڵام پەرە بەفرەژنی دەدات و خاوەنی دوو ژنە.کێ دیویەتی رۆشنبیر دوو ژنی هەبێت . مەگەر لەعاجبایەتیەکانی حیزب نەبێت

(3)کەسێکی تر ئەویش پلەی جێگری بەرێوەبەری گشتی هەیەوگەندەڵێکی ناسراوی ناو ئەوفەرمانگەیە و بەئارەزوی خۆی لەپێناوی پارەدا پلەی فەرمانبەر بەرز دەکاتەوەو سەرپەرشتیاری تەواوی پرۆژەکانی ئەو فەرمانگەیە دەکات و پارە دەخوات لەبەرئەوەی لێپرساوی کارگێریە کاری فەرمانبەران لەبەر دەستی ئەودایە بەئارەزوی خۆی لەپێناوی ئارەزوەزاتیەکانی دا تەحەروش بەفەرمانبەران دەکات و کەسیش نیە کارەکانی ئەم گەندەڵە نەزانێ و زیاتر لە(10)ساڵە لەوشوێنەیەو لای نابەن واش باسدەکرێت کەپێشتر پیاوی بەعس بو بێ .ئەمیشیان حیزب پێویستی .پێیەتی

گەندەڵێکی تریان ئێستابەڕێوەبەری ڕاگەیاندنە و پێشتریش بەڕێوەبەری هونەری(4) شێوەکاری بو ئەو فەرمانگەیەی کردبوە سوێنی پارە خواردن و گەندەڵی .هەرچی کارو چالاکی ئەوفەرمانگەیە هەبو پارەکەی دەبوایە بچوایەتەلای خۆی بۆئەوەی بەشێکی لول بدات .یەکیک لەگەندەڵیەگەورەکانی چاپکردنی کوراسێکی شێوەکاران بو کەپارەیەکی خەیاڵی لەسەر وەرگرت بەڵام دواتر بڵاو نەکرایەوە لەبەر ئەوەی کێشەی هەبو .دوای ئاشکرابونی گەندەڵیەکانی سوینەکەیان گۆڕی بۆبەڕێوەبەری ڕاگەیاندن .داوێن پاکیش نیەو کاری زۆری کردوە لەڕی پۆستەکەیەوە تەحەروش بەمێینەبکات و کردویەتی .

گەندەڵێکی تریان ماوەیەک بەڕێوەبەری هونەری شانۆ بوو.ئەم گەندەڵەزۆر(5) شارەزایی لەپارەخواردندا هەبوو پێش ئەوەی ببێتە بەڕێوەبەرخاوەنی هیچ نەبوبەفەترەیەکی کەم سەیارەی کڕی ئەمیش وەک هاوەڵەکانی دوای ئاشکرا بونی گەندەڵیەکانی لایانبردو کردیانە لێپرسراوی بەشی مۆڵەت .بەشی مۆڵەت کاری پێدانی مۆڵەتە بەدوکانی فۆتوکۆپی کۆمەڵێک شتی تر .

گەندەڵێکی تریان ئەمیش وەک هاوەڵەکانی حیزب کردی بەبەڕێوەبەری(6) ڕۆشنبیری مناڵان ماوەیەک دوای دەست بەکار بونی کەوتەگەندەڵی سەرەتا بەکارهێنانی سەیارەی فەرمانگە بۆکاری تایبەتی و گواستنەوەی مناڵەکەی بۆقوتابخانەو هێنانەوەی لەوەش بترازێ هەرچی پارەیەک بۆچالاکی ئەوفەرمانگایە دەردەچو دەبوایە خۆی بریاری چۆنیەتی سەرفکردنی بدایەو پارەکەش لەلای خۆی بوایە . کەئەوەپێچەوانەی کاری لیژنەبوە،ئەم لەبەر ئەوەی پەلەی بو زوو دەوڵەمەند بێت بەماوەیەکی کەم خۆی پێگرت و بوەخاوەنی سەیارەو شتی تریش کە پێشتر نەی بو . ئەوەیە دیاریەکانی دەسەڵات بۆ فەرمانگە ڕۆشنبیریەکان

لەکۆتایی دا دووبارە دەڵێم گەندەڵەکانی ناو ئەو فەرمانگەگشتی یە و بەڕێوەبەرێتیەکانی زۆرترن و دەکرێت ڕۆژنامەنوسان وخاوەن قەڵەمەکان کار لەسەر ئەسەرەداوانە بکەن ،ئەوەی من کردومە دەرخستنێکەو من شارەزای بواری نوسین

نیم تەنهالەبەر بونی ئەوهەموگەندەڵی و گەندەڵانە بریای ئەم نوسینەم دا تاخەڵکی ئاگاداری ئەوەبن بەناوی رۆشنبیریەوە چی دەکرێت .لەشاری سلێمانی . ئەوانەی باسکراون گەندەڵەکانی سلێمانین دڵنیام فەرمانگەگشتیەکانی هەولێر دهۆک لەسلێمانی باشترنین هیوادارم فەرمانبەرێکی ئەو شارانەش بێنە دەنگ و باسیان بکەن.

یەکێک لەگەندەڵەکانی ناو ئەو فەرمانگەیە، کە پلەی جێگری بەڕێوەبەری گشتی (1) یە و پێشتر بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری سلێمانی بووە ، زۆرترین گەندەڵی ئەنجام داوە. بەتایبەت لەنۆژەنکردنەوەی ئەو فەرمانگەیەدا. دووجار پارەی بۆ سەرفکراوە . جاری یەکەم ، کەپارەکەی زۆر خەیاڵی بوو، لەسەر بریاری 986 بوو . ئەو بەڕێوەبەرەخۆی دەچوو کەلوپەلی دەکڕی بۆ نۆ ژەنکردنەوە . کەچەندین جار ئیفاد کرا . بەئارەزووی خۆی و بەڕێکەوتن لەگەڵ سەرپەرشتیاری پرۆژەکەدا پارەیان دەخواردو کەسیش نەبوو چاودێریان بکات . ئەو ڕاستیەش ئەو کاتە ئاشکرا بوو ، کەپرۆژەکە تەواو بوو دەرکەوت سەرجەم ئەو موادانەی بەکارهێنراون عادی بوون . تەنانەت لەکاتی کردنەوەی دا ... بەرپرسێک ووتبوی ئەوەکەی نۆژەنکردنەوەیە دەڵێ میکیاج کراوە،گرفتەکە لەوەدابوو هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ نەکرا و تێپەڕێنرا. هەرئەو بەڕێوەبەر بۆچاکردنەوەی سەیارەکەی زۆرترین پارەی بۆخەرجکراوە . کە دەتوانرا 4سەیارەی مۆدێل تازەی پێبکڕدرێت . هەربۆیە بەرپرسێک وتبووی . ئەم سەیارەیە قەت پرنابێت دەڵێ کەشتیەکەی نووحە. دیسان هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ نەکرا، لەبەر ئەوەی بەرپرسێکی لەپشت بوو.

بەدوای ئەودا (2) کەسێکی تر کرایە بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە ، ئەویش بەهەمان ڕیتمی بەڕێوەبەری پێشوو کەوتەگەندەڵی و پارەخواردن و گیرفان پڕکردن . هەر لەسەرەتای دەست بەکار بوونیەوە سەیارەی دائیرەی بەکار دەهێنا بۆکاری شەخسی و

چون بۆ سەیران پێ دوای دەوامی ڕەسمی . جگەلەوەی بەقودرەتی قادرکرایە شارەزا ... ئەوەندەی من بزانم باس شارەزانەبوو جگە لە گەندەڵی نەبێت .ئەم گەندەڵە دوو جار داوەتکرا، جارێک بۆ لوبنان و جارێک بۆ ئەردەن، هەردوو جارەکە هەموو مەسرەفێکە لەسەر ئەوان بوو، بەڵام هەردوو جارەکەی بۆ کرا بەئیفاد، سەرجەم پارەی سەفەرەکانی وەرگرتەوە. لەکاتێک دا ئەو داوەتنامانە هیچ پەیوەندی بەو فەرنانگەیەو وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە نەبوە، بەڵام لەبەر ئەوەی حیزبی لەپشتە . هەمووکارەکانی بەئاسانی بۆ بەڕێوەدەبرێت

**" گەندەڵی و ئابڕوو چووەکانی تیپی هونەری میللی سلێمانی**

زۆر جار بیستوومانە یان بینوومانە لەدوای دروست بوونی هەر پرۆژەیەک یان کارێکی باش و سەرکەوتوو ، پاشان کۆمەڵە کەسانێکی مشەخۆرو دەست پیس و چاوچنۆک دێتە سەر سفرەی حازری و تامەزرۆیانە بەردەبنە سەر بەرهەم و خێرو بێری ئەوکا پرۆژە جوان و ناسکانە ، هێدی هێدی دیواری پتەوی ئەم ئیشەجوانە دادەڕمێنن و لەناوی دەبەن ..لەو کاتەشدا خۆشبەختانە بەشێک لە لێپرسراوانی ئەم وولاتەی ئێمەش هێندە شارەزانین لەهیچ لەکام بوارەکان چونکە بەقودرەتی قادر ئەم کورسیەکانی پیَ بەخشراوە ، بەبێ ئەوەی لەهیچ مەسەلەیەکیش بگەن و بزانن باس و خواس چیە ، گوێ قولاغ دەکەن و سەر ئەلەقێنن بۆ ئەو دزو راو روتچیانە وەکو . ئەوەی لەبنی کولەکەکەیان دابێت و زۆر سپۆر و شارەزابن

تیپی هونەری میللی نەتەوەیی سلێمانی نمونەیەکی زەق و بەرچاوی ئەم بابەتەمەو ئەمەوێت لەو چەند دێرەمدا و بەچەند بەشێک بدوێم لەسەری . بەبەرپرس و بەهۆش و خاوەن ئەزموونەکانی وولاتەکەم بڵێم ئەوەیە پشتگیری و هاوکاری هەوڵی ئێوە بۆ مانەوەی ئەو چەند دەستە دیارەی کەپرۆژەیەکی ئاوا گەورەی کردۆتە قووتی ڕۆژانەی سەرمێزی یانەکانی شەوانیمان و بە گالتەجاریەوە لەگێلی و کەم ئەزموونی

و بێ ئاگایی ئێوە بۆ یەکتر باس بکەین . .. کەچۆن چۆنی گێلیان کردوون و بەدرۆکانیان هەڵیان خەڵەتاندوون . من وەک ئاگاداربم لەدووای شەری ناوخۆ "تیپی هونەری میللی نەتەوەیی سلێمانی " لەسەر دەستی چەند کەڵە هونەرمەندێکی بەئەزموون و شارەزایی هەولێر و سلێمانی بنیات نرا ....

دروست بوونی ئەم تیپە لەو ساتەوە وەختەو کاتە ناسکەو بەم بوودجەکەمە یەکێک بوو لە کارە هەرە سەرکەوتوەکانی حکوومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی ، دوایی چەند وەرزێکی یەک لەدوایی یەکی سەرکەوتووی ئەم تیپە شتێکی زۆر بایەخدارو گرنگ بوو ن کارێکی چاوەروان نەکراو ، جگە لەوەی کۆمەڵێک هونەرمەندی گەورەو مەزنی لەدەوری خۆیی کۆکردەوە کە ئەمانە ساڵانێک بوو پەراوێز خرابوون . لەهەمان کاتیشدا کاری باش و پر بایەخی بەدوای خۆی دا هێنا . وەتەکانێکی هونەری گەورەی نابەجولانەوەی هەستی هونەرمەندان بەتایبەتی لەشارێکی هونەری وەک سلێمانی کەبووە جێ ی سەرنجی هەموومان . بەڵام جێگای داخە وەک هەر کارێکی تری ئەم ووڵاتە لەجیاتی دەست خۆشی و گرنگی پێدان و برەودان بە ئیشە کە کەکۆمەڵە کەسێکی ناشایستەو بێ ئەزموون چاویان بڕیە کورسی و مێزو دەسەڵاتی ئەم تیپە و خرانە نێویان بۆشکاندنی ملی یەکتر و پاشقوڵ گرتن لێیان .. یان بە دێوێکی تر بۆ خۆ بردنە پێش و سنگ دەرپەڕاندو تێکدانی ئەم ئیشە ، بەریان لەبەرەو پێش چوونی ئەێلی مەسەلەکە گرت و دەستیان گرت بەچاوی بینەر و برا بەرپرس و هونەرمکەشیان لەخوێنی خۆی دا گەوزاند .

کەوتنە پەراوێز کردن و دوورخستنەوەی ئەو هونەرمەندو کادیرە بەتوانایانەی کەکۆلەکەی تیپەکەبوون لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا ئەوانەی کەدامەزرێنرابوون بە ئەزموون و شارەزابوون لەراهێنەر و مۆزیک ژەن و و کورو کچی بەتوانا بوون کرانە دەرەوەی تیپەکە و لەجیاتی ئەمانیش چەند کەسێکی نەشیاو دوور لەجیهانی هونەر کە سەجان و دووکاندار و شوفێری پاسن لەمانە پێک دێن .

لە کۆتایی بەشی یەکەمی ووتارەکەم کە چاوەروانی بەشی دووەمی ووتارەکەم بن لەماوەکانی داهاتوودا .وەک ووتم لەکۆتادا ئەڵێم لێپرسراوانی ئەم وولاَتە گوناهە نەبایان بینیوە و نەباران کەبڵێن دەستان خۆش برادەرانی دز و جەردە بۆخۆتان و عەقڵی مۆدێرنتان . مایەی پێکەنینە لەدوا جاری چاوپێکەوتنی پۆلێک لەو هونەرمەندە بەتوانایانەی کەدوور خراونەتەوە ، ئەم بەرپرشە پێیان ئەڵێ برادەرینە بۆ ئەم کات و سەردەمە ئا ئەو ئەو بەرێوەبەرەمان پێویستە ، خۆ ئێمە لە ئێوە باشی ئەزانین کە فلان ..... پیاوێکی نەشیاوە و تیپەکەی بەلاریّ دا بردوە ، بەڵام ئەڵێ ی چی ئەوەی ئەو لەو شارە بۆمان دەکات بەکەسانی تر ناکرێت . منیش پێتان ئەڵێم هەی ئافەرین عەقڵی " مۆدێرن و بەرپرسانی هونەری شارەکەمان و وڵات پارێز

تیپی هونەری میللی سلێمانی کۆمەڵێک هونەرمەندی بەسەلیقەودانسقەی گرتبوە باوەشی خۆی کەهەندێکیان سەردەمانێک بوو شەڕی مان و نەمانیان دەکرد لەگەڵ ڕژێمی بەعس لەسەر گۆرینی کەلتوری نەتەوایەتیمان هەندێ جار تووشی نەهامەتی و ماڵوێرانیش دەبونەوە لەسەر ئەو هەستە نەتەوایەتییەمان خەمی لەناو چوون و فەوتانیان گرتبووە ئەستۆ ، بەڵام ئەوەی جێگای نیەگەرانیە لەئێستادا لەجیاتی پاداشت بکرێن و رێز لەم کەڵە پیاوانە بگیرێت لە ئێستادا لەسەر زاری چەند کەسێکی بێ . ئەزموون و میزاجیانە پێیان ئەوترێت برۆنەوە بۆماڵ ؟؟؟ ئێوە تەمام شوود زۆربەمان ئەو هونەرمەندە بەتوانایانە دەناسین و بەپەنجەی دەست هەژمار دەکرێن وەک هونەرمەندان قادر کوردی - خالد سەرکار - لوقمان حسێن - زانای مەحمود هەژار - محمد شمشاڵ - عبدالقادر حسێن - هتد ........ ئەمانە کۆڵەکەی پشتی ئەم تیپە بوون ئەمانە وەک باسم کرد لەئێستادا لەدەرەوەی ئەم تیپەن و لەلایەن کەسانی بێ ئەزموون حازر بەدەست بەپارەیەکی بێوەژنانە ڕەوانەی ماڵەوە کران . ئەوەش هەر باشە کە کراوە بۆ ئەوەی لەکاتی مردنیان لەشاشەکانی تی ڤی باسی بکەن بڵێن ئەوانە پاداشت کراون و بە شێوەی یەکسان و بەپێوەرێکی داد ڕەوانەی ماڵەوە کراون . بۆ

ریكلام كردنیان كە ئەنەما كاریان كردووە ئەممانە لەبیر نەكراون بۆ ئەوەی خەڵكی پێ چەواشە بكەن . بەڵام ڕووی راستی ئەوەیە ئەممانە كۆڵەكەی ئەم تیپە بوون لە ئێستاشدا لەلایەن كۆمەڵە كەسێكی بێ ئەزموون و بێ پرۆگرام بەڕێوە ئەبرێت و . نرخی ئەممانەی پێشووتر نازانن بەم شێوەیە ش پاداشت دەكرێن

بەڵام كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان ئەزانن كێ بوو كە پێشتر بەكارە جوانەكانیان هاوڵاتیان ئاشنا ئەكرد بەچالاكیەكانی ئەم تیپە و خەڵكیش بە خۆشحاڵییەوە ئاشنا . ئەبوون بەكارەكانی ئەم تیپە

بەڵام ئەڵێی چی لەبێ ئاگایی دەسەڵات و حكوومەتە خێر لەخۆ نەدیوەكەی خۆمان ، وەهەموو ئەوانەی كە ئەمڕۆ دەسەڵاتی ئەم وڵاتەیان بەدەستەوەیە و لەكەناڵ و ڕۆژنامە و گۆڤارەكان بانگەشەی خەمخۆری و وەفاداری لەپاراستن و لەفەوتانی كەلەپوری نەتەوایەتی هیچیان نەهێشتەوەتەوە ، كەلەدواوەش دەس خۆشی دەكرێن كە سامانی ئەم وڵاتە بەفیرۆ ئەدەن و كلتورەكانی وڵات هەراج ئەكەن و ئەیفرۆشن بۆ پركردنی گیرفانیان . وە بەپێچەوانەی هەموو ئەمانەشەوە ئێستا كەسانێک ئەم تیپە بەرێوە ئەبەن سەرەوای بێ ئەزموونیان لەكاركردن ، بێ سەلیقەو دەم داوێن پیس كەخۆی لەخودی خۆی دا باش ئەو راستیە دەزانێت لەزۆر بۆنەو دانیشتنیش نایشارێتەوە ئەم قارەمانانە ئەڵێن ئێمە لەپرێک بووین بە كورێک . بەو مانایەی ئێمە بەبێ هیچ پێوەرێک هاتووین و ئێمەش بەمیزاج كار بەرێوە ئەبەین و كلتور و هونەریش بەلامانەوە گرنگ نیە و رابردووش نازانین كێ خەم خۆر بوە كێ كاری كردوە بەكورتی ئێمە پیاوی گیرڤان پركردنین . برادەرێک پێشتر یەكێک بوو لەو كەسانەی كەلەتیپی هونەری میللی هەولێر پەراوێز خرابوو بەهۆی كاری نارێک لەداوێن پیسی و دەم پیسی و كاری دوور لە بەها جوانەكانی مرۆڤ ، ئەو برادەرە چەند ساڵێكە دور خراوەتەوە وەک باسم كرد لەو سیفەتانەی كە باسم كرد . بەڵام ئەم

برادەرە لەدوایی ڕاپەرین خۆی بەیەکێک لەقارەمانەکانی نێو زیندانیە سیاسیەکان ناو . زەند کردوە و گوایە پیاوەکە زیندانی سیاسی بووە و لەسەر کاری سیاسی گیراوە

ئەم قارەمانەی کەگوایە کاتی خۆیی زیندانی سیاسی بووە لەئێستادا سوود مەندە بەبێ هیچ پێوەرێک ، ئەم برادەرە کاتی خۆشی لەشەری ناوخۆ سوودمەند بووە بەخوێنی ئەم و ئەو . ئەم پاڵەوانەش جارێکی تر هاتوەتە شاری سلێمانی پاش ئەوەی لەلایەن چەند هونەرمەندێکی رەسەنی ئەم شارە هێناویانە بۆ ئەم تیپە و هەوڵیان بۆ داوە تاکو . کراوە بە لێپرسراوی تیپەکە

بەڵام سەد مەخابن ئەم زەلامە زۆر نمەک حەرامانە گازی لەخاوەنەکەی گرتوە و ئەو ڕۆژانەی بیرچۆتەوە کەلەسەر شەقامەکانی شاری سلێمانی بەگیرفانی بەتاڵ و بەزگی برسی ئەسوڕایەوە چاوەڕێی دەستی ئەم ئەو بوو بۆ کڕینی نانێک بۆ خێزانەکەی . کەدەر خواردیان بدات

منیش لێرەدا بەبەرپرسان ئەڵێم تکایە چاوێک بگێرنەوە بەمێژووی دروست بوونی تیپی هونەری میللی سلێمانی . بزانن ئەم تیپە لەسەر دەستی کێ و چۆن چۆنی دروست بووەو کەوتوەتە سەر قاچی خۆی کە ئەرشیفێکی نەتەوایەتی گەورەی بۆ گەلەکەمان بنیات ناوە کە ئێستا خەریکە لەناو بچێت بەبێ ئاگایی ئێوە و لەژێر دەستی ئەو دزو پیاو خراپانە وە . وەبش زانن کە ئێستاش کێ و چۆن چۆنی کارەکانی ئیم تیپە مەزنە بەڕێوە ئەبات . چونکە کورد ووتەنی گا ئەیکات و کەر ئەیخوات . لەبەر ئەوەی ئەم تیپە هەر ئەوە نیە کە ئێوە لەسەر شاشە ی تیڤیەکان ئەکەونە بەرچاو کەکۆمەڵێک کوڕو کچی لاوی لەش و لار جوان دەر دەکەوێت کە جل و بەرگی رەسەن و مۆزیکی کوردی لەگەڵ خۆیان بەئێمە ئاشنا ئەکەن چونکە هەر هەناسەیەکی ئەمانە پڕە لەسوکایەتی پێ کردن و لەکەدارکردنی کەسایەتیان لەلایەن بەناو بەڕێوەبەر و خێزانە ناهونەرمەندەکەی . کەجاری واهەیە ئەم تیپە بەلارێ دا ئەبرێت بەمەستی شەخسی و گیرفان پرکردن کەناهێلدرێت حەز و ئارەزوە

هونەریەکانی ئەمانە بەرجەستە بێت لەکەم شارەزایی ئەم مرۆڤە دەست و دەم و داوێن پیسە بۆ ئەوەی کەسەکان تەعبیر لەناخ و داهێنان و خواستەکانیان بکەن لەچوار چێوەی ئەو هونەرە ڕەسەنە بە ئیهانەکردن و هەرەشەی نان برینیان بۆ کپ کردن و دەرنەخستنی هەموو گەندەڵیانەی کە بەبەڵگەوە لەچوار چێوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەدا هەیە جێگای قەبوڵ نیە .

زۆربەی مەساجخانە و دیسکۆکان لە هۆتیلەکانی هەولێر داخراون، تەنیا بە ڕێگەی بەرتیل و پارەدانەوە دەکرینەوە، بۆ ئەو مەبەستەش کارمەندێکی هۆتیل ئەربیل گراند ئاشکرای کردووە، کە لیژنەکانی قائیمقامیەتی هەولێر بە ریگەی محمەد ناوێک کە شۆفیری نەبەز عەبدولحەمید قائیمقامی هەولێرە و لیژنەی گەشتوگوزاری هەولێر بە ریگەی نزار مەسیحی ئیسماعیل بەریوەبەری گەشت و گوزار ، 2 دەفتەر دۆلاریان وەك بەرتیل لە خاوەنی ئەربیل گراند وەرگرتووە، ریگەیان داوە کە مەساج و شوێنی سەما و رابواردنەکان بکرێنەوە!.

وەک سەرچاوەکە کە بە کوردستانپۆستی راگەیاند، کەوا پیاویك ژنەکەی خۆی لە مەساجی هۆتیل ئەربیل گراند بینیوە، یەکسەر کوشتویەتی، ئیستا دۆسیەکە بە حوکمی پارە راگیراوە، لەبەر ئەوەی نیهاد بارزانی هاتۆتە ناو کەیسەکەوە و هەرەشەی لە بەریوەبەری پۆلیس کردووە، ئەگەر ئەو کەیسە بجوڵێنیت ئەوا بێ سێ و دوو بەریوەبەری پۆلیس دەکوژێت، هەروەها عەلی حوسین سورچی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و سەرهەد ئەنوەر بەگی بیتواتەش داوایان کردووە کە ئەو دۆسیە دەبێت دابخریت و، تاوانبار دەستگیر نەکرێت.

شایانی باسە ئەربیل گراند دەکەویتە شەقامی شەست مەتری لە باڵەخانەکەی عومەر ئاغای سورچی دایە.

**موچەی شەهیدانەكەی تەحسین شاوەیس نەبڕاوە**

جاشایەتییەكەشی بە پێشمەرگایەتی بۆ نوسراوە

شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی (1944/ كەركوك)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی و دواتر سەرۆكجاشی فەوجی ژمارە (172)ی سووك.

تەحسین شاوەیس، نزیكەی (250) پێشمەرگە، ڕێكخستن و لایەنگرانی (ی. ن. ك) و (حشع) و هاووڵاتی بێتاوانی شەهید كردووە و بەشداری ئەنفالەكانی (1+2+4+3)ی كردووە.

تەحسین شاوەیس، لە ڕێكەوتی (21-10-1996)دا لە نزیك دوكان بەدەستی پێشمەرگەكانی (ی. ن. ك.) بەسزای خۆی گەیەنرا،

مووچەی شەهیدانەی بە فۆرمی (239 س. ح) بە بڕی (1700000) یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار دیناری بۆ دەرچووە و لەلایەن گوڵاڵە عەلی كەریم لە بانكی سەفین وەردەگیرێت.

**كۆنە سەرۆک جاشێک پلەکەی لیوایە و کوڕەکەیشی قایمقامی هەولێرە**

سەیر و سەمەرەکانی دەسەڵاتی کوردی لەدزی، گەندەڵی، کوشتنی ڕۆژنامەنووسەکان، کڕینی شەرەفی خەڵک بەپارەی دزراوی نەوت و بوودجە و داهاتەکانی تێپەڕاندووە، بەوەش نەوەستان لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ هەزاران ماڵیان تاریک و وێران کرد.

ئێستاش دێن سزای ئەو دایک و باوکە جەرگ سوتاوانە و بنەماڵەی شەهیدانە بەوە دەدەن، کاتێک مستەشارێکی سەردەمی سەدام حسێن،کە دەستی سوورە بە خوێنی دەیان رۆڵەی نیشتمان و بەشداربووە لەشاڵاوەکانی بەدناوی ئەنفالی کوردستان و هەزاران ماڵی کوردی وێران کردووە و چەندین پیاو و ژن و منداڵی بێتاوانی کووشتووە، کەچی ئێستا لە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان پلەکەی لیوایە و ٢٧ پێشمەرگەش پاسەوانیی دەکەن و، کوڕەکەیشی وەک وەفایەک بۆ خەباتەکەی باوکی، کردوویانە بە قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر.

چ ئابڕووچوونێکە ئەو دەسەڵاتە تووشی بووە ؟!!

دادگای باڵای تاوانەکان دۆسیەی سەرۆک جاشەکانی لە خولی یەکەمی دادگا بڵاوکردەوە کە، ناوی حەمید عوسمان بە پلەی عەقید لەریزبەندی ١٢٦ دا هاتووە کە سەرۆک جاشی ٣٠٠ بووە و لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق داواکراوە لەسەر کێسی ئەنفالەکان، بەڵام لە لایەن دەسەڵاتداران داڵدەدراوە و نەبەزی کوڕیشی لەسەرپشکی پارتی قائیمقامی هەولێرە.

بەراستی من جیاوازی ناکەم لەنێوان کۆنە مستەشارەکان و ئەو دەسەڵاتە، بەڵام هیچ نەبێت بیانکەنە سەروەتی خۆتان و هەمیشە لەژێرپێیان بن، بەڵام لەهەولێر هیچ

پلەیەکیان پێمەدەن و، وەک هەمیشە بۆکوشتنی نەیارەکانی خۆتان و دەنگە ئازادەکان بەکاریان بێنن، تاکو ڕۆژێک دەبێت ئێوە و ئەوانیش بەسزای گەل دەگەن.

**گەندەڵی بێدەنگ و سیستماتیک بەردەوام**

ئیدریس نێچیر بارزانی ، گرێبەستێکی زۆرەملێ و بە گەندەڵی یاسایی لە گەڵ حوکومەتی هەرێم واژو کردوە ، بە هاوکاری هاورێکانی .
لە پێناو ئەوەی کێشەی یاسیی بۆ دروست نەبێت ، لە رێگەی هاوڕێکانی لە چەندین سێکتەرەوە پرژاوەتە سەر قوتی بودجەی هەرێم !

کچێک بەناوی ، یوری پارڤیك ، کە یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانی (ئیدریس نێچیرڤان بارزانی) کە بەرەگەز رووسییە لە نیسانی ساڵی 2015 وە، زنجیرەیەك لە شوێنە گرینگ و (KURD NEFT ) بەنزینخانەی بە ناوی کورد نەفت ستراتیژییەکانی شاری هەولێر بە هاوکاری ئیدریس نێچیرڤان دامەزراندووە تەنها لە بەرئەوەی هاوڕێیەکی نزیکی ناوبراوە.
هەرچەندە لە ئێستادا زەوی موساتەحە بە ناوی بەنزینخانە لە بازنەکانی شەقامی ( 30 مەتری، 40 مەتری، 60 مەتری، 100 مەتری، تەنانەت لە 120 مەتریش ) بە تەواوی دابەشکراوەو هیچ شوێنێك نەماوە بۆ بەنزینحانە بە پێی ماستەرپلان، بەڵام یوری پارڤیکی رووسی بەردەوامە لە زیادکردنی ژمارەی بەنزیخانەکانی.
ئێتر ئەوهایە لەم هەرێمەی ئێمە بەختی باش هەر ئەوە نییە کە کوڕی پارەدار، یاخود بەرپرسێك بیت، تەنانەت ئەگەر هاوڕێی نەوەکانیشیان بیت دەتوانی خۆش بژیت، با هاووڵاتی مەملەکەتێکی تر بیت؟!

لە داهاتودا هەموو بزوین و ئۆتۆمبێلێکی حکومەت دەبێت لە کوردنەفت کرین بکات و پارەی سوتەمەنی تەواوی فەرمانگە حکومیەکان بۆ کچە هاورێ ی ئیدریس نێچرڤان بارزانی بێت ، کە خاوەنداریەتی راستەوخۆ خودی ئیدریسە .

**لە سێ بەڵگەنامەدا مەسرور بارزانی گەورەترین گەندەڵی لێئاشکرا دەبێت**

سەبارەت بە چەند کارێکی خودی مەسرور بارزانی، لە کاتێکدا دامەزراندن ، راگیراوە و هیچ دەرچوویەکی زانکۆکان دانەمەزرێنرێت، بەڵام کەسانێك بە پلەی بالای فەریق و لیوا خانەنشین دەکەن، کە یەك رۆژ ئەفسەری سەربازی نەبوون لە وەزارەتی پیشمەرگە، بە مووچەی 4 ملیۆن تا 6 ملیۆن دینار بە دانانی هەریەکە بە دوو پاسەوانیش بە خانەنشینکراوی!.

نمونە:

خانەنشینکردنی ئیبراهیم مستەفا محمەد بە پلەی لیوا

خانەنشین کردنی جەمال حەمە حەمە کەریم بە پلەی فەریق

هەروەها بەرزکردنیوەی پلەی سەدان ئەفسەر راگیراوە و لەگەل پلە بەرز کردنەوەی 2 لیوای سەربە وەزارەتی پیشمەرگە.

لە نووسراویکدا مەسرور بارزانی واژووی لەسەر پلە بەرز کردنەوەی دوو ئەفسەری بالای حیزبەکەی کردووە،

یەکەم: بەرز کردنەوەی پلەی عەمید روکن عیسا عوزیر بۆ پلەی لیوا روکن. (عیسا عوزیر ویرای ئەوەی خەزووری ریبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆیە، راویژکاری مەسعود بارزانی بووە، گەورەترین گەندەڵی لە سەرەتاوە تا ئیستا بە دەستی عیسا عوزیر و باندەکەی ئەنجام دراوە، دواین گەندەلی کە مەسرورو مەسعود و نیچیرەڤان و دەزگای پاراستن لێ ئاگادارن، کە بە 200 دەفتەر دۆلار دوو ملیۆن دۆلار پۆستی

فەرماندەی فەرماندەیی پاسەوانی سنووری هەریمی کوردستان بە گەورە دز و گەندەل (و بە بنەماڵە جاشی بەعس لیوا روکن حەمادە دزەیی دانانی لەو پۆستەدا.

دووەم: بەرز کردنەوەی پلەی عەمیدی فەل بروسك قەساب بەریوەبەری گشتی هەواڵگری پارتی بۆ پلەی لیوا.

بروسك قەساب سەدان بەڵگەنامەی لەسەر بڵاو کراوەتەوە ، لەسەر گەندەلی و دزیی و خانو وەرگراتن و شەراکەتی باندی بۆری نەوت کونکردن ، باندی فرۆشتنی قاچاخچیتی چەك و مەوادی هۆشبەر و، بەرێکەی لیژنەکانی هەوالگری بۆتە خاوەنی 100 ملیۆن دۆلار .

بەم نزیکانە بەراپۆرتیك هەموو گەندەلی تاوانەکانی بروسك قەساب بڵاو دەکەینەوە، کە چۆن دەستدریژیان کردتۆتە سەر کچ و ژنی شەهید لەگەل نەجاتی عەلی فاتم بەرپرسی یەکەی هەشتا لە مەزرەعەکەی نەجات لە کەسنەزان.

حەمید سورچی



KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
THE PRIME MINISTER

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆك وەزیران

No:
Date: ١١ / ٥ / 2021

ژمارە: [illegible]
ڕێکەوت: [illegible] کوردی

**فەرمان**

پاڵپشت بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٠١) لە ١٣/ ٤/ ٢٠٢١، بڕیارماندا بە:

١- خانەنشینکردنی بەڕێز (ابراهیم مستەفا محمد) بە کەمئەندامی سەنگەر بە پلەی (لیوا) لەسەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە.

٢- ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

وێنەیەک بۆ:

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ دیوان/ نووسراوتان ژمارە [illegible] ٤/ ٢٠٢١، بۆ ئاگاداری/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی پێشمەرگە/ دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٩٩٨) لە ١٨/ ٣/ ٢٠٢١، بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی ئەکمنا حد [illegible] / ئیداری/ بەڕێوەداری/ بۆ کاری پێویست.



KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
THE PRIME MINISTER

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆك وەزیران

No:
Date: 9 / 6 / 2021

ژمارە: ١٩٢٢
ڕێکەوت: ١٨ / ٢٧٢١ی کوردی

فەرمان

پاڵپشت بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٤٤) لە ٢٣/ ٥/ ٢٠٢١، بڕیارماندا بە:
١- خانەنشینکردنی بەڕێز (جمال حمە حمەکریم) بە پلەی (فریق) لەسەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە.
٢- ئەم فەرمانە گوزارشت لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

وێنەیەک بۆ:
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ دیوان/ نووسراوتان ژمارە (د- ٦١٠) لە ٣١/ / ٢٠٢١، بۆ ئاگاداری/ ...ڕێزدا.
- وەزارەتی پێشمەرگە/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری/ بایۆمەتری/ بۆ کاری پێویست.
- خامەی ئهێنی



HUKÛMETA HERÊMA KURDISTANÊ

SEROKWEZÎR

حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆك وەزیران

No:

Date: 9 / 19 / 2021

ژمارە: ٢٧١٣

ڕێکەوت: ١٨ / خەرمانان / ٢٧٢١ی کوردی

**فەرمان**

پاڵپشت بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٢٧٠) لە ١١/ ٨/ ٢٠٢١، بڕیارماندا بە:

١- بەرزکردنەوەی پلەی ئەم ئەفسەرانەی ناو و پلەیان لە خوارەوە هاتووە بۆ پلەی (لیوا) لەسەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە.

- عمید رکن/ عیسی عزیز محمد قادر
- عمید/ بروسک ستار قادر

٢- ئەم فەرمانە گوزارشت لە ڕێکەوتی ٢١/ ٣/ ٢٠٢١ جێبەجێ دەکرێت.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

وێنەیەک بۆ:

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ دیوان/ نووسراوتان ژمارە (د- ٩٨٣) لە ١٢/ ٨/ ٢٠٢١، بۆ ئاگاداری/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی سەرۆک وەزیران/ دوایەدوای نووسراومان ژمارە (١٨٦٢) لە ٢/ ٦/ ٢٠٢١، بۆ ئاگاداری/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی پێشمەرگە/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕ...
- خامەی ئهێنی.

## گەندەڵیەکانی سەرۆ قادر و جەوادی برای

لە ڕێگەی هەفتەنامەی باسی نزیک لە ئاژانسی پاراستن و هەروەها لە ڕێی کوردستان پۆستەوە، چەندان جار بینیمان لە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی و هەم نزیکانی خۆی(سەرۆ قادر)، بەشێکی ئەو موڵک و باڵەخانانەی لە شێوەی زنجیرەی باڵەخانەی (داڵ) کە لە هەولێر دەکەوێتە سەر جادەی 100مەتری و لە دهۆکیش دەکەوێتە پشتی گرێباسێ و بەرامبەر بە ماکسی مۆڵ ئاشکرا کران.

گوتوویانە تا لە سیاسەتدا ڕۆڵ و پێگەت دیار و سیفەتت بمێنێ، گەندەڵی و تاوانەکان لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی هاوەڵانی سیاسەتمەدار تا ئاستێکی باش بە شاراوەیی دەمێننەوە؛ بەڵام کە خوانەخواستە یەکێکیان ترۆ کرد، ئەوا ئی بن بەڕەی لێ دێننە سەر بەڕە و بە نەزانیشی وەسف دەکەن.

ئەگەرچی سەرۆ قادر پاش دەرکردنیشی لە پۆستی کەمتەبی ناوەندی پارتی هەڵبەت لە کۆنگرەی 13ەدا لیژنەی پەیوەست بە کاری ڕاگەیاندن ڕیسوایان کرد و بواریان نەدا نوققەی لێوە بێت جیا لە بەهەدەردانی سەرمایەی حیزبەکەی کە بە ملیۆنان دۆلار بوو(پارتییە باڵا دەستەکان وایان دەگوت)، تەنیا یەکێک لە سایەقەکانی بە ناوی ڕەحمانەوە 2 ملیۆنی بەسەردا ساغ بووەوە و دواجار لەگوڵ کاڵتریان پێ نەگوت، ئەی دەبێ سەرۆ خۆی چەندان ملیۆنی بۆ دروستکردنی نموونەی (ڤێللاکەی شەقڵاوە، ڤێللاکەی لە مەسیف، گوندی ئینگلیزی و گوندی ئیتاڵی، خانوەکانی لە گەڕەکی موفتی لە هەولێر، ئەو خانوانەی کە پێشتر ئی دەزگای گوڵان بوون و دواتر ڤێللایەکی بۆ خۆی و خانویەکیشی بۆ پاسەوانەکانی کە ئێستا تاپۆیان کردووە دروست کرد)

ئەمە سەرباری ئەو ڤێللایەی کە لە جیاتی شیرینی ئەو تەندەرەی بۆ دروستکردنی باڵاخانەی میدیاسەنتەر بوو، لە لایەن کۆمپانیا تورکییەکەوە لە عەنکاوە و ڕێک پشت یانەی مارینا لەسەر ڕووبەری چەند دۆنمێک بۆی دروست کرا، هەمووی دیزە

بەدەرخۆنە کردن و کەسیش پێی گوت پشتی چاوت برۆیە. ئاخر کێ وای پێ بڵێ کە خواهەڵناگرێ لەخۆی دز و گەندەڵترن.

ئێستا جەواد قادری برای کە سەرنوسەری بە زۆر سەپێندراوی رۆژنامە خۆراییەکەی هەولێرە، خراپ کەڵکی لە ئامۆژگاریەکانی سەرۆی برای وەرگرت و بەپێی پیلانەکانی ئەو نەیتوانی (کە هەم دڵی هاوکارانی لە رۆژنامەکە و هەمیش دزییەکەی بکات) سیاسەت بکات و دواجار دزیەکانی تەقینەوە کە من وەک ئەوەی لە نزیکانی ئەوم بیستووە ریزیان دەکەم:

لە مانگی 12ی 2010ەوە تا 2 -3 مانگ لەمەوبەر هەر مانگێک 5 دەفتەر دۆلاری تەنیا گرێبەستێکی ریکلامی خواردوە و تەنانەت مدیر ئیدارەش نەیزانیوە چۆن چەواشە کراوە.

لە ماوەی چوار ساڵی کاری دا لە رۆژنامەی هەولێر بۆ هەر مانگێک بە معەدەلی و تەنیا لە اعلاناتی پارێزگای هەولێر و هی لابەلاوە، زیاتر لە 5 ملیۆن دیناری خواردووە، بەڵام ئەمەیان ئیدارە زانیویەتی کە چۆنی گلداوەتەوە.

هەموو مانگێک مەعاشی زیاتر لە 60 کارمەندی بە نیوەیی داوە لە 750هەزار دینار 400ی داوە - ئەوی دیکەی بۆ خۆی بردووە. لەو مامەڵەیەیدا عەلی سمکۆی کوڕی پوری جەواد پلان داڕێژی بووە(بۆ سەلماندن، ژن و دوو خوشکەژنی عەلی بەم شێوەیە مەعاش وەردەگرن کە هیچ پەیوەندیان بە راگەیاندنەوە نییە و تەنانەت یەکیان (هەر لە کوردستانیش ناژی.

بەشێکی زۆری ئەو 60 بە ناو رۆژنامەنوس و کارمەندەی کە نزیکەی نیوەی پارەکەیان براوە، پێشتر پەیمانی لەگەڵ بەستون کە بۆیان نییە باسی تەواوی ئەو مەعاشە بکەن کە مانگانە ئیمزای لەسەر دەکەن؛ هەندێکیشیان بە پاساوی کەمی ئەو بودجەیە کە 55 ملیۆن بە رەسمی لە مەکتەب و هەندێکیش لە مەکتەبی مەسرو بارزانی و چەند ملیۆنێکیش لە مەکتەبی نێچیر بارزانی وەرگرتوە، رازی کردون.

جەواد کە هاوکات سەرنوسەری هەفتانەی کوردیش گڵۆبە، بودجەیەکی 25 ملیۆن دیناری هەیە کە تەنیا 7-8 کەسێکی فیعلیش بەڕێوەی دەبەن، پارەی ڕیکلامەکانی و نیوە بە نیوەیی مەعاشی بەناو کارمەندەکانی دی دەخوات.

ئەوەی کە زانراوە و جەواد بە ناوی خۆیەوە کردون، باڵپخانەیەکە لە گوندی ئیتاڵی، کۆمپانیایەکی پاک کردنەوە بەڵام لە سوید، کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی هونەری بە (ناوی برایەکیەوە (شەمام.

دەڵێن ئەو ئەرزە بەتاڵەی تەنیشت بارەگای ڕۆژنامەکە بەر لەوەی بچێتە میدیا سەنتەر کە دەکەوێتە گەڕەکی بەختیاری کڕیوە و بەڵام وەک دەڵێن بە ناوی دڵشادی سایەقییەوە کردوە.

ئەمە سەرباری ئەوەی کە گەندەڵیەکی دیکەی ئەخلاقی جەوادە لە سوید بە نەخۆش خۆی لەقەلەم داوە(نەخۆشی دەرونی کە وەک دەڵێن ئەمەیان ویراسیە) مانگانەی هەیە و لێرەش ماڵی میلەت دەدزێ.

پاش 4 ساڵ لە گەندەڵی بەردەوام کە ئەگەر تەنیا 5 دەفتەری مانگانەی ریکلامەکەی کە لە ڕێی کۆمپانیای گلیتەرەوە لەگەڵ کۆمپانیایەکی لوبنانیەکە مۆری کردووە حیساب بکەین دەکاتە (1850000) ملیۆنێک و هەشت سەد و پەنجا هەزار دۆلاری ئەمەریکی.

ئێستا و وەک زانراوە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن کە کاک مەحمودە سور مەسئولیەتی، بە ئەمری سەروی خۆی لیژنەی بۆ جەواد پێکهێناوە و دەڵێت دەبێ بزانرێت ئەو پارانەت چی لێ کردوە، بەڵام بە داخەوە وەک وتم، چونکە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان بەرپرسەکاندا هەیە، کاروان ئاکرەی بە حوکمی برادەرایەتی و کۆنە شوعیەتی و مەحمود سوریش وەک پەیوەندی دێرین لەگەڵ سەرۆ و بابیشی لەگەڵ بابی سەرۆ، خەریکن کاری ئەو لیژنەیەش دەکەنەوە بە فشە و سەرەڕۆییەکانی جەوادی برای سەرۆ دەشارنەوە. هەروەها کاری ئەو لیژنەیەش وەک لیژنەکانی دیکە کە هەر بۆ دزی و بێسەر و بەرەیەکانی جەواد پێک هاتبوو دەشوێنن. هەمو

لێرسینەوەکانیش بە دەرکردنی پێشڕەو ناوێک کە مدیر ئیدارە بووە کۆتایی هات، وەک زانراوە بێجگە لەوەی مەعاش و ئیمتیازاتی کە گەیشتووەتە 3-4 ملیۆنێک ئەویش بۆ ئەوەی دزیەکانی جەواد ئاشکرا نەکات، تاوانی دیکەی نیەو سەرۆ خۆی تەعینی کردبو.

لە لە کەسێکی نزیک لە مەسیحیەکی سەر بە مەکتەب بە ناوی (مامەستا جەمیل) کە بە جەمیل پەتو ناسراوە، جەواد قادری برای سەرۆی سەرباری هەموو ئەو پارەی لەبەردەستی بووە ئیشی (مودە)ی کردوە و کە تائیستا ئەوەی لە زاری دڵشادی سایەقی جەاواد و ڕزگاری سایەقو مدیر ئیدارەی کوردیش گلۆپ زانراوە کە بۆ کۆمپانیاکانی سویدی بوبێ. بری ئەو پارەی کە لە زاری جمیل پەتووە زانراوە و ئەو خانوەی بۆی لە حیجز داناوە نزیکەی نیو ملیۆن دۆلارە و ئیستاش کە زانیویەتی جەواد بۆی نادرێتەوە توڕە بوە و بە جەواد و سەرۆی گوتوە کە شکات لە مەکتەب سیاسی پارتی دەکات و ئەو تەنیا پیاوەتی کردوە.

یەکێکی دی لە نزیکەکانی جەواد کە بە فێڵ و بۆ چەواشەکردنی دەروروەبەر وای نیشان دەدا باری دەرونی باش نیە و ڕاستیەکەشی دەڵێن ڕەنگی پەڕیوە، بێجگەلەوەی پەتۆ، 700 هەزار دۆلاری کڕین و فرۆشتنی خانو کە هی چەند کەسێکە قەرزدارە.

دەپرسم باشە ئەگەر بڕیار وابێ ڕۆژنامەنوسێکی دەربار زەمینەی هەموو ئەو گەندەڵیەی هەبێ ئەی باشە وەزیرێک و مەکتەب سیاسیەک دەبێ چۆن و بە چ ناوێکەوە قوتی خەڵک بخۆن؟

